# یادگارەکانی قەلەڕەشێک

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

***

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# یادگارەکانی قەلەڕەشێک

کۆمەڵە چیرۆکێکی بیانی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە

**شێرزاد حەسەن**

ناوی کتێب: یادگارەکانی قەلەڕەشێك – کۆمەڵە چیرۆکێکی بیانییە
وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: شێرزاد حەسەن
بڵاوکراوەی ئاراس – ژمارە: ٦٧٩
پیت لێدان: هۆشەنگ حەمەدەمین + سەهەند سەرتیپ
هەڵەگری: فەرهاد ئەکبەری + شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە : سەنگەر عەبدولقادر عوسمان
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠٠٧
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (١١٤٩)ی ساڵی ٢٠٠٧ی دراوەتێ

# بەرکوڵ

ئەم چیرۆکانەی لەم کتێبەدا دەیانخوێنیتەوە بە شەو و ڕۆژێك نەکراون بە کوردی، دەتوانم بڵێم بەدرێژایی (٣٠) ساڵ و دوای خوێندنەوەی چەندەها کۆمەڵە چیرۆك هەڵمبژاردوون، نەك لەبەرئەوەی، جاروبار، چیرۆك دەنووسم، بەڵکو لەبەرئەوە کردوومن بەکوردی چونکە خۆم تامم لێ کردوون، هەر یەکێ لەم چیرۆکانە گۆشەیەکە لە ژیان چ جوان و چ ناشیرین، لەگەڵ بۆچوون و ڕوانینی جیاوازی نووسەرەکان، چیرۆکیش دوو ئامانجی سەرەکی هەیە، یەکەمیان: ڕاستییەکی ئەم بوون و بوونەوەرەمان دەخاتە بەرچاو، لەوانەیە ئەو ڕاستییە شاراوە و نهێنی بێ، چیرۆکیش بە تەنیا بەسەرهات و سەرگوزشتە نییە... بەڵکو شۆڕبوونەوەیەکە بەرەو ناخ، چیرۆك پارچە مۆسیقایەکی دڵفرێنە، تابلۆیەکی نازدارە، پڕە لە گەوهەری کۆمەڵایەتی و فەلسەفی و سایکۆلۆژی و ئەخلاقی. دووەمیشیان ئەوەیە: چیرۆك دەبێ تام و لەزەتێکی زۆرمان پێ ببەخشی گەر وا نەبێ. ڕاپۆرتی نووسەرێکی ورد و زیرەك لە چیرۆك چاکتر دەبێ. کەواتە چیرۆك هونەرێکی بە بەهاو مەزنە، باوی ئەمەش نەماوە داوای ئەوە بکەی کە پاڵەوانەکان دەبێ هەمیشە ئیجابی بن. دەوروبەری نارێك پاڵەوانی سەلبی دەخولقێنی، ئەم قەوانە زۆر کۆن بووە... هەر ئەو کەسانەش ئەم قسەیە دووبارە دەکەنەوە کە ڕۆشنبیرییەکەیان هی ساڵانی ١٩٢٠– ١٩٣٠ییە. هیوادارم لەم بوارەدا شتێکی بەکەڵك و جوانم کردبی ئێستاش ئێوە و چیرۆکەکان.

# فرمێسکەکانی پەپوو

چیرۆکی: ڤاسیلی شوکشین

هەردووکیان بەسەر گالیسکەکەوە نووسابوون کە بە قەراغی دارستانەکە ڕێگەی دەبڕی، بە ڕێگەیەکی خۆڵاوی و پڕ لە تەپوتۆز غل دەبووەوە، کە بەر ڕەگ و ڕیشاڵی گریٚ گرێی سەر ئەو ڕێگەیە دەکەوت، هەڵدەبەزییەوە، تەقەی ئاسنێك لە ئەکسلی پێشەوە بەرز دەبۆوە.

خۆریش ماڵئاوایی لە دونیا دەکرد، بەڵام هەواکەی هێشتا گەرم وشێدار بوو، هەواکەش زیاتر بە بۆنی خۆڵەکەو کەتیرەی درەختەکان و گژوگیا و فریزەکە قورس بووبوو.

تەنیا دوو کەس بەسەر گالیسکەکەوە دیار بوون: (پیاو و ژنێك، تاڕادەیەك هەردووکیان لە یەك تەمەندا)، بەرەو سیی ساڵی دەخزین. ژنەکە لە پێشەوە و لەسەر کورسییە ئاسنینەکە دانیشتووە و گالیسکەکە لیٚ دەخوڕیٚ. پیاوەکەش لەسەر کۆمەکی گیا سەوزەکە و لەدواوەی ئافرەتەکەو لەسەر گازی پشت لێی ڕاکشاوە، ڕووەو بەرزاییی ئاسمانی شین و بیٚ هەور دەڕوانیٚ و خەریکی جگەرەکێشانە.

هیچ کامێکیان دەنگی لێوە نایەت.

ئافرەتەکە سەری خۆی بۆ ڕاگیر ناکریٚ و لار بووەتەوە، دەم نا دەمێکیش بە سەرە سمی بووتەکەی لە جڵەوەکە دەدا. ئەمیش بیر لە شتێك دەکاتەوە.

ماوەی دوو سەعات دەبیٚ وێستگەکەیان بەجیٚ هێشتووە، بەیەکەوە باسی ئەم دەروربەرو هەرێمەیان کرد، شتیٚ لێرەو شتیٚ، لەویٚ ئێساش هەردوو بێدەنگ بوونەتەوە.

ئەسپە خەساوە ڕەنگ خورماییيەکەش بە نەزم و ئیقاعەوە ڕاستان و

چەپانی بەیەکەوە دەهاویشت، مشەمشەکەی زەنگوڵەی لالغاوەی دەخستە زرنگە. تاو تاویکیش ئافرەتەکە بە تەمبەڵییەوە یاری بە جڵەوەکە دەکرد و دەیوت: «پەلەکە... ئەوە دەخەویت؟»

ئەسپەکەش ملێکی بۆ دواوە دەسووڕاند و سەیری دەکرد، چاوە وەنەوشەییەکانی تێك دەسووڕان و گوێچکەی قوت و قولاغ دەکرا، بەلام هەرگیز لەوە زیاتر پەلەی نەبوو، ئافرەتەکەش سەرێکی خوار کردەوەو نووکی پێلاوەکەی گەیاندە جڵەوەکە، گالیسکەکە ڕێی گۆڕی و خوار بووەوە، ئافرەتەکەش هەردوو دەستی توند بەلاتەنیشتەکانی گالیسکەکەوە گیر کرد، کەمێکیش بۆناوەوەو بەپشتدا کەوت، بلووزە سپییەکە پتر بە شانەکانییەوە نووسا. پیاوەکەش سەر بەرز دەکاتەوەو بە نیگایەکی تیژ و سۆزێکی گەرمەوە تێر سەیری ئافرەتەکەی دەکا، سەیری ئەو لاملە ڕێك و پڕە، لوول و قەف و پێچی قژە تەنك و قاوەییەکەی دەور و پشتی گوێی، پاشان دووبارە مژ لە جگەرەکەی دەداو ڕووەو بەرزایی ئاسمان دەڕوانێ.

لە ئاسمانەوەش پۆل پۆل قومری قەتارەیان بەستبوو، جووکەو جریوەیان دەڕژایە سەر زەوی، گزەگزی ناخۆشی زیك زیکەش هەوا گەرم و شێدارەکەی تەنیبوو، ئەو دەشتودەرە، هەموو شوێنێ، دارستان. کێڵگە، کپ و هێمن بوون، هەموو شتێك کەوتبووە ژێر باری سستییەکی لەزەت بەخش.

کابرا هەستایەوە و قینگە جگەرەکەی فڕێ دایە سەر ڕێگاکەو یەکێکی دیکەی داگیرساند. لە ئافرەتەکەی پرسی: «ئەوە بیر لە چی دەکەیتەوە؟»

ژنەکە لەسەرخۆ وەلامی دایەوە:

«هیچ... شتێکی وانییە». هێشتا بە بووتەکەی یاریی بە جڵەوەکە دەکرد.

کابرا کاکۆڵێك لە قژە تەنکەکەی لەسەر تەوێڵی پان و بەرزی لادا، هەڵسایەوە و خزایە تەنیشت ئافرەتەکە، ئەمیش تەنیشتاوتەنیشت سەیرێکی پیاوەکەی کرد.

چاوەکانی بێگەرد و خۆڵەمێشی بوون.

«ئیمڕۆ هەر گەرم بوو، هەرگیز نەمزانیوە گەرمای وا لە –سیبریا– هەبووبێ».

ئافرەتەکە پێی وت: «نا، جارجارە ڕوومان تێ دەکا».

پیاوەکە مژێکی قووڵی لە جگەرەکە دا.

تۆزێ دووکەڵی تەنك و شین بەسەر سەرییەوە پەرت و بڵاو بووەوە و ڕەوییەوە.

«تۆ بۆ ئەوە هاتبوویتە ئەو وێستگەیە خەڵك هەڵبگریت؟»

ڕووی بۆ پیاوەکە وەرسووڕاند و وتی: «نەخێر... من چاوەڕێی ئافرەتێك بووم، لای خۆمان پزیشکە، کەچی نەهات»

پیاوەکە بەپەلە چاوەکانی خۆی لە ئافرەتەکە شاردەوە، دوای تۆزێ خۆی لێ ڕاکێشایەوە و بەسۆزێکەوە وتی: «بەڕاستی ئێرە خۆش و دڵگیرە... ئای کە خۆشە.» «ڕاست دەکەی لە خۆش دەچێ».

ئافرەتەکە زۆر بەهاکەزایی قسەی پیاوەکەی پەسند کرد و ڕوانینەکانی بەسەر پانتاییی کێڵگەکەدا هەڵفڕین. پیاوەکە بەدەم خەندەوە وتی: «وا هەست دەکەم ئێوە لێرە وەرس بن... وانییە؟»

«بەگوێرەی... وا هەست ناکەین... بۆ دەبێ وەڕس بین؟».

«مەبەستتە بڵێی هەرگیز وەڕس نابم».

هێشتا زەردە لەسەر لێوی کابرا نەکوژابووەوە، ئافرەتەکە هەردوو شانی گۆشتن و کەوانەییی هەڵتەکاند و وتی: «نەخێر... وەڕس نابم».

«بەڕاستی؟»

ئافرەتەکە سەیرێکی کرد و بەسووکە پێکەنینێکی غەریبەوە دەمی کرایەوە، دووبارە بە بووتەکەی لە جڵەوەکەی دا.

پیاوەکە کتوپڕ لێی پرسی: «تۆ مێردت هەیە؟»

ئافرەتەکە سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد.

«نەخێر نیمە... بۆ؟»

«تەنیا حەزم کرد بپرسم... زانیم نیتە».

کە چاوە بێگەرد و خۆڵەمێشییەکانی کز کردن ئەو پەڕی ناز و جوانی تیا زان و لێوی تەڕوپڕو جوان و ئافرەتانەی بەنەرمییەوە بۆ هەردوو لای گۆشەی دەمی کشان.

«بەڵام بۆ پرسیت؟»

«نازانم بۆ... هەر لە خۆمەوە وام بۆهات. باشە لە یەکتری جیا بوونەتەوە؟»

«وابزانە جیا بووینەتەوە».

«لەبەر چی؟»

ئافرەتەکە ڕووی وەرگێڕاو حەزی نەکرد لەو باسە بدوێ، پاشان وتی:

«لەبەر هۆیەکی بەجێ».

«ئمم ...م ... هم...»، پیاوەکە دووبارە قژی لەسەر چاوی لاداو خستییە دواوە. «خۆی وایە... هەندێ جار».

بۆ ماوەیەك هەردووکیان بێدەنگ بوونەوە.

«ئەی ئێستا چۆنە؟» کابرا لێی پرسی.

«چی چۆنە؟»

«بەگشتی... تۆ چۆن دەڕوانیتە ژیان؟»

زەردەیەکی پڕ لەبێزاری لە لێوی باری و بێ ئەوەی سەیری پیاوەکە بکات. وتی: «ئێ... یانێ...» «ئێ... یانێ... هیچ بەدەستەوە نادا.» پیاوەکە پێکەنی و وتی: «ئێ و یانێ... یانێ هیچ».

«ئۆو.. خوایەکە!» ئافرەتەکە سەرێکی بۆ ڕاوەشاند و سەیری چاوانی پیاوەکەی کرد.

پیاوەکە لە پێکەنینەکە پچڕا، بۆماوەیەك هەردووکیان سەیری یەکدییان کرد، کابرا بەپەرۆشەوە و ئافرەتەکەش وەك سەرسام و دڵگیر بووبێت وا خۆی دەنواند. کتوپڕ هەردوو بەیەکەوە کەوتنەوە تریقەو پێکەنین. تیشکی پرشنگێکی گەرموگوڕ لە چاوە خۆڵە مێشییەکانی ئافرەتەکەدا پڕژا.

«هێی... ئەوە بە چی پێدەکەنیت؟ زوو کە پێم بڵێ... ئەم پێکەنینەت لەچییە؟»

پیاوەکە ئەمەی وت و بە پەنجەش ئیشارەتی بۆ ئافرەتەکە دەکرد، خۆشی بەزەوقەوە دەتریقایەوە.

«مێشوولەی پێکەنین خۆی خستە دەممەوە.» ڕووی وەرگێڕاو بەدەستە سرەکەی چاوەکانی سڕییەوە. دەنگی لێ گۆڕی و بەدڵەوە لە پیاوەکەی پرسی:

«تۆ بە چ نیازێکەوە هاتوویتە ئێرە؟ وەك نوێنەری لایەنێك هاتوویت؟»

پیاوەکە لەوە پەست و نیگەران بوو کە لە پێکەنین پچڕان. حەزی دەکرد تۆزێکی تریش بەیەکەوە لەسەر پێکەنینەکە بەردەوام بوونایە. کابرا وتی: «خۆم هونەرمەندم». پاشان تێهەڵچۆوەوە– «هاتووم ڕەسمی شتێ بکەم بۆنی ئەم ژیانەی لێ بێ... هەر شتێك».

ئافرەتەکە بەخۆشییەکەوە سەیری کرد.

«باشە؟» هونەرمەندەکە پرسیی.

«چوء... یانەکەی ئێمەش هونەرمەندێکی لێیە».

«کەواتە ئێوەش هونەرمەندتان لایە؟» هونەرمەندەکە هیچی تری بۆ نەهات بیڵێ سەبارەت بەو هونەرمەندەی لە یانەکەیانە، بۆیە سەری بۆ ڕاوەشاندو وتی: «هونەرمەند لێرە زۆرن».

«تۆ چی ڕەسم دەکەی؟»

«هەموو شتێك، تۆ... دەتوانم ڕەسمی تۆش بکەم... حەزی پێ دەکەی؟»

ئافرەتەکە بە زەردەخەنەیەك دەمی کرایەوە.

«من؟ وێنەی منت بۆچییە؟ ئێمە دیمەنی زۆر جوان و دڵگیرترمان هەن. لە دامێنی گوندەکەو نزیکی ڕووبارەکە دیمەنی وا جوان هەیە کە بەیانیان بۆ ئاو هێنان دەچم ناتوانم چاویان لێ بترووکێنم، خۆم هەندێ جار هەستم بەوە کردووە و خۆزگەم خواستووە بمتوانیایە ڕەسمیان بکەم».

«هەوڵی وات داوە؟»

«هووووو... هەقە بەیانییەك خۆت سەیری بکەی، بەیانییەکی زۆر زوو... ئەریّ پێم بڵێ وێنەکێشان بە فێربوونە یان خۆڕسکە؟»

«هەردووکیانە... بەڵام ماندووبوونی گەرەکە».

هونەرمەندەکە حەزی نەدەکرد لەم باسە بدوێ... بۆیە پێی وت:

«ئێ... ئیتر من حەزم لێیە گوێ لە بەسەرهات و ژیانی تۆ بگرم».

بازێکی دا و لە گالیسکەکە دابەزی... لە تەنیشتیەوە هەنگاوی دەنا. بەڕووی ئافرەتەکەو بەرەو بەرزایی زەردەخەنەیەك هەڵفڕی.

«ئێی؟ ئەمە چ جۆرە ژیانێکە لەم بەهەشتەدا بەسەری دەبەی؟»

هەردوو باڵی بڵاو کردەوە و سەیرێکی دەوروپشتی خۆی کرد.

ئافرەتەکەش بەڕووی پیاوەکەوە هەمان زەردە گرتی و وتی:

«ژیانێك تا بڵێی ڕەنگین».

پیاوەکە هەناسەیەکی قووڵی هەڵمژی و هەر بەڕاکردن لە ڕێگاکە دوور کەوتەوە، چەند گوڵێکی تازەو تۆزاویی لێ کردەوە، دوایی خۆی گەیاندەوە گالیسکەکە و هەموویانی پێشکەشی ئافرەتەکە کرد. ئەویش بەوپەڕی ڕەزامەندی و خۆشییەوە لێی وەرگرت.

«بەم گوڵانە دەڵێن –فرمێسکەکانی کوکوختی–» ئافرەتەکە ئەمەی وت و زۆریش لەسەرخۆ چەپکێکی خنجیلانەی لەم گوڵانە بەست.

«ئەم باڵندەیە بێ هێلانەیە... بۆیە هەردەم فرمێسك دەبارێنێ، هەر فرمێسکێکیش کە دەڕژێ گوڵێك لە جێی ئەو فرمێسکە سەر دەردێنی».

«حەز بەم گوڵانە دەکەی؟» هونەرمەندەکە ئەمەی وت و خۆی هەڵدایە سەر گالیسکەکە و دەستێکی بەر ئەژنۆی خڕی ئافرەتەکە کەوت و بە نیگایەکی خێرا تێی ڕوانی. ئەمیش کراسەکەی بەسەر ئەژنۆدا داکشاند و کەشکە ئەژنۆی شاردەوە... سەرقاڵی بەستنی چەپکە گوڵەکە بوو. بۆ ساتێك وێنەی....

ئافرەتێك خەياڵی هونەرمەندەكەی داگیر كرد: ئافرەتێك هەموو گیانی هێز و هێمنی و جوانی بێ، چەپكێ گوڵی زەرد و ژاكاو ببەستی. خەم و دڵتەنگی بنوێنێ – گوڵە فرمێسكی پەپوو، وەلێ شەپۆڵی هەستێكی سەیر و بەهێز تەواو دایگرت و وێنەكەی ڕامالی، كتوپڕ هەستی كرد دونیا فانی و كەمخایەن و بەسەرچووە... بەڕادەیەك هەموو هەست و هۆشی خرۆشاند.

«باشە ژیان چییە؟» بەدەنگی بەرز قسەی دەكرد – «وا زوو بەسەر دەچێ... ڕۆژێك دێ و كۆتاییی پێ بێ... ئەو كاتیش هەموو شتێك تەواو دەبێ و نامێنێ.» سەیرێكی ئافرەتەكەی كرد و چاوەڕێ بوو تێی بگا «مادامەكێ دەژین هەقە شتێ بە شتێ بكەین...» چاوەكانی ترووكاند و قسەكانیشی لە وڕێنە دەچوون و زۆر سادە و ساكار دەهاتنە بەرگوێ.

«بەڵام ئاخ... ئەمەیان چ دۆزەخێكە... تۆ تێم ناگەی؟ گوناهی خۆمانە... بەڵام چ كەڵكی هەیە... چی لێوە فێر دەبین؟ بەدرێژایی ئەم ژیانە خۆمان بە قورگەوە هەڵواسیوە...! هەر خۆمان بەیەكدی دەڵێین چاكین... خاسین، بەڵام وەرە سەر هەڵبڕەو سەیری ئەم دونیایە بكە – ئەم دارستانە، ئەم هەرد و شیوە، ئاسمان... هەر دەڵێی لەتاو سۆزی خۆیان دەناڵێنن... ئۆف خوایە... ئەو هەموو جوانییە چییە... هەموویان هاوار دەكەن و پێمان دەڵێن، پێویستە یەكدیمان خۆش بوێ... ئەوەش گەوهەری هەموو شتێكە... خۆشەویستی... هەموو شتێكە... ئەوی تر هەمووی بێ مانا و هیچە».

هەروەك بڵێی لەگەڵ یەكێك بدوێ، زۆر بەدڵ دەدوا، دەست و باسكی ڕادەوەشاند، بەردەوامیش چاوی لە ئافرەتەكە نەدەتروكاند و هەر سەیری دەكرد... چاوەڕێی شتێكی لێ دەكرد، ئافرەتەكەش بەدڵ و گیان گوێی بۆ شل كردبوو، حەزی دەكرد لە زمانی تێ بگا... دەستێكی خستە سەر قۆڵی ئافرەتەكە و وتی:

«بۆ وا سەیرم دەكەی؟ بۆ چ تێم ناگەی؟» دەستی بەسەر شان و ملی نەرمی ئافرەتەكەدا خشاند و هەوڵی دا لێی نزیك بێتەوە، بەرەو لای خۆی ڕایكێشا.

ئافرەتەکەش کتوپڕ خۆی لەدەست پیاوەکە ڕاپسکاند و سەیرێکی کرد... شڵەژاو بەساردییەوە سەیری دوو چاوی کرد، وەك کەسێك شەپازللەیەك بە دەمیا بکێشن، بەدەنگێکی کەرخ و شپرزەوە ئافرەتەکە وتی: «تێت دەگەم...» ڕووی وەرگێڕا. هونەرمەندەکە وا بەپەلە دەستی کێشایەوە هەروەك بڵێی بەر ئاگر کەوتبێ – شێواوانە زەردە گرتی: «ئۆو... ئێمە واین.» بێ ئەوەی ورتە بکا چاوی تێ بڕیبوو... پاشان بەدڵگرانییەوە وتی:

«ئێمە ئەم ژیانە کورتە هەر بەسەر دەبەین، دواییش تەواو دەبین، ئەوەشیان سەرەتا و کۆتاییە... هەر چۆنێك بێ... ئەمانە هەمووی بە جەهەننەم.» کە ئەمەی وت دیار بوو تەواوێ پەست و تووڕە بووبوو، قاچەکانی بەرز کردەوە و خزایەوە ناو گالیسکەکە، ڕاکشایەوە – دەم و چاوی لە بۆن و بەرامی گژوگیاکە نقوم کرد، بۆ ماوەیەکی تریش هەروا بێ دەنگ مانەوە و ڕێگەیان دەبڕی.

پێچکەکانی پێشەوە جیرەیان لێ هەڵسا. ئەسپەکە مرخەیەکی بۆکرد، هەرچی مەل و باڵندەی دارستانەکە هەبوون... دەیانچریکاند، ئەو دارستانەی کەوتبووە ژێر ڕەنگ و ڕووناکیی خۆری نزم کەوتووی ئاوابوون. خۆریش وەك شتێکی مەزن و پرشنگدار ڕێگەی خۆی دەکردەوە... بەنەرمی پێی دەنا بەسەر گژوگیای سەر زەمین.

ئافرەتەکە یەك دوو جار ئاوڕی لە پیاوەکە دایەوە. هێشتا مت و بێدەنگ ڕاکشابوو. هەردوو شانی ڕێك و تەختی زۆر جوان لەسەر پانتاییی پشتی چەسپیبوون کە لەژێر کراسی ئاوریشمینی بە بەها زەق و زۆپ دیار بوون.

دەمارە شینەکەی لاتەنیشتی برۆی توند لێی دەدا.

«ئەرێ سەعات چەندە؟» ئافرەتەکە لێی پرسی. پیاوەکە هەستایەوە و بەدرێژاییی ڕێگاکەی بەردەمی هەڵیڕوانی بەهێمنییەوە وتی:

«تۆ... هەقە لێم ببووریت... ئەو هەموو شتانەی ئێستا وتم – کە بیریان لێ دەکەمەوە هەست بە بێزەوەرییەك دەکەم.» خۆی گرژ کرد و قەرەوێتەکەی شل کردەوە، سەیرێکی ئافرەتەکەی کرد... ئەمیش سەیری پیاوەکەی کرد، چاوی

نەدەترووکاند... وەك بڵێی بیخوێنێتەوە..

پاشان ئافرەتەکە پێی وت: «دەی گوێی مەدەرێ.» هەردوو گۆشەی لالێوەکانی بە گاڵتە و نازێکەوە لەرزاند، بەڵام زۆر دۆستانە و دوور لە نیازی پیس بە زەردەخەنەیەکەوە پێی وت:

«ئەم دارستانە... ئەم دەشتودەرو کێڵگەیە فریویان دای... تۆیان وروژاند... وانییە؟»

پیاوەکەش شپرزەو شەرمنانە هەمان زەردەخەنە گرتی:

«وەك فەرمووت... کتوپڕ ئەم حیکمەتە بەسەرما داباری و جوولاندمی.» دەستێکی بەدەم و چاوی خۆیدا هێنا.

«وا هەست دەکەم نانێکی دزراوم خواردووە».

«ئەوەندە لەسەری مەڕۆ و وازی لێ بێنە.. ئێوەی نێرینە کە عەقڵ و هۆشتان بەدەستەوە دەدەن... هەمووتان یەك حیسابن...!»

هونەرمەندەکە قوتووی جگەرەکەی دەرهێنا و جگەرەیەکی داگیرساند. هەردوو باسکی درێژی لە قاچە درێژ و باریکەکانی خۆیەوە ئالاند... سەرسام و بێ هێز و دڵتەنگ کەوتە نێو دونیای خەیاڵ و بیرکردنەوە.

«هەموومان؟»

«جا وا نییە؟»

«بێگومان نەخێر... هەموومان وا نین. ئەم ڕێگەیە زۆری ماوە؟»

«نزیکەی دوو کیلۆمەتر».

«نەخێر... پیاو هەموو وەك یەك نین... هەق نییە وامان پێ بڵێیت...!»

ئافرەتەکە وەڵامی نەدایەوە.

بەدارستانەکەدا تێ پەڕین و جێیان هێشت، کەوتنە سەرئەو ڕێگەیەی کێڵگەکەی دوو بەر دەبڕی.

ئێواره  داهات، ئێوارەیەکی هێمن و خامۆش... خەمێکی تەنك و شیرینی خەیاڵ ئامێز هەموو زەویی گرته باوەش. دوو کەویش کەوتنه قاسپه قاسپ.

پیاوەکەش کەوته جگەرەکێشان له تەنیشتەوه سەیری دەموچاوی پاك و بێگەردی ئافرەتەکەی دەکرد.

«تۆ ئافرەتێکی جوان و ڕێکوپێکیت». زۆر کتوپڕ و لەسەرخۆ ئەمەی وت و لێی پرسی:

«ناوت بەخێر؟»

«نینا...!»

«نینا... تۆ زۆر شۆخیت».

«هووووو...» بێ ئەوەی ڕوو له کابرا بکا... بەشێوەیەك سەری هەڵبڕی... شێوەیەك پڕ له شەرم و خۆشی بێ... خۆشییەکی هێمن و کپ... خۆشییەکی له بیر نەچووی ساڵانی تازه و ئێستای.

«ڕۆژێ دێ تۆش بخەمه ناو تابلۆیەکم.»

«چۆن... مەبەستت؟» نینا ڕووی بۆ وەرسووڕاند، دوایی بەپەله ڕووی لێ وەرگێڕا.

«ئێ... یانێ شتێك پەیوەندی به تۆوه بێ... تابلۆکەشم ناو دەنێم –فرمێسکەکانی پەپوو–»

«جوانه...!» نینا توانیی ئەم وشەیه بڵێ و بەس... بۆ ماوەیەکی تر هەردووکیان بێدەنگ بوونەوه.

نینا لێی پرسی:

«ئەی تۆ ناوت چییه؟»

«سێرگی».

«ئەی نیازت وایه له کوێ بمێنیتەوه؟»

«نـازانم...»

«دەتوانیت لای ئێمەی بیت، ژوورمـان زۆرە، تەنیا خۆم و دایکمین، نیوەی مـاڵەکە چۆڵە، زۆریش نزیك ڕووبـارەکەین».

سێرگی یەکسەر وەڵامی نەدایەوە.

«زۆر چاکە... ئەریٚ بەڕاست... هەستم بریندار نەکردووی؟»

«ئۆو... دە واز لەوە بێنە و... تەواو. شتێکی جوانە هەست بە شەرم دەکەی».

خۆی بۆ پێشەوە برد و بەجڵەوەکە سووکێ لە ئەسپەکەی دا.

گالیسکەکە بۆ پێشەوە تەکانێکی دا و بەهەردوو لادا هەژا... بە تەقەتەق و جیڕ و هوڕەوە ڕێگەکەی دەبڕی.

«نینا... » هونەرمەندەکە بە ناوی خۆی بانگی کرد.

«فەرموو..» بێ ئەوەی ڕووی بۆ وەرسووڕێنێ.

«خۆ بریندار نەبوویت؟»

«ئۆو... دە گوێی مەدەرێ... ئەوە ناهێنێ خۆمانی پێوە سەغڵەت بکەین... بـا ئەم بـاسە بەلاوە نێین. ئا ئەوەتا گەیشتینە – بیریۆزۆڤگا– ی خۆمـان».

«گـونـدەکـە وەك بـەژێر تـەمـدا کـەوتـبێ لە پێشەوە بـەدەرکـەوت، سەربـانی مـاڵەکان لەژێر ڕەنگی ئەرخەوانیی خۆرەتاوی زەردەپەڕدا مەلەیان دەکرد. لەنێو گوڵەگەنمە زەردەکاندا کتومت لەوە دەچوو خانووەکان لەسەرخۆ و بێ گڕ بسووتێن و دامرکێنەوە.

«تۆ دەتوانیت ئێوارەیەکی وا ڕەسم کەیت؟» نینا لێی پرسی – «سەیرکە چەندە جوان و دڵگیرە...!»

«ڕاست دەکەی». هونەرمەندەکە بەهێمنییەوە ئەمەی وت و کەمێك بێدەنگ بوو... دیسانەوە تێ هەڵچووەوە وتی:

«ڕاست دەکەی.. وایە».

خۆی... واش بوو.

**ڤاسیلی شوکشین کێیە؟**

* ئەکتەرێکی بلیمەتی سینەمایە، دەرهێنەرێکی ناوداریشە، جگە لەو شوێنەوارە دیارەی کە لە دونیای نووسیندا هەیەتی ڤاسیلی شوکشین (١٩٢٩–١٩٧٤) لە هەر بوارێکدا خۆی تاقی کردبێتەوە جێی سوپاس و ئافەرینی خەڵکی بووە، لە هەمووشیاندا هۆشیار و کارزان بووە. شتێکی ئەوەندە ئاسان نییە. بڕیاری ئەوە بدرێ ئەم هونەرمەندە لە چییەوە ناو و ناوبانگی بەم بەربڵاوییە دەرکرد، چیرۆك و فیلمەکانی، وەك ئەکتەر و دەرهێنەر، لە ژیانی سەردەم دەدوێن، جگە لەو رۆمانە نەمرەی «ستێنکا ڕازین» پاڵەوانیەتی: کە یەکێ بوو لە پێشەوای جووتیارانی سەدەی حەڤدەم.

وەك چیرۆکنووسێکیش جێگەی گومان نییە. دەربارەی کەسانی سادە و ڕەمەکیی ناو کۆمەڵ زۆر دەزانێ...

مێشك پڕ و... گەنجینەیەکە لە کارەسات و ڕووداو و ئەفسانەی سەرچاوە میللییەکان.

لەم کتێبە وەرگیراوە:

I Want to Live
Vasily shukshin
Short Stories
Prgross Publishers, 1973
Second Pvinting 1978.
Moscow
p. 123 - 135

***

# دوا گەڵا

چیرۆکی: ئۆ. هێنری

لە ناوچەیەکی ڕۆژئاوای گۆڕەپانی –واشنتن–دا جادەکان زۆر شێتانە و بە پێچ و لوول دەیانبردیتەوە کۆڵانی تەسك و ترووسك و تەنگەبەر، ئا لەم شوێنەدا خانووەکان گۆشە و کەوانەی سەیریان تێ دەکەوت. شەقامێك یەك – دوو جار لەنێو قەدەوە خۆی دەبڕییەوە، ئا لەم شەقامەدا... جارێکیان وا ڕێك کەوتووە، هونەرمەندێك ژیان و گوزەرانێکی گونجاو بۆ خۆی دابین بکا، تۆ بڵێ: یەکێ بووە لەوانەی سەرمەستی کۆکردنەوەی بۆیە و تابلۆ و کاغەز و کانڤاس بوون، بەم کووچەو کۆڵانەدا هاتووە و چووە، لە گەڕانەوەیدا سەیری گیرفانی خۆی کردووە... بڵێی یەك «سێنت» چییە، لەسەر قەرزیش، نەچووەتە گیرفانییەوە.

جا دوایی... تێکڕای هونەرمەند و هونەردۆستان ڕووەو ئەم گەڕەکە کۆن و سەیر و دڵگیرە هاتوون و بووەتە قبیلەگایان، ناویش نراوە «گرینچ ڤیلچ» ئا بەم شێوەیە کۆمەڵ کۆمەڵ هاتوون و شەیدا و عەودالی ئەو پەنجەرانە بوون کە لەسەر تەدارەکی ناوچەکانی –باکوور– دروست کرابوون، جەمەڵۆن و سەربانە قووچەکانی سەدەی هەژدەمین، کولانەی هۆڵەندی بن ساپیتەکان، کرێی کەم، پاشان... هەر ئەم هونەرمەندانە لە «سکسث ئاڤینو»وە چەند مەسینەو قاپ و قاچاغێکی فافۆنیان هێناوە... بێجگە لە چەند لەگەنێکی بێ کەڵك، ئیتر ئەم ناوچەیان کردووە بە مەملەکەتی خۆیان و تیایدا حەواونەتەوە.

لە سەرووی باڵەخانەیەکی سێ نهۆمی نزمدا «جۆنسی» و «سوو» ستۆدیۆیەکیان بەکرێ گرتبوو، جۆنسی خان –جوانا– شیان پێ دەوت. یەکێکیان خەڵکی «مەین» و ئەوەی دیکەیان لە «کالیفۆرنیا»وە هاتبوو،

ئەم دوو کچە لە شەقامێکی «دێلمۆنیکۆ» و لەسەر مێزی چێشتخانەیەك ئاشنای یەکدی دەبن و... وەك دوو دەستەخوشك بەیەکەوە دەژین، لەزۆر شتدا هەمان زەوق و هەوەس و بۆچوونیان دەبێ، بیگرە هەر لە مەسەلەی هونەر و زەلاتەی گیا کێویلە و تا دەگاتە ئەنگوجکی قەشەئاسایان، ئەوەندە هاوتاو هاوڕازی یەکدی دەبن کە ناچار دەبن بەیەکەوە و لە هەمان ستۆدیۆدا بژین.

ئەو کەینوبەینە هەمووی لە مانگی بانەمەڕ–دا دەقەومێ. لە مانگی گەلاڕێزاندا میوانێکی سارد و سڕ، غەریب و نەناس، لەبەرچاوان ون و بزر... بە خشکەیی خۆی دەگەیەنێتە گەڕەکی ئەو هونەرمەندانە، پزیشکەکان ئەم غەریبەیان ناو نا ئاغای سیل «وەرەم» بەو دەست و پەنجە سارد و سڕانەی لێرە و لەوێ یەکە یەکە خەڵکی هەڵدەوەراند. لەبەری ڕۆژهەلاتدا... ئەو دزە وێرانکەرە گەلێ ئازایانە دەستی خۆی دەوەشاند، چوست و چالاکانە، بە بیست و سی کەوتە بڕاندنەوەی نێچیرەکانی، بەلام کە گەیشتە ناو کۆلانی تەنگەبەر و بە پێچ و لوولی ئەو گەڕەکە کۆنە هەنگاوەکانی قورستر بوون و لەسەرخۆ و هێدی هێدی ملی دەنا.

ئاغای «وەرەم» ئەوەندە پیاو و بەغیرەت و مەرد نەبوو، ئافرەتێکی وا وردو چکۆلانە و بێ گیانی وەك جۆنسی – یش کە بە ئاو و هەوای کالیفۆرنیا ڕاهاتبوو بۆ میوانێکی دەست ڕەش و هەناسەسوار و گەلحۆی وەك «وەرەم» گەمەیەکی زۆر سادە و سانا بوو، هات و دەستی خۆی لە جۆنسی وەشاند و یەك تەختە خستییە نێو پێخەف. لەسەر قەرەوێڵەیەکی بۆیە کراو ڕاکشا، مەگەر بەحاڵ، ئەگینا جووڵەی بۆ نەدەکرد، لە پەنجەرەیەکی هۆڵەندییانەی چکۆلانەوە هەمیشە سەیری دیوارێکی ڕووتی ئەوبەری دەکرد، دیواری ئەو خانووەی کە کەوتبووە بەرامبەر پەنجەرەکە.

بەیانییەکیان پزیشکێکی سەرقاڵ و برۆ چڕ و تۆزاوی هات و پاشان «سوو»ی بردە هەیوانەکە و پێی وت: «هیوای مانەوەی ئەم کچە، دەتوانین

بلێین، له –ده– یا یەکه، ئەمەی وت و تەرمۆمەترەکەی ڕاوەستاند تا جیوەکە بنیشێ.

پاشان وتی:

«ئەم هیوایەش بەوەوە بەندە گەر خۆی دڵی بە دونیا خۆش بێت و بیەوێ بژی. مەسەلەی هاودەنگی و دۆستایەتیی نێوان خەڵکیش گرنگە... وا دەکا هەوڵ و تەقەللای دەرمان سازەکان ببێ بە گاڵتە و فشقیاتێکی تەواو... ئەوە و چاودێرییش لەوێ بوەستێ. بەس لەوە دەچێ ئەم خانمە چکۆلانەی دۆستی تۆ بڕیاری کۆتاییی خۆی دابێ کە ئیتر بۆی نییە چاك بێتەوە. پێم بڵێ... ئەم کچە چ گرفتێکی هەیە؟» سوو وەڵامی دایەوە و وتی:

«ئەم– ئەم... تەنیا ئاواتێکی ئەوە بووە ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕەسمێکی «نۆکەندی ناپلس» بکا و بەس».

«ڕەسم؟ –قسەی قۆڕە...! چ شتێك هەیە کە بەڕاستی خەیاڵی ئەم کچەی تێك دابێ و... ئەوە بهێنێ و بیری لێ بکاتەوە – بۆ نموونە. پیاوێك؟»

«پیاو؟»

سوو ئەمەی وت و لەرەی دەنگی ئاوازی گیتار ئاسا زرینگایەوە.

«پیاو ئەوە بێنێ ... دکتۆر... شتی وا هەرگیز لە ئارادا نییە... هەرگیز»

دکتۆرەکەش پێی وت:

«ئێ... کەواتە مەسەلەکە بێ هێزی و لاوازییە، سەبارەت بەخۆم... ئەوەندەی لە توانامدا بێ درێغی ناکەم. بەڵام ئەگەر نەخۆشەکەم پێشبینیی پرسەی خۆی بکا و هیوای بە ژیان نەمێنێ...

دەتوانم بڵێم کاری دەرمان و دەرمانسازی لە سەدا پەنجا کورتی دێنێ. ئەگەر بتوانی وای لێ بکەی لە جلوبەرگی زستانە و لە پاڵتۆ بپرسێت... ئەوە من بەڵێنی تەواوت دەدەمێ کە نەك یەك و دە بەڵکو یەك و پێنج، هیوای ساغ بوونەوەیمان دەبێ و ئەم دەردەی لە کۆڵ دەبێتەوە».

دوای ئەوەی پزیشکەکە ڕۆیشت –سوو– چووە ژووری ستۆدیۆکە و دایە پرمەی گریان. پاشان بۆردی ڕەسمەکەی هەڵگرت و ڕووەو ژوورەکەی جۆنسی خشی و هەر بە فیکەلێدان کەوتە سەرمەستی ئاوازێکی ڕەسەنی قولەڕەشەکان.

جۆنسیی نەخۆش ڕاکشابوو، لەژێر پێخەفەکەیدا نەدەبزووت، ڕووبەڕووی پەنجەرەکە پاڵ کەوتبوو. سوو لە فیکەلێدان کەوت... وای بۆ دەچوو کە جۆنسی خەوی لێ کەوتبێ.

بۆردەکەی ئامادە کرد و هەر بە قەڵەمی مەرەکەب چەند سکێجێکی بۆ –گۆڤاری چیرۆکان– ڕەسم کرد. ئەوەیە: هونەرمەندە لاوەکان، هەمیشە، ڕەسم بۆ گۆڤارەکان دەکەن تا دەروازەی دونیای مەزنی هونەریان لێ بکرێتەوە، هەروەك چۆن نووسەرە گەنجەکانیش دەنووسن تا بتوانن ڕووەو دونیای ئەدەب هەنگاوێك بنێن.

لەو ساتەی کە سوو–سکێجی کاوبۆیەکی «ئیداهۆ»ی دەکرد، نیازی وا بوو پانتۆڵێکی جوان و چاوێلکەیەکی یەك شووشەییی بۆ زیاد بکا بە مەرجێ بۆ خۆپیشاندانی سوارئەسپان بشێ... ئا لەم ساتەدا چەند ورتەورتێکی نزمی  بیست کە بۆ چەند جارێك هاتەوە بەرگوێی. خێرا هەنگاوی نا گەیشتە تەك پێخەفەکەی جۆنسی.

چاوەکانی جۆنسی تا ئەوپەڕی زەق بووبوونەوە، لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە دونیای دەرەوە و کەوتبووە سەر ژماردن –ژماردنێکی ئاوەژوو.

ورتەیەکی لێوە هات و وتی «دوانزە» دوای تۆزێکی تر وتی «یازدە» پاشان «دە» و «نۆ» دوایی «هەشت» و «حەوت» هەر لەدوای یەك ئەم دوو ژمارەی لە دەم هاتە دەر.

سوو–ش لە پەنجەرەکەوە پەرۆشانە سەیرێکی دەرەوەی کرد. ئاخۆ چی بژمێرێ؟ لە گۆڕەپانێکی چۆڵ و ڕووت واوەتر هیچ دیار نییە. لەولاتریش، لە

دووریی بیست پێوە، لادیوارێکی ڕووتی خانوویەکی خشتە و هیچی تر. بەڵام تا ناوەڕاستی دیوارەکە بنە مێوێکی پیر وەك لاولاو هەڵکشابوو، بنە مێوێك کە لە ڕەگەوە ڕزیو و کرمێ بووبوو. هەناسەی ساردی پایزیش هێدی هێدی گەڵاکانی هەڵدەوەراند تا وای لێ هات لقەکانی وەك ئێسقان ڕووت و قووت شۆڕ بووبوونەوە... بەڕووی خشتە داڕووخاوەکانیشەوە نیشتبوون.

سوو لێی پرسی: «ڕۆحەکەم... ئەوە چیتە؟»

«شەش...» هەر بەچرپەوە ئەم ژمارەی لەزار هاتە دەر. «ئێستاش وا خێراتر هەڵدەوەرێن. سێ ڕۆژ لەمەوبەر سەدەهای پێوە مابوو... نەمدەتوانی بیانژمێرم... سەرم دەسووڕا. کەچی ئێستا ژماردنیان ئاسانتر بووە... ئەوە دانەیەکی تریش هەڵوەری. کەچی تەنیا پێنج دانەی پێوە ماوە و بەس».

«گیانەکەم... پێنجی چی؟ دە پێم بڵێ...»

«گەڵاکان... گەڵاکانی ئەو بنە مێوە. هەر کاتێ دوا گەڵای لێ هەڵوەرێ... منیش دەمرم... ئەوە سێ ڕۆژە من ئەم ڕاستییە دەزانم... ئەی دکتۆرەکە پێی نەوتیت؟».

«ئۆە... من هەرگیز قسەی وا پڕوپووچم نەبیستووە.! سوو ئەم وەڵامەی بە زمانێکی وا دایەوە کە ئەوپەڕی گلەیی و تووڕەیی و گاڵتە بنوێنێ، پێم ناڵێی گەڵانی بنەمێوێکی پیرو ڕزیو چ پەیوەندییەکی بە چاکبوونەوەی تۆوە هەیە؟ تۆ هەمیشە ئەم بنە مێوەت خۆش ویستووە، زۆریش... خووت شڕ بووە... بەسەو خۆت گێل مەکە. ئەم بەیانییە دکتۆرەکە خۆی پێی وتم کە تۆ چاك دەبیتەوە – با بەڕاستی قسەت لەگەڵ بکەم وتی: یەك و دە فەرقت کردووە ئەوەیش هیوایەکی گەورەمان دەخاتە دڵ، مرۆڤ کە لە شارێکی وەك نیویۆرك بژی و ناچار بێت سواری ئەم هەموو ترام و ئوتومۆبێلە بێت... یان بە تەنیشت ئەو هەموو باڵەخانانە گوزەر بکا کە تازە دروست دەکرێن: دەبێ

بەقەد تۆ هیوای بە ژیان بێ... هەر ئێستا تۆزێ شۆربات بۆ دێنم بیخۆی... لێم گەڕێ با بچمەوە سەر سکێچەکانم... بەڵکو ئەوە خوایە و شتێکم لە سەرنووسەریی گۆڤارەکە دەست بکەوێ تا بتوانم شەرابێکی پورتوگالی بۆ ئەم منداڵە نەخۆشەم بکڕم... لەگەڵ چەند کوتە گۆشتێکی بەراز بۆ خۆمی نەوسن و چلێس».

«نا... پێویست بە شەراب ناکا... مەیهێنەرەوە.» جۆنسی ئەمەی وت و چاوەکانیشی بەسەر پەنجەرەکەوە ڕوابوون... سەیری دەرەوەی دەکرد. «ئەوەتا گەڵایەکی دیکەش هەڵوەری. نەخێر... واز بێنە... شۆرباکەشم ناوێ... ئەوەتانێ تەنیا چوار گەڵای پێوە ماوە. بەرلەوەی تاریك دابێ... حەز دەکەم بە چاوی خۆم دوا گەڵا ببینم کە هەڵدەوەرێ... ئەوسا منیش دەمرم و... ماڵئاوا.»».

سوو بەسەریدا نووشتایەوە و پێی وت: «جۆنسی... گیانەکەم... بەڵێنی ئەوەم دەدەیتێ کە چاوەکانت بنووقێنی و لەم پەنجەرەیەوە چیتر سەیری دەرەوە نەکەی تا من لەم ڕەسمانە تەواو دەبم؟ ئاخر بەیانی ئەم سکێچانە بۆ خاوەنەکەی دەبەم. بەقوربان پێویستم بە ڕووناکی هەیە... ئەگەر بە گوێم نەکەی... پەردەکان دادەمەوە»».

کەچی سوو بەو پەڕی ساردییەوە لێی پرسی: «ناکرێ لە ژوورەکەی تر ئەم ڕەسمانە بکەی؟»

«ئاخر حەز دەکەم لای تۆ بمێنمەوە... بێجگە لەوەش... حەز ناکەم بەردەوام سەیری ئەم گەڵا هیچانە بکەی.» جۆنسی چاوەکانی داخست، سست و بێ گیان، ڕەنگی سپی هەڵگەڕا بوو، دەتوت پەیکەرێکە و لەسەر قەرەوێڵەکە کەوتووە... پاشان وتی: «کە تەواو بوویت پێم بڵێ... چونکە حەز بەوە دەکەم دوا گەڵای ببینم کە هەڵدەوەرێ. من... چاوەڕوانی پەکی خستووم. بیرکردنەوە هیلاکی کردووم. دەمەوێ دەست لە هەموو شتێك بشۆم... نامەوێ بژیم... حەز دەکەم وەك یەکێ لەم گەڵا بێ دەستەڵات و ماندووانە هەڵوەرێم و بمرم... سەرنگوم بم»».

سووش پێی وتەوە «هەوڵ دە بخەویت... هەتا لای پیرە «بێرمان» دەچم و

بانگی سەرەوەی دەکەم... دەمەوێ بیکەم بە مۆدێلی ئەو پیرە کانچییەی نیازمە وێنەی بکێشم... لە دەقیقەیەك پترم پێ ناچێ، نەجوولێیتەوە تا دێمەوە».

پیرە «بێرمان»ی هونەرمەند لە ژوورەکەی خوارەوە دەژیا... کەوتبووە ژێر ستۆدیۆی ئەو کچە. تەمەنی لە شەست سالّ تێپەڕیبوو... ڕیشێکی پڕ و لوول کە لەگەڵ سەروپرچی تێکەڵ بووبوو، ڕیشێکی وا کە کتومت لە ڕیشی پەیکەرەکەی مووسا پێغەمبەری «مایکل ئەنجیلۆ»ی دەکرد... ئەو قژە پڕەی قەف قەف بە کەللـە سەرێکـەوە نـووسا بـوو... کـەلـلـەسەرێك کـە نموونـەی شەهـوەت و هەوەسبازی و بەرەڵلایی بێ... بە بەژن و بالاّیەکدا دەهاتەوە خوار کە کتومت لە عفریتێکی چکۆلانە و زیانبەخش و گاڵتەجاڕ دەچوو. بێرمان لەنێو دونیای هونەردا بێ ئومێد و هەناسەسارد بوو. چل ساڵی ڕەبەق دەست و فڵچەی شەڕیان بووە بێ ئەوەی توانیبێتی هیچ بە هیچ بکا. هەمیشە خەونی بەوەوە دەدی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان تابلۆ مەزنەکەی پێشکەشی ئەو خەڵکە بکا. بەڵام لەگەڵ ئەو خەونە گەورەیەشی فڵچەی نەخستبووە سەر کانڤاس. بەدرێژاییی سالاّنێکی دووورودرێژ، هەر ساتە نا ساتێ، چەند ڕەسمێکی زەیتی شڕ و شێواوی بۆ بازرگـان و پڕۆپاگەنـدەناسەکان دەکرد... بەوەش نانی خۆی مسۆگەر دەکرد. جارجارەش دەبوو بە مۆدیلی ئەو هونەرمەندە لاوانەی گەڕەکەکە و لە بەرامبەریان دادەنیشت... کە لێ دەبوونەوە پارەیەکی کەمیان دەخستە دەستی پیرە بێرمان... هەڵبەتە ئەو گەنجانە نەیاندەتوانی پارەیەکی زۆر بدەنە ئەو کەسانەی مەسەلەی –بوون بەمۆدیل– بووبووە پیشەیان. زۆر بە بێ تامیش پێکە–جن–ی هەڵدەداو لە شاکارە مەزنەکەی داهاتووی خۆی دەدوا. بـەلاّم خـوا هـەڵـنـاگرێ پـیـرەمـێردێکـی چـکـۆلانـە و ئـازا بـوو... هـەر کەسێکیش: بەخۆی وتبا: من ناسکم... پیرەمێرد زۆر بەتوندی و دڵڕەقانە گاڵتەی پێ دەکرد و فشەی پێ دەهات، خۆی کردبووە پاسەوانێکی بێدار و وریای ئەو دوو شۆخە هونەرمەندەی کە لە ستۆدیۆکەی سەرەوە دەژیان... هەمیشە وەك سەگی شوانان دەیانی پاراست.

سوو بەنیازی دیتنی پیرە بێرمان چووە خوارێ و سەری بە کۆلانەکە داگرت... ئەوەندە ڕووناك نەبوو بەرچاوی خۆی ببینێ بۆنی جن و تووتڕکی لێوە دەهات. لە قوژبنێکی ستۆدیۆکەدا کانڤاسێکی سپی و پاك بەسەر سێپایەکەوە دیار بوو... ئەو کانڤاسە سپییەی سەر ئەو سێ پایەیە بۆ ماوەی بیست و پێنج ساڵی ڕەبەق چاوەڕێی یەکەم هێڵی شاکارە ڕەنگینەکەی پیرە بێرمان بوو، کەچی هەر لەوێ، پاك و سپی، چاوەڕوانی دەست و فڵچەی بێرمان ی- دەکرد، سوو خەیاڵ و ترسی جۆنسی بە پیرەمێرد ڕاگەیاند... بۆی باس کرد کە چەند دەترسێ و چەندیش باریك و بنێس بووە، زەندەقی لەوە چووە وەك گەڵای پایز سووك هەڵوەرێ، بێ هیوا و ئومێد... تۆزقاڵێ دڵی بە دونیا خۆش نەماوە... خەریکە دەست لە هەموو شتێ بەردا و بمرێ.

چاوەکانی پیرە بێرمان سوور هەڵگەڕان و پڕ بوون لە ئەسرین، بەوپەڕی ناڕەزایی و گاڵتەوە دەنگی هەڵبڕی و فشەی بەم خەیاڵەپووچە دەهات:

«هێی... سەیرە... لەم دونیایەدا خەڵکێکی ئەوەندە ساویلکە هەن بە کەوتنی گەڵای پیرە مێوێکی لەعنەتی دڵیان دادەخورپێ و وا دەزانن هەڵوەرینی گەڵایەك مەرگی ئەوانیش نزیك دەخاتەوە.؟ من هەرگیز گوێم لە شتی وا نەبووە، نەخێر... ئامادەش نیم بمکەی بە مۆدیلی ئەو پیرەکەرەی گوایە دەڵێی کانچییەکی خواپەرست و ڕەبەنە. پاشان... پێم ناڵێی چۆن لێ دەگەڕێی ئەم خەیاڵە پڕوپووچە بچێتە مێشکی ئەم کچەوە؟ ئای جۆنسیی خنجیلانە و بەستەزمان...!»

«ئێستا زۆر لاواز و نەخۆش بووە... گرانەتایەکی ئەوتۆی گرتووە وڕێنە دەکا. زۆر چاکە ئاغای بێرمان... ئەگەر ناتەوێ یارمەتیم بدەی پێویست ناکا... مەیە. بەڵام بەم چەشنە بێ... من وا هەست دەکەم کە تۆ پیرێکی چەپەڵیت... پیرێکی ئێسك گران و بەدخوویت».

«ئەوەیە... ئاخر تۆش هەر ئافرەتی». بێرمان دەنگی لێ هەڵبڕی کێ پێی وتیت نابم بە مۆدێل؟ پێشم کەوە... لەگەڵتا دێم. نیو سەعات دەمەوێ بڵێم

من ئامادەم لە بەرامبەرت دابنیشم و تۆش ڕەسمم بکەی. حاڵی بوویت... ئێرە شوێنێکی ئەوەندە پوخت نییە بۆ کچێکی ژیکەڵەو چاکی وەك جۆنسی بەنەخۆشی تیایدا بمێنێتەوە ڕۆژێ دێ خەونی عومرم بێنمە دی و تابلۆکەم تەواو بکەم... ئەوسا هەموومان بەیەکەوە ئێرە جێ دێڵین... ڕزگارمان دەبێ... بەڵێ هەر وا دەبێ...»

کە ئەوان بەیەکەوە چوونە سەرەوە، جۆنسی لە گەرمەی خەودا بوو. سوو دەڕابەی پشت پەنجەرەکەی دادایەوە، لەگەڵ پیرە بێرمان ڕووەو ژوورێکی دیکە خشین. لەوێ... بەوپەڕی ترسەوە لە پەنجەرەیەکی کراوە سەیری بنە مێوەکەیان دەکرد: پاشان بێ ئەوەی چرپەیان لێوە بێ لەیەکدی ڕامان. بارانێکی بێ وچانیش سەرمای دەهێناو دەباری، بەفر و بارانێکی تێکەڵ. بێرمان بەخۆ و بە کۆنە کراسێکی شینەوە لەسەر کتلییەکی سەرەونخوون دانیشت... هەروەك بڵێی کابرای کانچییە و لەسەر بەردێك دانیشتبێ.

دوای نووستنی سەعاتەوەختێ بەیانی دا «سوو» لە خەو هەڵسا، سەیرێکی جۆنسیی کرد لەو دەمەدا چاوە زەقەکانی ئەبڵەق بووبوون و سەیری پەردە سەوزەکەی دەکرد کە تا ئەو حەلە دادرابووەوە. بانگی لێ کرد و بە چرپە وتی:

«پەردەکە لادە... دەمەوێ سەیرێکی دەرەوە بکەم...»

سوو بەوپەڕی سستییەوە فەرمانەکەی بەجێ هێنا. بەڵام... سەیرە... بەدرێژایی ئەو شەوە لێزمەی باران و ڕەشەبای شێت نەسرەوتوون... لەگەڵ ئەو هەموو باووبۆران و زریانەش... ئەوەتا... هێشتا گەڵایەك بەڕووی ئەو دیوارەوە خۆی گرتووە، دوا گەڵای ئەو بنەمێوە... قنچکەکەی هەر سەوزە... کەچی لێوە مشارییەکانی زەرد هەڵگەڕابوون... زەردی ڕزین و لەناوچوون... کەچی لە بەرزاییی. بیست پێوە ئازایانە خۆی بە لقێکدا شۆڕ کردبووەوە.

جۆنسی وتی: «ئەمەیان دوا گەڵایە... وتم بەدرێژاییی ئەمشەو ئەم دوا گەڵایەش هەر هەڵدەوەرێ. گوێم لە گڤەی ڕەشەبا بوو. بەڵام بۆ کوێ

دەچێ... ئەویش هەر دەکەوێتە خوارێ... ئەوسا لەگەڵ کەوتنی گەڵاکە منیش لێ دەبمەوە و دەمرم.

«گیانەکەم... ڕۆحی... من...» سوو ئەوەی وت و ڕووە ماندووەکەی بەسەر بالیفەکەدا خوار کردەوە – «ئاخر دە تۆ کچی چاك بە و بیر لە من بکەرەوە... ئەگەر بیر لە خۆشت ناکەیتەوە... بەزەییت بەمندا بێتەوە. ئاخر بێ تۆ چی بکەم؟»

کەچی جۆنسی وەڵامی نەدایەوە، غەریب و دەگمەنترین شت ئەوەیە کە ڕۆحێك خۆی بۆ سەفەرێکی دوور و پڕ نهێنی ئامادە بکا، ترس و خەیاڵی مەرگ سەری لێ شێواندبوو... هەرچەند پتر دۆستایەتیی لەگەڵ ئەو خەڵك و خاکە کەمتر دەبووەوە... ئەوەندە زووتر خۆی بۆ سەفەرە ئەبەدییەکە ئامادە دەکرد. بەڵێ... هێدی هێدی پەیوەندییەکان دەپچڕان.

ئەو ڕۆژە، گران، تێ پەڕی، هەتا ئەو ساتەش دەیانتوانی لەژێر تەمی زەردەپەڕی ئەو ئێوارەیە دوا گەڵا بەدی بکەن، خۆی بە قنچکەکە و بە ڕووی دیوارەکەوە هەڵواسیبوو، کە شەویش داهات... دیسانەوە بای باکووری شێتانە هەڵی کرد و بارانەکەش بەخوڕ دەباری و دەیدا لەو تاقی پەنجەرە هۆڵەندییانە و لە هەموو لایەکەوەش باراناوەکەی پیا دەهاتە خوارێ.

کە گزنگی دا و دونیا ڕووناك بووەوە... جۆنسی زۆر دڵڕەقانە داوای ئەوەی کرد پەردەی پەنجەرەکەی بۆ لابەرن.

دوا گەڵا نەکەوتبوو، هێشتا وەکو خۆی مابووەوە، بۆ ماوەیەکی درێژ چاوی لەو گەڵایە نەترووکاند... پاشان بانگی سووی کرد کە لەو ساتەدا خەریکی تێکوەردانی فرووجاوەکەی سەر ئاگرەکە بوو. پاشان پێی وت:

«سوودی... من کچێکی خەراپ و بەدخوو بووم. هێزێکی پڕ لە نهێنی ئەم دوا گەڵایەی هێشتەوە تا بیسەلمێنێ من زۆر بلّح و بەدخوو بووم. گوناهێکی گەورەیە مرۆڤ حەز بە مردن بکا و بیخوازێ. ئێستا دەتوانیت هەندێ شۆربام بۆ بێنی... لەگەڵ کەمێ شیر... تۆزێ شەڕابی پورتوگالی بتکێنە ناو

... نا... وازبێنە... یەکەم جار ئاوێنەیەکم بۆ بێنە... یەك دوو سەرین بخە بەر پشتم... حەز دەکەم بەدانیشتنەوە سەیری تۆ بکەم کە خەریکی چێشت لێنانیت». دوای تۆزێ وتی:

«سوودی... بەئومێدم ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕەسمی نۆکەندی ناپلس بکەم.».

بۆ نیوەڕۆکەی دکتۆر هات و سەیری نەخۆشەکەی کرد، سوو بە بیانوویەکەوە کەوتە دوای دکتۆرەکە و لە هۆڵەکەدا گرتی... ئەمیش دەستە چکۆلانە و لەرزۆکەکانی « سوو»ی خستە ناو لەپی و پێی وت:

«تەواو... سەد دەر سەد چابوونەوەی مسۆگەرە. بەو خزمەت کردنە پوختە تۆ دەیبەیتەوە. لە خوارەوە نەخۆشێکی دیکەم هەیە و دەبێ بیبینم. بێرمان ناوێکە – گوایە دەڵێن: هونەرمەندە، ئەویش «سیل»یەتی. پیرو کەنەفتیشە و دەردەکەشی کوشندەیە لێی بێ ئومێدم... بەڵام ئیمڕۆ دەیبەنە نەخۆشخانە... بەڵکو لەوێ باشتر بێ.».

بۆ ڕۆژی دووەم دکتۆر هاتەوە و بە سووی وت: «تەواو... لە مەترسیدا نەما. سەرکەوتیت. لەمەودوا ئاگاداری خزمەت و خواردنی بەو... بەس.».

ئەو نیوەڕۆیە سوو لە پێخەفەکەی جۆنسی نزیك بووەوە، ئەویش بەوپەڕی ڕەزامەندییەوە شاڵێکی شین و بێ کەڵکی گرتبووە دەست و دەیچنی. سووش بە سەرینەکەوە جۆنسی گرتە باوەشی و باسکی تێ وەرینا و پێی وت:

«مشکە سپییەکەم... دەمەوێ نهێنییەکت لەلا بدرکێنم... ئیمڕۆ پیرە بێرمان لە نەخۆشخانەکە بە نەخۆشیی سیل مردووە، گوایە هەمووی دوو ڕۆژە تووشی ئەم نەخۆشییە بووە... کەچی دەرحاڵ برستی لێ بڕیوە. لە سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکەمدا دەرگاوانەکە سەری بە ژوورەکەیدا داگرتووە و دیویەتی سست و بێ گیان لە ژێر باری ئازاردا کڕ کەوتووە، پێڵاو و جلەکانیشی تەڕ بووبوون و لەو سەرمایەدا بەستبوویان. کەس نەیدەزانی لە شەوێکی وا ترسناك و تووشدا لە کوێ بووە، بۆ بەیانییەکەی چرایەکیان دۆزیبووەوە کە هێشتا نەکوژابووەوە... لەگەڵ پەیژەیەك کە لە شوێنی خۆی

گوێزرابووەوە، چەند فڵچەیەکیش لێرەو لەوێ کەوتبوون... لەگەڵ پالێتێك کە چەند پەڵە ڕەنگێکی زەرد و سەوزی بەسەرەوە تێکەڵ بووبوون، ئا... لە پەنجەرەکەوە سەیرێکی دەرەوە بکە... تا ئێستا لە خۆت نەپرسیوە بۆچی ئەم گەڵایە قەت ناشنێتەوە... بۆ ناجووڵێ... بەتایبەتی کە بایەکە هەڵی دەکا؟ ئاه... گیانەکەم ئەوەیە تابلۆ مەزنەکەی بێرمان...

دوا شاکاری تەمەن... ئەو شەوەی کە دوا گەڵای بنە مێوەکە هەڵوەری.. بێرمان ڕەسمی ئەم گەڵایەی کرد...!»

**ئۆ. هێنری کێیە؟**

لە ساڵی (**١٩١٠**)دا کە ئۆ. هێنری بە نەخۆشی سیل مرد، بەگەورەترین چیرۆکنووسی ئەمریکی دەژمێردرا، خەڵکێکی زۆر کورتە چیرۆکەکانی ئەم نووسەرەیان دەخوێندەوە. ژمارەی ئەو چیرۆکانەی لە هەشت ساڵی کۆتاییی تەمەنیدا نووسیبوونی گەیشتبووە –سێ سەد– کورتە چیرۆك... کەچی سەرنووسەری لاپەڕە ئەدەبییەکان و خەڵکیش زیاتریان لێ دەویست. تا ئیمڕۆش کە نیو سەدە تێپەڕیوە ناوی خۆی نەدۆڕاندووە. هەر کۆمەڵە چیرۆکێکی ئەمریکی چاپ بکرێ دەبێ بەدوو – سێ چیرۆکی ئۆ. هێنری برازێتەوە... «**دوا گەڵا**» و «دیاری مێیچای» نموونەی چاکی ئەم جۆرە چیرۆکانەن.

ناوی خۆی «ولیەم سیدنی پۆرتەر»ە و «ئۆ. هێنری»یش نازناویەتی، لە «گرینسبۆرۆ»ی باکوری «کارۆلینا» و لە ساڵی **١٨٦٢**دا لە دایك بووە.

لە پانزە ساڵییەوە وازی لە قوتابخانە هێناوە و لە دەرمانخانەکەی مامیدا بووە بە شاگرد... بەڵام هەرگیز وازی لە خوێندنەوەی کتێبان نەهێناوە. کە تەمەنی دەگاتە بیست ساڵان و لەبەر تەندروستییە ناپوختەکەی دەینێرنە «تێکساس» و لەوێ

دەبێ بەشوانکارە و جەڵەبچی. دوو ساڵیش لەوێ دەمێنێتەوە و دەبێ بەهاوڕێی گاوان و شوان و جەڵەبچی و قەساب و دزی مەڕ و بزنان... پاشان لە ساڵی ١٩٠٧دا ئەمانە دەبن بەپاڵەوانی چیرۆکەکانی کە لە دووتوێی کتێبێکدا لە ژێر ناوی «دڵی ڕۆژئاوا»دا چاپیان دەکا.

لە ساڵی ١٨٨٤دا ئۆ. هینری خۆی گەیاندە پۆستن -و -تێکساس... هەر لەوێ نیشتەجێ بوو، پاشان ژنی هێناو لە بانقێکدا کرا بە -کاتب- دوای چەند ساڵێك کەڵکی لەو سەردەمە وەرگرت و کەرەستەی چەند چیرۆکێکی لە لاخولقاند، هەر ئەوسا توانی چەند چیرۆکێکی کۆمیدی بۆ ڕۆژنامە و گۆڤارەکان بنووسێ. بەڵام لە ١٨٩٦دا کتوپڕ کارەساتێك ژیانی لێ شێواند و لە بانقەکە دەریان کرد چونکە حسێبی پارە و پوولەکانی بەردەستی کورتی هێنابوو.

هەرچەندە خۆی سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بێ گوناهـ بووە و هیچ فرۆفێڵێکی لە ژێر سەردا نەبووە، کەچی لە ترسانا بۆ ئەمریکای ناوەڕاست ڕای کرد. دوای شەش مانگ گەڕایەوە تێکساس: لەم کاتەدا ژنەکەی ئاوزینگی دەدا و دەمرد... بۆیە حەزی نەکرد بەجێی بێڵێ. هەر لەوێ گیرا و ناردیانە بەندیخانەی فیدرالی لە کۆڵەمبس «ئۆهیۆ»... پتر لە سێ ساڵیش لەو بەندیخانەیە مایەوە، لەوێش وازی لە چیرۆك نەهێنا و نازناوی «ئۆ. هێنری» بۆ خۆی هەڵبژارد کە ناوی یەکێ لە پاسەوانەکان بووە «ئۆرین هێنری» ئەگەرچی ئێستا ساغ بووەتەوە کە ئۆ. هێنری بێ گوناهـ بووە و پوولێکی لەو بانقە نەدزیوە... کەچی ئەو لەگەڵ ئەوەشدا ئازایانە و بێ گلەیی کردن لە بەختی خۆی ماوەی بەندیەتییەکەی بەسەر برد. هەر لەم

ئــەزمــوونــە تــاڵــەی خــۆیــەوە لــە هــەمــوو ئــەو كــارەسات و دەردەسەریــیــەی لــە ژیــانــیــدا دیــبــوونــی، هــەست و سۆزێكــی مرۆڤانەی لای دەخولقێ بۆ ئەو كەسانەی وەك خۆی بێ بەخت و چارەڕەش و نەگبەت بوون، ئەوانیش لە چیرۆكەكانی ڕەنگیان دایەوە.

لە ساڵی ١٩٠٢دا گەڕایەوە نیۆیۆرك، ئیتر لەوێ هەموو كاتێ خۆی بۆ نووسین تەرخان كرد، وای لێ هاتبوو لە مانگێكدا حەوت چیرۆكی دەنووسی. زۆر بەسۆز و تێگەیشتنەوە كەسانی سادەی كۆمەڵی دەكرد بەپاڵەوانی چیرۆكەكانی و چەند پلەیەك چیرۆكی ئەمریكی سەرخست. ئەنجام و كۆتایی چیرۆكەكانی مرۆڤ دەخاتە سەر دڵەكوتێ و هەمیشە بە سەرسووڕمان و زار داپچڕینەوە جێمان دێڵێ... چیرۆكی «دوا گەڵا» نموونەی ئەم ڕاستییەیە.

چل و هــەشت ساڵــی پــڕ لــە دەردەسەریــی بــەسەر بــرد، توانــیــی شاری نیۆیۆرك و خەڵكەكەی بەدونیا بناسێنێ... بەر لەوەی بمرێ دوا قسەی ئەوە بووە:

«پەردەكە لادەن تا نیۆیۆرك ببینم...!»

***

لە كتێبی:

O.Henry
Selected Stories
Progress Publishers
Moscow 1977 (80- 86)

***

# دایکێك

ژنە نووسەری ئیتاڵی

ناتالیا گنزبێرگ

دایکیان ئافرەتێکی وردیلە و باریك و لاوازە، هەردوو شانیشی کەمێ خڕ و کەوانەیین، هەمیشە کراسێکی شین و بلوزێکی خوریی سووربـاو لەبەر دەکا، قژێکی ڕەش و کورت و لوول، قەتیش ڕۆنی لێ نابڕێ، حەزیشی لێیە بژبێتەوە، هەموو ڕۆژێکیش برۆیەکانی هەڵدەگرێ، هەردوو برۆکانیشی دەبن بەدوو ماسیی ڕەش و بەتەوێڵ و لاجانگیدا دەکەونە مەلە، تۆزێکی زەردیش بەڕووی خۆیدا دەپژێنێ، هێشتا جحێڵە، بەڵام لە چ تەمەنێکدایە؟ ئەوە هیچیان نایزانن، بەس لە چاو دایکانی مناڵانی قوتابخانەکەیان، گەلێ گەنجتر دیارە، سەیریان پێ دەهات کە ئەو ژنانە ئەوەندە پیر و زرپە و قەڵەون.

دایکیان جگەرەیەکی زۆر دەکێشێ، پەنجەکانی بە دووکەڵ پیس و زەرد هەڵگەڕابوون، هەتا لە نێو پێخەفەکەشدا و بەر لەوەی بنوێ بەردەوام جگەرە دەکێشێ، هەرسێکیان بەیەك لێفەی زەرد و لەسەر یەك قەرەوێڵەی دوو کەسیدا بەیەکەوە دەنووستن، دایکیان دەکەوتە سەرپەڕی لای دەرگاکە، لەسەر مێزە نزیکەکەش لامپایەك دانراوە، تیشکێکی کز ژوورەکە ڕووناك دەکاتەوە، لامپاکەش بەقوماشێکی سوور تەنراوە، شەوانە، دایکیان، بۆ خوێندنەوە و جگەرەکێشان دادەنیشێ و خۆی دەگرخێنێ، هەندێ جار زۆر درەنگ دێتەوە، مناڵەکان لە خەو وەئاگا دێن و لێی دەپرسن... ئاخۆ تا ئێستا لە کوێ بووە: ئەویش هەمیشە هەر هەمان وەڵامی بەسەر دەمەوەیە:

«لە سینەما بووم!»

یان...

«لەگەڵ دەستە خوشکێکما بووم...!»

بەڵام ئەو ئافرەتە کێیە؟ نەیاندەزانی... چونکە هیچ ژنێك بۆ دیدەنی نەدەهاتە لای دایکیان، دوای تۆزێ دایکە داوای لە کوڕەکانی دەکرد ڕوو وەربگێڕن تا جلەکانی دابکەنێ، ورشەی داکەندنی کراسەکەیان دەبیست، سێبەرەکەش بەسەر دیوارەکەوە سەمای دەکرد، لە تەك هەردوو کوڕەکانییەوە دەخزایە نێو نوێنەکە، لەشێکی لاواز و باریکی نێو کراسێکی ئاوریشمینی سارد، ئەوانیش لێی وەدوور دەکەوتنەوە، چونکە هەمیشە داد و بێ دادی بوو لە دەستیان... لەسەر ئەوەی لێی نزیك دەبنەوە، پرتە و بۆڵەی نەدەبڕایەوە... گوایە دوای خەوتن بەر پێلەقەی دەدەن، هەندێ جاریش بۆ ئەوەی مناڵەکان خەویان لێ بکەوێ لامپاکەی دەکوژاندەوە، پاشان بۆ خۆی بەتەنیا لە نێو بێدەنگی و تاریکیدا دووکەڵی جگەرەی هەڵدەمژی.

دایکیان ئافرەتێکی پلە و پایەدار نییە، کەچی داپیرە و باپیرە و پوورە «کلێمێنتینا» یان کە ناو بەناو لە لادێوە دەهات و سەری لێ دەدان، کەستەنە و گەنمەشامی بۆ دەهێنان، ئەوانە هەرسێکیان سەنگین و بەنگین و شت لە دەست هاتوون... «دێومیرا»ی کارەکەریش شتی لە دەست دێ، «گیوڤانی» وەرەمداریش خاوەن ناو و دەنگی خۆیەتی و دەتوانێ کورسیی جوان لە دار حەیزەران دروست بکا، هەموویان لە چاوی ئەو دوو برایەوە کەسانی بەدەسەڵات و پایە بڵندن، ئەوان مرۆڤی ئەوەندە بەهێز و توانان کە جێی باوەڕ و متمانەن، دەتوانن بڵێن «ئا» و «نا»... دەست بۆ هەر کارێك ببەن لێی شارەزا و پسپۆڕن، هەمیشە هۆشمەند و بە ورە و وزەن، کەسانێکن... دەتوانن لە دز و ڕەشەباش بتپارێزن، کەچی خۆیان ئەوەندە ترسنۆکن... گەر دایکەش لە ماڵەوە بێ ... ئەوان هەر دەترسن، هەروەك بڵێی بەتەنیا بن، بۆ «ئا» و «نا»کەش قەت ئەو ئافرەتە ئازا و نەترسە نییە بتوانێ بڵێ: نەخێر یاخود بەڵێ، هەر ئەوەندە دەزانێ بەدەنگێکی پڕ لە بێزارییەوە بەسەریاندا بشیڕێنێ:

«ئەی هاوار... ئەم هاتوهاوارە بەسە، بیبڕنەوە، خەریکە مێشکم بتەقێ».

خۆ ئەگەریش داوای مۆڵەتیان لێ کردبا تا کارێك ئەنجام بدەن، ئەمە بکەن و ئەوە نەکەن... یەکسەر دەیوت:

«لە داپیرە بپرسن».

یا ئەوەتا یەکەم جار پێی دەوتن: نەخێر... دوایی: بەڵێ، دیسانەوە: نەخێر... ئەوسا سەری لە خۆی تێکدەدا و دەیکرد بەگەڕەلاوژە، کە لەگەڵ دایەش دەچوونە دەرەوە تووشی دڵەڕاوکێ و ڕاڕایی دەهاتن، ئارامیان لێ هەڵدەگیرا و ترسیان لێ دەنیشت... چونکە بەردەوام کووچە و کۆڵانەکانی لێ دەگۆڕا و ڕێی ون دەکرد، دواییش بۆ دەربازبوون و هاتنەوە سەر ڕێ دەبوایە لە پۆلیسێك بپرسێ، جگە لەوەش گاڵتەجاڕانە و بەترس و لەرزەوە بۆ کڕینی شتومەك هەڵی دەکوتایە سەر دووکانەکان، جاریش نەبوو لە دوکانێکا شت لە یاد نەکا و بەجێی نەهێڵێ، جارێ دەستکێش، جارێ جانتا، یا مل پێچەکەی... دوایی بە پەلە دەگەڕایەوە و دووکانەکانی دەپشکنی... مناڵەکانیش بەوە تەریق دەبوونەوە.

چەکمەجەکانی دایە زۆر ناڕێك و شپرێو بوون، شتەکانی بەو ناوەدا پەرت و بڵاو دەکردەوە، بەیانییان –دێومیرا– ماڵەکەی پاك دەکردەوە، ئەویش هەر دەیبۆڵاند بەدەستییەوە، بگرە داپیرەشی بانگ دەکرد تاو ئەو قیامەتە بەچاوی خۆی ببینێ، دواییش بەیەکەوە جلوبەرگ و گۆرەوی دڕاویان هەڵدەگرتەوە، بەیەکەوەش دونیایەك تۆز و خۆڵ و پیسییان ڕادەماڵی، سەر لە بەیانییان دایکە سەرێکی لە بازاڕ دەدا: دەگەڕایەوە و زەمبیلە تەلدارەکەی فڕێ دەدایە سەر مێزە مەڕمەڕییەکەی ناو مووبەق، بەپەلە پرووزێ دەردەپەڕی و سواری پاسکیلەکەی دەبوو... لەوێوە ڕووەو ئۆفیسەکە تێی دەتەقاند، پاشان– دێومیرا– سەیری شتەکانی ناو زەمبیلەکەی دەکرد، یەکە یەکە دەستی لە پرتەقاڵەکان دەدا، گۆشتەکەشی بەسەر دەکردەوە،

دیسانەوە دەکەوتەوە هاوار و فیغان، داپیرەی خۆی بانگ دەکرد تا بەچاوی خۆی ببینێ بەناوی گۆشتەوە چ چەرمەچەقاڵتەیەکی کڕیوە، دوای سەعات دوو دایە دەگەڕایەوە، ئەو کاتەی هەموو دەستیان لە خواردنەکە هەڵدەگرت، ئەویش بەپەلە نانەکەی دەخوارد، ڕۆژنامەیەکی دەگرت بەدەستەوە و تەواوێك لە چاویلکەکەی نزیك دەخستەوە، دیسانەوە جرتێکی دەکرد و خۆی هەڵدەدایە سەر پاسکیلەکە... دایەرە خۆت بگرە هاتم، وەختی نانی شێوانیش تەنها بۆ دەقیقەیەك مناڵەکان چاویان بەدایە دەکەوتەوە، چونکە زۆربەی جار خۆی لە ماڵەوە نەدەگرت و دەردەپەڕی، هەرچی نووسینەوە و دەرز و دەورێکیان هەبوایە لە ژووری نووستنەکە تەواویان دەکرد، وێنەیەکی گەورەکراوی باوکیان لەسەر ڕووی پێخەفەکەوە هەڵواسراوە، ڕیشێکی ڕەش و پڕ و درێژ، سەرێکی ڕووتاوە، بەخۆ و چاوێلکەیەکەوە کە چوارچێوەی لە ئێسکەپشتی کیسەڵ دروست کراوە، هەروەها وێنەیەکی دیکەش لەسەر مێزەکە دانراوە، ئەویش هەر وێنەی باوکیانە و کوڕە چکۆلانەکەی لە باوەش کردووە، کە بابە مرد ئەوان هەردوو زۆر ساوا بوون، هیچ شتێکیان دەربارەی ئەو پیاوە نایەتەوە یاد، بەڵام تا ڕادەیەك لە خەیاڵ و بیرەوەری کوڕە گەورەکەدا تارمایی نیوەڕۆیەکی زۆر دوور و بەسەرچوو بەدیار دەکەوت، لەو گوندە کە پوورە – کلێمێنتینا– دەژیا: ئەوساکە باوکی خستبوویە نێو عەرەبانەیەکی سەوز و بچکۆلە، بەنێو چیمەنەکە پاڵی پێوە دەنا، زەمانێ بوو بەسەرچوو، ڕۆژێ لەسەر دارە ڕایەڵ کراوەکانی بنمیچی خانووەکەی پووریێ هەندێ لەو پارچە شکاوانەی عەرەبانەکەی دۆزییەوە، گەلێ دڵی بەوە خۆش بوو کە دەسك ویلەکەی هەر بەتازەیی مابوونەوە، ئێستاش دێتەوە یادی کە باوکی پاڵی بەعەرەبانەکەوە دەنا، بەدەم غارەوە ڕدێنە پان و درێژەکەی دەشنایەوە: وەك کەسێك لە فڕین دابێ، نەرمە هورشەیەکی دەهاتە بەرگوێ، سەبارەت بەو باوکە هیچی تریان نەدەزانی، بەڵام لەو بڕوایە دابوون کە دەبێ مرۆڤێکی بەهێز و هۆشمەند بووبێ،

بەویستی خۆی توانیویەتی بڵێ: «نەخێر» یاخود «بەڵێ»، کاتێ باپیرە و دێومیرا لە دایکە توورە دەبوون... داپیر هەڵدەگەڕایەوە و پێی دەوتن: لە جیاتی توورەیی هەقە بۆی بەداخەوە بن، چونکە ئافرەتێکی بێ بەخت و چارەڕەشە هەروەها دەیوت: ئەگەر «یۆگینۆ» باوکی کوڕیژگەکان وا زوو نەمردبایە ئەم ئافرەتە وای لێ بەسەر نەدەهات و ژنێکی دیکە و زۆر جیای لێ دەردەچوو، کەچی ئەم بێ یەغباڵە بەم جوانی و جحێڵییە مێردەکەی لە دەست چوو، بۆ ماوەیەك باسوخواسی دایکی بابیان لە گۆڕێ هەبوو، قەتیش ئەو پیرەژنەیان نەدیبوو، گوایە لە فەڕەنسایە، بەڵام هەموو جار نامە و کارت و دیارییەکانی کریسمسی بۆ دەناردن: پاشان ئەویش، تەمەنی درێژ، هێزی لێ سەند و خوا بۆ خۆی بردەوە.

دوای هەموو نیوەڕۆیەکی درەنگ: لە ئان و ساتی چا خواردنەوەدا... هەردوو دەکەوتنە کەستەنە خواردن، یا ئەوەتا نان و سرکە و زەیتیان تێکەڵ دەکرد، دوای موتالاو دەرزودەور و نووسینەوە هەقی ئەوەیان پێ دەدرا کە بچنە گۆڕەپانە بچکۆلانەکە و یاری بکەن، یا ئەوەتا دەچوونە نێو کەلاوە رووخاوەکانی حەمامی گشتی کە لە ژێر بۆمبارانی فڕۆکەدا بۆردمان کرابوو، ژمارەیەکی زۆریش لە کۆتر «لەو گۆڕەپانەدا» هەڵدەفڕین و دەنیشتنەوە، مناڵەکانیش لەوێ وردە نانیان بۆ کۆترەکان هەڵدەڕشت، دێومیراش زەرفێك وردە برنجی بۆ دەهێنان، تێکرای منالانی دەر و دراوسێ لەوێ کۆ دەبوونەوە، بێجگە لە منالانی قوتابخانە، کۆمەڵێ مناڵی تریش دەهاتن: ئەوانەی هەموو یەکشەممەیەك لە یانەی – گەنجان – تووشیان دەهاتن، هەر لەو یانەیەدا یاری فتبۆڵێن دادەمەزرا، لەگەڵ «دۆن ڤیلیانی» کە خۆی بادەدا و کراسی تراکسۆتەکەی هەڵدەکێشا و شەقی دەهاویشت، هەندێ جاریش لە گۆڕەپانەکەدا دەکەوتنە یاریی تۆپ تۆپێن... یان دەیانگۆڕی بەگەمەی دز و پۆلیس، جار جاریش داپیرە لە بالکۆنەکەوە بەدیار دەکەوت، هاواری لێ دەکردن وریا بن نەبا شوێنێکیان بشکێ: لە

گۆڕەپـانـە تـاریکـەکـەوە ڕووەو نـهـۆمـی سێیـەم سەریـان هـەڵدەبڕی، لـەوێوە پـەنـجـەرەکـان ڕوونـاك و دڵـخـۆشکـەر بـوون، دەشیـانزانی بـۆیـان دەکرێ بەئاسانی بگەڕێنەوە ماڵێ، لە بەردەم زۆپاکە دابنیشن و خۆیان گەرم کـەنـەوە و لـە تـاریـکـی شەو خـۆیـان بـپـارێزن و، داپـیـرە و دێومـیـراش لـە مویەقەکەدا دادەنیشتن و پەڕۆ و پاتاڵ و کۆنە کراس و پێخەفەکانیان دەدایە بەر تەقەڵ و پینەیان دەکردن، باپیرەش لە ژووری نانخواردن بەخۆ و بەشەفقەوە دادەنیشت و مژی لە پایپەکە دەدا، داپیرەش تا خوا دەڵێی بەس زرپە و قەڵەوە، هەمیشە جلی ڕەشی لەبەر دەکرد، مەدالیایەك بەسەر سینەیدا شۆڕ بـووبـووەوە... لـەگـەڵ وێـنـەیـەکـی خـاڵـە –ئـۆریست– کـە لـەو شەڕەدا کوژرابوو، داپیرە دەستاو خۆش و کەیبانووی چاك بوو... خۆ چلفراکەی هەر باس ناکرێ... بگرە ئێستاش کە تەواوێك هەراشن... هەندێ جار هەڵیان دەگرێ و دەیانخاتە سەر هەردوو ئەژنۆی خۆی، داپیرە گەلێ گۆشتنە: سینەو بەرۆکی نەرم و نیان و دۆدانەییە، لە یەخەی کراسە ڕەشەکەیەوە ژێر کراسێکی ئەستوور و سپی، ژێر کراسێکی خوری و گرنج گرنجی دیارە و بەدەستی خۆیشی دووریویەتی، لەسەر ئەژنۆکانی نەنە قنج دادەنیشتن، ئـەویش بـەشێوەی زمـانـی خـۆی وشەی نـاسك و پـڕ سۆز و دڵـخـۆشکـەری بەگوێیاندا دەچرپاند، دواییش تەوقەیەکی لە قژی تۆپەڵکراوی پشتی سەری دەکردەوە و گوێی مناڵەکانی پێ پاك دەکردەوە، ئەوانیش دەیانزریکاند و هەوڵیان دەدا لە بەردەستی ڕزگاریان بێ... ئا لەو کاتەدا باپیرە بەخۆ و بە پایپەوە ناو دەرگاکەی لێ دەگرتن.

لە سەردەمێکی زۆر زوودا... باپیرە لە قوتابخانەیەکی ئامادەییدا زمانی یۆنانی و لاتینی دەوتەوە، ئێستاش خانەنشینە و خەریکی نووسینەوەی «ڕێزمانی یۆنانی»یە: ناوناوە زۆربەی قوتابییەکانی سەردەمی ئەوسای خوێندن دێن و سەری لێ دەدەن، دێومیراش قاوەیان بۆ دەکا، دەبێ بیکا... لە کونجی لای دەستشۆرەکە و ئاودەستخانەکە چەندەها پارچە کاغەزی

ڕاهێنان و دەستنووسێکی زۆر و وەرگێڕدراوی لاتینی و یۆنانی لەو ناوەدا کەوتوون، دیاریشە بەقەڵەمی سوور و شین دەستکاری کراون. باپیرە ڕیشێکی سپی و تۆبزی بەرچەناگەی هێشتووەتەوە، خۆ دەبووایە هەردوو براکە هاتوهاوار و بەزم نەنێنەوە... چونکە باپیرە دوای ئەو هەموو ساڵانەی قوتابخانە مێشکی ماندووە و تەواو قیچکەی تەنگ بووە، زوو زوو دڵی دادەخورپا... ئەوەندەی دەبیست کە بازاڕ بەقوڕ گیراوە و شت لە کڕین نایە... ترسی لێ دەنیشت، سەری سووڕدەما کە داوای ئەو هەموو پارەیان لێ دەکرد، هەموو بەیانییەك لەسەر ئەوە لەگەڵ داپیرەدا ئاگری سووکە شەڕێکی هەڵدەگیرساند، بەهانەی بە دێومیرای کارەکەر دەگرت و پێی دەوت: دەشێ، ئەم، وردە وردە شەکر بدزێ و لە ژێرەوە قاوەی پێ بخواتەوە، دێومیراش کە گوێی لەم بوختانە دەبوو بە هەڵەداوان هەڵی دەکوتایە سەری و دەینەڕاند و پێی دەوت: قاوە بۆ قوتابییەکانی ئەو تێ دەکرێ: کە هەمیشە جرت و فرتیانە و چۆڵی ناکەن... وەلێ سووکە شەڕ و بەزمی وا هەر دەبوو ببووایە... پاش نەختێ هەموو خوێنیان سارد دەبووەوە، هێمنی جێی تووڕەیی دەگرتەوە، منداڵەکان لەم جۆرە گێچەڵە ترسیان ڕەیبۆوە، بەڵام گەر لە نێوان دایە و باپیرە ئاگری شەڕێکی بێ ئامان هەڵگیرسابا ... ڕۆح دەهاتە کونی لووتیان و ئۆقرەیان لێ هەڵدەگیرا... ئەوە کەی؟ ئەو جارانەی کە دایکیان شەوانە درەنگ دەگەڕایەوە ماڵێ، ئەوسا باپیرە پاڵتۆکەی دەخستە سەر شان و هەر بە بێجامەوە و بەپێی پەتی لە ژوورەکەی دەهاتە دەر... لەلایەکەوە ئەو... لەلایەکی دیکەوە دایکیان: دەستیان دەکرد بەقاووقیژ و هەرایەك... نەبێتەوە!

باپیرە دەیوت: «دەزانم لە کوێ بوویت... چاك دەزانم... دەشزانم چیت و چی دەکەی!» دایکە وەڵامی دەدایەوە و دەیوت:

«جا من کەی گوێم داوەتێ... باکم بە چییە... ها...؟» پاشان تێ هەڵدەچووەوە:

«تۆ سەیرکە چۆن مناڵەکانت لە خەو ڕاپەڕاند». باپیرەش وا وەڵامی دەدایەوە:

«وەڵڵاهی چەورە... تۆ باکت بەوەیە مناڵەکانت هەرچییەکیان بەسەر بێ... بێدەنگ بە... قسە مەکە... چاك دەزانم تۆ چیت... تۆ ئافرەتێکی سۆزانیت. شەوانە هەر دەڵێی تیاترۆی... دەڵێی قەحپەی شێت و هاریت لە کووچە و کۆلانان خول دەخۆیتەوە».

داپیرە و دێومیراش لە ژێر کراسی شەویانەوە دەهاتنە دەرێ و پاڵیان بەپیرە وەدەنا، تکایان لێ دەکرد بچێتە ژوورەوە... پێیان دەوت – «شش... شش.» دایکیشیان دەخزایە نێو نوێنەکە و دەگریا، لە ژێر لێفەکەوە هەر هەنسکی دەدا، هەنسکی قووڵ و بە کوڵی لە ژوورە تاریکەکەدا دەنگی دەدایەوە: هەردوو مناڵەکەشی لەو باوەڕەدا بوون کە باپیرە ڕاستی وتبێ زۆر شەرمە و ناشیاوە دایکیان بە شەو بچێتە سینەما... یان سەر لە هاوڕێکانی بدا، خەم و پەژارە دڵیانی دەگرت، بەدڵێکی پڕ لە ترس و ژانەوە دەچوونە پاڵ یەکدی و لە ژێر پێخەفە گەرم و نەرمەکەدا بەیەکەوە دەنووسان، برا گەورەکە دەکەوتە ناوەندیان و پتر پاڵی بەبرا بچووکەکەی وەدەنا نەبا لەشی بە لەشی دایکی بکەوێ... بەرامبەر بەو فرمێسکانەی دایکی، سەرینی تەڕ... هەستی بەجۆرە بێزەوەرییەك دەکرد و دڵی دەگوشرا: وای بەخەیاڵدا دەهات: «کە دایکە دەگری... برا چکۆلانەکەی زەندەقی دەچێ!» هەرگیز لەو شەڕانەی نێوان باپیرە و دایە نەدەدوان، لەوە دەسڵەمینەوە و حەزیان نەدەکرد نە بەکەم و نە بەزۆر لەم بارەیەوە بدوێن، نەیاندەویست توخنی بکەون، ئەم دوو برایە یەکدییان خۆش دەویست، کە شەوانە دایکیان دەگریا... ئەوان لە ژێر لێفەکەوە دەخزانە پاڵ یەکدی، وەك دوو کەس خۆیان لە مەترسییەك بپارێزن، ترسی شتێکی دیکەش... ترسی ئەو نهێنییەی نایانەوێ بیدرکێنن، وێڕای ئەوەش... هەر زوو بیریان دەچووەوە کە چەند بەدبەخت و چارەڕەشن، ڕۆژێکی نوێ دەهاتەوە و

ئـەوانـیش دەچـوونـە قـوتـابـخـانـە، لـە شەقـامـەکـانـدا تـووشی هـاوڕێکانیان دەبوون... بۆ ماوەیەکیش لە بەردەرگای قوتابخانەدا دەکەوتنە سەرگەرمی یاری و شەڕە شەق. لە ژێر ڕووناکی لێڵ و پڕ تەمی خۆڵەمێشیی بەیاندا دایکە وەئاگا دەهات: ژێرکراسەکەی لە نێو قەدییەوە دەئالآند و دەیبەست، بەخۆو بەمل و قۆڵ و باسکی ژێر کەفی سابوونەوە بەپێوە دەوەستا و بەسەر حەوزی دەست شۆرەکەدا خوار دەبووەوە، هەوڵی دەدا و حەزی نەدەکرد کوڕەکانی بەم شێوەیە ببینن، لە ئاوێنەیەکەوە شانە باریك و ڕەش داگەڕاوەکانی و مەمکە ورد و ڕووتەکانی بەدیار دەکەوتن، لە نێو ئەو سەرمایەدا هەردوو گۆی مەمکی ڕەش هەڵدەگەڕان و ڕەپ دەبوون، هەردوو قۆڵی بەرز دەکردەوە و بن هەنگڵەکانی لە پۆدرە هەڵدەسوویی، تووکی بن باڵەکانیشی پڕ و لوول بوون، کە بەتەواوی جلەکانی لەبەر دەکرد... دەکەوتە برۆ هەڵگرتن، لە ئاوێنەکە نزیك دەکەوتەوە و دیقەتی خۆی دەدا، توند لێوەکانی دەگەست، پاشان توێخ توێخ کرێمی دەخستە سەر دەموچاوی، لە ژێر ئەو کرێمەدا، ڕووی، بزر دەبوو، بەتوندی پەڕەمووچەی قەرەنفولی ڕادەوەشاند و لەشی خۆی پێ پۆدرە دەکرد، دەموچاوی زەرد دەچووەوە، هەندێ بەیانییان گەلێ بەزەوق و کەیف بوو... حەزی دەکرد منداڵەکانی بدوێنێ، پرسی قوتابخانە و خوێندنی لێ دەکردن، برادەرەکانیان، دوایی ئەویش باسی خۆی بۆ دەکردن، ئەو سەردەمەی وەك ئەوان قوتابی بووە... باسی «سینیۆرا دێرس» ناوێکی دەکرد کە کاتی خۆی مامۆستای بووە، قەیرە کچێکی بەتەمەن بووە و ویستوویەتی وەك کچێکی جحێڵ خۆی بنوێنێ، پاشان دایکە پاڵتۆکەی دەخستە سەر شان... دەستی دەگەیاندە زەمبیلەکە، دەنووشتایەوە تا منداڵەکان ماچ بکا، ملپێچەکەی لەسەرییەوە دەئالآند، بەبن بۆن دەکەوت و لە ژێر پۆدرەکەشدا تەواوێك ڕەنگی دەپەڕی و زەرد هەڵدەگەڕا.

هەردوو کوڕەکەی بەلایانەوە سەیر بوو کە لەو دایکە بووبن، وەلێ هەرگیز

ئەوەندە سەیر نەدەبوو گەر لە داپیرە یان لە دێومیرا بوونایە، داپیرە و دێومیرا سنگ پان و باوەش گەرمن لە هەموو مەترسییەك دەتپارێزن، نەك هەر ئەوەندە... بەرگەی دز و ڕەشەباش دەگرن... بەڵێ... پێیان سەیرە کە ئەو ئافرەتە دایکیانە، لەوەش سەیرتر: ماوەیەك لە منداڵدانیدا هەڵی گرتوون، هێندەی دیکە سەرسام بوون بەوەی کە زانیبوویان بەر لەوەی منداڵێك بێتە دونیاوە بۆ ماوەیەك لە ناو سکی دایکیدا دەمێنێتەوە، کەمێ شەرمیان لە خۆ دەکرد کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەو منداڵدانە هەڵی گرتوون، نەك هەر ئەوەش... بەڵکو بەو مەمکانەش شیری داونەتێ: ئەوەیان هەر زۆر ناشیرین و ناشیاوە، بەڵام ئێستا منالی شیرەخۆرەی نییە تا بیخاتە جۆلانە و ڕای بژەنێ... مەمکی لە دەم نێ دوای چوونە بازاڕ و ئازووقە کڕین... هەموو ڕۆژێ لە ماڵ دەچووە دەرێ و خۆی هەڵدەدایە سەر پاسکیلەکەی، سەربەست و ئاسوودە بەسەر پاسکیلەکەوە هەموو لەشی ڕادەتەکی. هیچ شتێك بەوانی نەدەبەستەوە: لەسەر دایکەکەیان حسێب نەدەکران. نەیاندەتوانی هیچ پرسیارێکی لێ بکەن، کەچی دایکانی منالانی تر... دایکانی هاوڕێکانیان: زۆر بەئاسانی وەڵامی هەموو جۆرە پرسیارێکیان دەدایەوە... ئەوان نا... بەڵام منالانی دیکە هەر کە لە قوتابخانە بەرەڵلا دەبوون هەر بەغاردان تا کن دایکیان ڕانەدەوەستان، یەك دونیا پرسیاریان لێ دەکردن، هەناسە برکێیان پێ دەکەوت و کونە لووتیان فش دەبووەوە، نەك هەر ئەوەندە و بەس: ئەم منالانە قۆپچەی پاڵتۆکانیشیان بۆ دادەخران، دیارە کە هەر یەکە و دەرز و دەور و ڕەسمە عەنتیکەکانی خۆی بەدایکی نیشان دەدا: ئەو دایکانە تەواوێك پیر و بەتەمەن بوون، هەندێ لەوانە شەفقەی لەسەر دەنا، یان بەڕووپۆشەوە، یان بەخۆ و بەیەخەی فەروودارەوە دەهاتنە قوتابخانە و زۆر ورد و وەستایانە لەگەڵ بەڕێوەبەردا دەدوان، ئەوانە کەسانێکی وەك داپیرە و دێومیرا بوون، زرپە و ئەسپە ژنی وا لەش نەرم و لەندەهۆر بوون کە زەحمەتە هەرگیز بەفاقەوە بن، کەسانێکی وان کە قەت شتیان لێ ون

نابێ، چەکمەجەی شڕ و شێواویش بەجێ ناهێڵن، شەوانیش ببڕای ببڕ، درەنگ ناگەڕێنەوە ماڵێ، کەچی دایکیان هەر دوای گەڕانەوەی لە بازاڕ بەرەڵڵا دەبێ، جگە لەوەش... کە دەچووە بازاڕیش زۆر شڕ و شەپڕێو بوو، هەمیشە کابرای قەساب فێڵی لێ دەکرد و بەتەواوی خوردەی نەدەدایەوە، کە دەچووە دەرێ: بۆ هەر شوێنێك بچووبایە، کەس نەیدەگرتەوە، کێ دەیزانی دایەرەکەی ئەو چۆنە؟ لەم بارەیەوە هەرگیز ئەوەندە نادوێ، دەبووایە بەئینگلیزی و فەرەنسی نامە بنووسێ و چاپی بکا: بەڵام کێ دەزانێ چۆن ئەم کارە ئەنجام دەدا... دەشێ لەوەیاندا زۆر چاپووك و چالاك بێ.

ڕۆژێکیان کە لەگەڵ «دۆن ڤیلیانی» و منالانی یانەی «گەنجان» بۆ پیاسە چووبوونە دەرێ، لە ڕێگەی گەڕانەوەدا و لە قاوەخانەیەکی دەرەوەی شاردا دایکیان بینی، لەگەڵ پیاوێکدا، ڕووبەڕوو، دانیشتبوون، لە جامخانەکەوە ئەم دیمەنەیان بینی: دایکە ملپێچە خورییە خەتدارەکەی لەسەر مێزەکە فڕێ دابوو، لەگەڵ جانتا کۆن و ڕەنگ تەمساحییەکەی کە زۆر باش دەیانناسییەوە، پیاوەکە پالتۆیەکی سووك و فشوفۆڵی لەبەر دابوو، سمێڵێکی خەنەیی، بەدەم زەردەخەنەوە قسەی بۆ دەکرد... دەموچاوی دایکیان یەکپارچە شادیی لێ دەباری، ڕووی هێمنی و ئاسوودەگی دەنواند و... کرابووەوە، کە هەرگیز لە ماڵەوە واهی نەبوو، دایکە سەیری پیاوەکەی دەکرد و دەستی لە ناو دەستیا بوو... بەڵام ئەو کوڕەکانی خۆی نەدی: کوڕەکان شانبەشانی – دۆن ڤیلیانی – دەڕۆیشتن کە لەو ساتەدا بەهەموویانی وت: غاربدەن تا فریای تراماوکە بکەون و پێی ڕابگەن، کە سواری تراماوکە بوون کوڕە چکۆلانەکە سەری هەڵبڕی و لە برا گەورەکەی پرسی:

«خۆ دایەت بینی؟»

ئەویش وتی: «نا... نەمدی...!»

برا چكۆلانەكەی بەسووكە پێكەنینێكەوە دەمی كرایەوە و وتی: «ئۆە... نا... تۆش بینیت... خۆی بوو... دایە بوو... پیاوێكیشی لە كن بوو.»

برا گەورەكەی ڕووی لێ وەرگێڕا: هەراشتر بوو... تەمەنی نزیكەی سیازدە -١٣- ساڵێك دەبوو، بەو قسانەی برا چكۆلانەكەی هەڵچوو، پەست و تووڕەتر بوو، چونكە وای لێ كرد هەست بەخەم و پەژارە بكا و بۆی بەداخەوە بێ، بۆ خۆیشی داما و مات و نیگەران بوو، نەیدەویست ئەو دیمەنە ناشیرینەی بێتەوە یاد، ویستی وا خۆی بنوێنێ كە هیچی نەدیوە.

هیچیان لای داپیرە نەدركاند، بۆ بەیانی ئایندە كە دایكیان خۆی دەگۆڕی، كوڕە چكۆلانەكەی پێی وت:

«دوێنێ كە لەگەڵ -ڤیلیانی- پیاسەمان دەكرد تۆمان بینی، لەگەڵ پیاوێك بوویت».

دایكە ڕاچەنی و بەدەوری خۆیدا خولایەوە، دڕ و دژوار و ناشیرین دیار بوو، هەردوو ماسی ڕەشی سەرچاوانی لەرزین و وێك هاتنەوە و...

وتی:

«من نەبووم... ئەمەیان چ قسەیەكە... وەك دەزانن من ئێواران تا درەنگانێك هەر لە دایەرە دەمێنمەوە، بێگومان بەهەڵەدا ڕۆیشتوون».

پاشان كوڕە گەورەكەی بەدەنگێكی هێمن و پڕ لە ماندووێتییەوە وتی:

«نەخێر تۆ نەبوویت... ئافرەتێك بوو كتومت لەتۆ دەچوو».

هەردوو كوڕەكە گەیشتنە ئەو قەناعەتەی كە دەبێ ئەم یادە لە بیر خۆیان ببەنەوە، بەڵام ماندووبوونی دەویست تا ئەم یادەیان لە بیر دەچووەوە.

جارێكیان كابرای قاوەخانەكە: ئەو كابرایەی پاڵتۆ سووكەكەی لەبەر بوو... هاتە ماڵەكەیان. لەبەر گەرمای هاوین پاڵتۆكەی داكەندبوو، چاوێلكەیەكی شینی لە چاو كردبوو، قاتێكی ڕەنگ كراوەی كەتانی لەبەر دابوو، كە هاتنە سەر خوانی نانی نیوەڕۆ مۆڵەتی لێ خواستن تا

چاکەتەکەی دابکەنێ، داپیرە و باپیرە بەسەفەر بۆ -میلانۆ- ڕۆیشتبوون تا خزم و خۆی بەسەر بکەنەوە، دێومیرا گەڕابووەوە گوندەکەی خۆیان، جا بۆیە لەگەڵ دایکیاندا بەتەنیا هەر خۆیان مابوونەوە، ماڵ چۆڵوهۆڵ... کابرا خۆی پیا کرد و هات، ئەو نیوەڕۆیە خوان و سفرەیەکی شاهانەی ڕازاندەوە، دایکە هەموو شتێکی کڕی، کەباب و گۆشتی برژاوی هێنا، هەر لە فڕووجەوە بیگرە تا چپس هیچی فەرامۆش نەکرد، مەعکەڕۆنەیەکی بەتام و بۆی بۆ کردبوون، تەنیا صاصەکە نەبێ کە تۆزێ تیژ و بەسوێ بوو، شەڕابیشیان بیر نەچووبوو، دایکە شاد و بەختەوەر بوو، لەسەر یەك پێ دەسووڕایەوە، شڵەژا بوو، دەیویست بەجارێ هەرچی لە دڵدایە بیڵێ: دەیویست باسوخواسی مناڵەکان بۆ کابرا بگێڕێتەوە، هی کابراش بۆ مناڵەکان، بەناوی -ماکس- بانگی دەکرد، پاشان زانییان کابرا سەردەمێك لە ئەفریقیا بووە، وێنەیەکی زۆریشی لەو ئەفریقیایە گرتبوو، یەکە یەکە نیشانی دەدان: لەوانە- وێنەیەکیان هێ مەیموونەکەی خۆی بوو، مناڵەکان دەربارەی ئەو مەیموونە پرسیارێکی زۆریان لێ کرد، زانییان کە زیت و زۆڵ و هۆشیار و سەیر و سەمەرە بووە، خۆی لەبەر دڵان شیرین کردووە، زۆر بەجوانی و عەنتیکەیی داوای حەڵوا و شیرینی کردووە، بەڵام لەبەر ترسی نەخۆشییەکەی هەر لە ئەفریقیا بەجێی هێشتووە، لەوە ترساوە هەر لەسەر پشتی پاپۆڕەکە بمرێ، مناڵەکان لەگەڵ «ماکس»دا بوون بەهاوڕێ، بەڵێنی دانێ ڕۆژێ بەیەکەوە بچن بۆ سینەما، ئەوانیش کتێبەکانی خۆیان نیشانی کابرا دا، کتێبێکی ئەوەندە زۆریش نەبوون، کابرا لێی پرسین ئاخۆ «ساتورنیۆ فاراندۆلا»یان خوێندووەتەوە، ئەوانیش وەڵامی نەخێریان دایەوە، کابراش ئەو بەڵێنەی دانێ کە ئەم کتێبەیان بۆ بێنێ... لەگەڵ کتێبی «ڕۆبنسن دێلا پراتۆری» کە تا بڵێی کتێبێکی خۆشە. دوای نانخواردن دایکە داوای لێ کردن بچنە دەرێ و لە گۆڕەپانەکەدا یاری بکەن، کەچی ئەوان پڕ بەدڵ حەزیان دەکرد لەگەڵ -ماکس-دا بمێننەوە،

کەمێ خۆیان هێنا و برد... دادی نەدا... چونکە دایکە و هەروەها کابراش لێیان دووبارە کردنەوە کە دەبێ بڕۆن، کە دەمەو ئێوارە گەڕانەوە (ماکس) ئەوێی بەجێ هێشتبوو، دایکیان نانی شێوانی بۆ ئامادە کردن: قاوە و شیر و پەتاتە، هەردوو براکە شاد و بەختەوەر بوون، حەزیان دەکرد باسی ئەفریقیا و مەیموون بکەن، بێ ئەوەی بزانن بۆ: لەوپەڕی ئاسوودەیی دابوون، دایکیشیان گەلێ لەوان شاد و بەختەوەرتر بوو... باسی زۆر شتی بۆ کردن: باسی مەیموونێك کە جارێکیان بینیویەتی لە بەردەمی ئۆرغۆن ژەنێکی منالّدا چۆن هەلّپەڕیوە، دواپی داوای لێ کردن بخەون: پێی وتن – بۆ تەنیا دەقیقەیەك تا دەرەوە دەچێ... ناشبێ بترسن... پێویست بەوە ناکا، بەسەریاندا نووشتایەوە ماچیان بکا، وتیشی: ئەوە ناهێنێ لای باپیرە و داپیرە باسی «ماکس» بکەن، چونکە ئەوان حەز بەمیوانداریی خەلّکی ناکەن، بۆ چەند ڕۆژێك هەر ئاوا لەگەلّ دایە گوزەراندیان: خواردنی بێ ناو و نیشان و سەیریان دەخوارد، چونکە دایکە نەیدەویست هیچ بخاتە سەر ئاگر، ڕانە بەراز بووایە، مورەبا، قاوە و شیر، گۆشتی برژاو... هەرچی حازر بەدەست بووایە دەیهێنایەوە، دوای نانخواردن هەردوو برا خەریکی مێز پاککردنەوە و قاپ شۆرین دەبوون، بەلاّم کە باپیرە و داپیرە گەڕانەوە... منالّەکان کەوتنە خۆشی و حەوانەوە، قوماشەکەی ژووری نانخواردن خرایە سەر مێز، پەرداخ و کاسە و کەوڵی ناو مووبەق هەر یەکەی چووە شوێنی خۆی، مالّەکە ڕێك خرایەوە، داپیرەش لەسەر جۆلاّنەکەی خۆی دانیشتەوە، لەشێکی نەرم و بۆنێکی خۆش، ئەوەندە پیر و قەلّەو بوو نەیدەتوانی لە مالّ بچێتە دەر... گەلێ مایەی خۆشبەختییە کەسێکت هەبێ و هەمیشە لە مالّ بێ و نەتوانێ هەنگاوێك دوور بڕوا.

منالّەکان دەربارەی ماکس هیچیان لای داپیرە نەدرکاند، چاوەڕوانی کتێبی –ساتورنیۆ فاراندۆلا– بوون، چاوەڕوانی ماکس بوون بێت و بیانبا بۆ سینەما، وێنەیەکی زۆری دیکەی مەیموونیان پیشان بدا، یەك دوو

جاریش لە دایکیان پرسی: کەی «سینیۆر» دەیانبا بۆ سینەما؟ ئەویش بەدەنگێکی گڕ و پڕ لە خەمەوە دەیوت: ئیتر ماکس تەواو... ڕۆیشت ناگەڕێتەوە، کوڕە چکۆلانەکەی دەیپرسی: ئاخۆ ماکس ڕووەو ئەفریقیا چووەتەوە؟... دایکە هیچ وەڵامێکی نەدەدایەوە، کەچی کوڕەکەی هەر وای دەزانی بۆ ئەفریقیا چووەتەوە تا مەیموونەکەی بێنێتەوە، هەمیشە لەو خەیاڵەدا بوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان دێتەوە... لەگەڵ قوڵەڕەشێك و مەیموونێك بەباوەشییەوە... ئەوسا دێتە قوتابخانە و... دەیانباتەوە... دەرگای قوتابخانەش کرایەوە، پووریٚ بەسەردان هاتەوە تا ماوەیەك لەگەڵ منداڵەکاندا بمێنێتەوە، زەمبیلەیەك بەهیٚ و سێوی بۆیان هێنان، ئەوانیش، بەشەکر و شیرەوە، لە نێو فڕنەکەدا کەوتنە برژاندنی هەموو بەهیٚ و سێوەکان... دایکەش تا دەهات خووی شڕ و خەراپتر دەبوو، هەمیشە لەگەڵ باپیرەدا لە هەرا و شەڕ و فەرتەنەدا بوون، درەنگانیٚ دەهاتەوە، نەدەنووست و... بەردەوام جگەرەی دەکێشا، هیچی وای نەدەخوارد، ڕۆژ بەڕۆژ پتر دەبنێسا و لەڕ و لاواز و باریکتر دەبوو... تا دەهات دەموچاویشی بچووکتر دەبووەوە، ڕەنگ و ڕووشی سیس و زەردتر، لەم دواییەدا فێر بووە برژانگ و بەرچاوی ڕەش دەکا، تف دەکاتەوە ناو سنووقێکی بچووك، بەدەم تف ڕۆکردنەوەش هەر خەریکی قەڵەم و فلچەی ئارایشتە، توێخ لەسەر توێخیش پۆدرە لە دەموچاوی دەدا، داپیرەش بەدەستەسڕێك هەوڵی دەدا بۆیە و پۆدرەکە لەو دەموچاوە بسڕێتەوە، کەچی ئەو ڕووی لیٚ وەردەگێڕا، زۆر بەدەگمەنیش دەدوا... خۆ کە دەمیشی دەکردەوە هەر بەحاڵ نووزەی دەهات، قسەکردن ئەرك و کارێکی گران بوو، بیٚ هێزی بەدەنگییەوە دیار بوو، ڕۆژێکیان دەمەو ئێوارە، دەوروبەری سەعات شەش هاتەوە ماڵیٚ... هاتنەوەیەکی سەیر و کتوپڕ... هەمیشە لەوە درەنگتر دەهاتەوە، دەرگای ژووری نووستنەکەی لەسەر خۆی داخست، کوڕە چکۆلانەکەی هات و لە دەرگای دا، کتێبێکی ڕاهێنانی دەویست، لە ژوورەوەڕا دایکی بەتووڕەییەوە

هاواری لێ کرد کە نیازی هەیە بنوێ، باشتر وایە عاقڵانە و بێ ئاژاوە بڕوا و بەتەنیا جێی بێڵێ، کەچی کوڕەکەی بەترس و لەرزەوە تێیگەیاند کە زۆر پێویستی بەو کتێبە هەیە، دوای تۆزێ دایکە دەرگاکەی کردەوە... لە هەموو لایەکەوە دەموچاوی تەڕ و ئاوسا بوو، کوڕە زانی دایکە گریاوە... کە گەڕایەوە لای داپیرە پێی وت:

«دایە دەگری...»

داپیرە و پووریێ سەریان لە بن گوێی یەکدی نا و بەهێمنییەوە بۆ ماوەیەکی درێژ کەوتنە چرپ و چۆپ، دەربارەی دایکی دەدوان... بەڵام لەم ورتە ورتە تێ نەدەگەیشت.

شەوێك لە شەوان دایکە نەگەڕایەوە، باپیرەش بەپێی پەتی دەهات و دەچوو، هەر بەسەر بێجامەکەوە پاڵتۆکەی لەبەر کرد، داپیرەش زوو زوو دەهاتە لای مناڵەکان و بەسەری دەکردنەوە، زۆر بەناڕێکی ڕاکشابوون، بەئاشکرا گوێیان لە هاتوچۆی داپیرە و باپیرە بوو کە بەناو ماڵەکەدا دەسووڕانەوە و سرەوتنیان بۆ نەبوو، پەنجەرەکانیان دەکردەوە و دایاندەخستەوە، مناڵەکان تەواو تۆقیبوون، شەو تێ پەڕی، بۆ سەرلەبەیانی زوو لە بنکەی پۆلیسەوە تەلەفۆنیان بۆ کرا:

لاشەی دایکیان لە ئوتێلێکدا دۆزراوەتەوە، گوایە ژەهری خواردووە و نامەیەکی بەجێ هێشتووە.

پووریێ و باپیرە وەپێشی کەوتن، داپیرەش دەیزریکاند، مناڵەکانیش بۆ لای پیرەژنێك ڕەوانە کران کە لە نهۆمی ژێرەوە دەژیا، ئەویش هەر دەیکرد و دەیوتەوە:

«پەکوو... دایکی وا بێ دڵ و دەروون... وەرە دوو مناڵی ئاوا بەجێ بێڵی...!»

دایکەیان هێنایەوە ماڵێ، کە لەسەر پێخەفەکە لە کفنیان دەپێچا دوو کوڕەکەی چوون بیبینن، دێومیراش پێڵاوە چەرمینە بریقەدارەکەی لە پێی

مردووەکە داکەند، جلە ئاوریشمییە سووربـاوەکەشی لەبەر داکەند: کراسی سەردەمی بووکێنی، زۆر ڕیوەڵە و بچووك دیار بوو... هەر دەتوت بووکە شووشەیەکی بێ گیانە و ڕاکشاوە... بینینی گوڵ و مۆم لەو ژوورە کۆنینەدا شتێکی سەیر و سەمەرە بوو، پووریێ و داپیرە و دێومیرا چۆکیان دابووەوە و نوێژیان دەکرد، وتیشیان بەهەڵە ژەهرەکەی خواردووە. ئەگینا قەشە بۆ —موبارەکی—یەکە توخنی نەدەکەوت... ئەگەر بیزانیبا بەدەستی ئەنقەست خۆی کوشتووە، دێومیرا داوای لە منداڵەکان کرد دایە ماچ بکەن، ئەوانیش بەدوای یەکدیدا و بەو پەڕی شەرمەوە ڕوومەتە ساردەکەیان ماچ کرد، کفن و دفن و ناشتنەکە زۆری خایاند، لەمسەر تا ئەوسەری شاریان بڕی، شل و شەکەت بوون، دۆن ڤیلیانی و ژمارەیەکی زۆر لە هاوڕێکانی قوتابخانە و یانەی گەنجان لە پڕۆسەکەدا ئامادە بوون، گۆڕستانێکی زۆر سارد، بایەکی ساردتر... کە گەڕانەوە داپیرە دەستی کرد بەفینگەفینگ و گریان، کە پاسکیلەکەی بینی ئەوەندەی تر کەوتە لاوانەوە و دەیزریکاند. چونکە کتومت دەهاتەوە یادی چۆن سواری پاسکیلەکەی دەبوو، چۆن دەردەپەڕی، بەخۆ و بەو لەشە سووکەوە، مل پێچەکەی لە هەوادا دەشنایەوە و ورشەی دەهات، دۆن ڤیلیانی دەیوت: «ئەمێستا ئەو لە بەهەشتە...!» هەقیەتی وا بڵێ... چونکە نەیدەزانی بەدەستی ئەنقەست خۆی کوشتووە، یان زانیویەتی و خۆی لێ گێڵ دەکا، بەڵام منداڵەکان نەیاندەزانی ئاخۆ بەهەشت هەیە یان نا... چونکە باپیرە دەیوت —«نییە...» داپیرەش دەیوت «هەیە». جارێکیان دایکیان وتی — بەهەشت و شتی وا لەگۆڕێ نییە، نە فریشتەی چکۆلانە و نە مۆسیقای خۆش لە ئارادا هەن، بەڵکو ئەوەندەیە مردووەکان دەچنە شوێنێك: لەوێ نە ساغن و نە نەخۆشیش دەکەون، لەوێدا هیچ ناخوازیت... ئەوە نەبێ بەکرۆکپی بۆ خۆت بنووی.

هەردوو کوڕە بۆ ماوەیەك لەگەڵ پووریێ چوونەوە لادێ، هەموو کەسێك لەگەڵیاندا میهرەبان و بە بەزەیی بوو، ماچیان دەکردن، دەیانگرتنە باوەش،

ئەوانیش تا بڵێی شەرمن و بەستەزمان بوون، بەیەکەوە نە باسی دایکیان دەکرد و نە باسی –سینیۆر ماکس– لە دەلاقەیەکی ماڵی پووریێ کتێبەکەی (ساتورنیۆ فاراندۆلا)یان دۆزییەوە... لە خوێندنەوەی تێر نەدەبوون، گەلێ کەیفیان پێ دەهات، بەڵام کوڕە گەورەکە زۆرجار دایکی دەهاتەوە یاد، ئەو ڕۆژەی لە قاوەخانەکە لەگەڵ «ماکس»دا دانیشتبوون... دەست لە ناو دەست، ڕووی یەکپارچە کەیف و خۆشی لێ دەباری، وای بەخەیاڵدا دەهات کە دایکی لە خەفەتی ماکس خۆی کوشتبێ... چونکە ئەم بێ هەست و خوست گەڕاوەتەوە ئەفریقیا، مناڵەکان لەگەڵ سەگەکەی پووریێ کەوتبوونە یاری و بەزم، سەگێکی خەپان و خۆشەویست کە ناوی «بۆبی» بوو، فێری ئەوە بوون بەسەر درەختەکاندا هەڵگەڕێن... پێشتر نەیاندەتوانی، جگە لەوەش... بەیەکەوە لە ناو ڕووبارەکەدا مەلەیان دەکرد، چەندە خۆش بوو کە ئێواران دەگەڕانەوە لای پووریێ دەستیان بەیاریی – مەتەڵی وشە لێك دابڕاوەکان– دەکرد، لەکن پووریێ شاد و بەختەوەر بوون... کە گەڕانەوە کن داپیرەش ئاسوودەتریش بوون، داپیرە لەسەر کورسییەکەی خۆی دادەنیشت دیسانەوە دەیویست بە تەوقەکە گوێیان پاك بکاتەوە، یەکشەممەیەك بەرەو گۆڕستانەکە بەڕێ کەوتن، دێومیراش بەگەڵیان کەوت، باوەشێك گوڵیان کڕی، کە گەڕانەوە ماڵێ لە بەردەم بارێکدا وەستان تا شەرابی «بەنش»ی گەرم بکڕن، لە گۆڕستانەکەشدا – لەسەر گۆڕی دایکیان – داپیرە نوێژی کرد و تێر گریا، بەڵام زۆر لە مەزەندە و عەقڵ دوور بوون کە ئەو گۆڕە و خاچەکان و بگرە تەواوی گۆڕستانەکەش هیچیان بۆ دایکە پێ بکرێ، ئەو دایکەی قەسابەکە فێڵی لێ دەکرد، خۆی هەڵدەدایە سەر پاسکیل و دەردەپەڕی، وێڕای ئەوەش... بەردەوام جگەرەشی دەکێشا، هەمیشە کووچە و کۆڵانەکانی لێ دەگۆڕا و ڕێی بزر دەکرد، شەوانیش دەگریا و بەرە هەنسك دەیگرت، ئەمێستا پێخەفەکە پان و بەرینتر بووە، هەریەکەو سەرینێکی سەربەخۆی بەردەکەوێ، بەدەگمەن دایکەیان دەهاتەوە یاد، چونکە ئەو یادە زۆر ئازاری دەدان، بگرە تەنیا یادێك تەواو شەرمەزاری دەکردن، هەندێ

جاریش هەریەکەو لە ئاستی خۆیەوە بە بێدەنگی شێوەی بکاتەوە، دیمەن و ڕوخساری بێتەوە بەرچاوی، خەیاڵ ئەوەندەی بڕ نەدەکرد، قژە لوول و کورتەکەی، هەردوو ماسی پشتی چاوانی، لێوەکانی... تا دەهات لەبەر دیدەی خەیاڵیاندا دوورو دوورتر دەکەوتنەوە، هیچ ئاکارێکی دایکەیان نەدەهاتەوە بەرچاو: توێخی ئەستووری تۆزە زەردەکەی سەر ڕووی نەبێ، ئەوەیان بەزەقی دەهاتەوە بەرچاو... بەرە بەرە دەتوایەوە تا لە دواییدا دەبوو بە خاڵێکی زەرد و بەس... کەچی شێوەی ڕوومەتەکانی... دەموچاوی... هەرگیزاو هەرگیز نەدەهاتنەوە یاد... ئەمێستا وا هەست دەکەن کە هەرگیز ئەو دایکەیان خۆش نەویستووە، دەشێ ئەویش ئەوەندە ئەوانی خۆش نەویستبێ، خۆ ئەگەر خۆشی بویستنایە خۆی دەرمان خوارد نەدەکرد و... بەم چەشنە خۆی نەدەکوشت. ئەو جارە گوێیان لێ بوو کە دێومیرا و کۆڵ کێشەکە و پیرەژنەکەی نهۆمی خوارەوە و خەڵکێکی زۆریش هەر هەمان ڕایان دەردەبڕی، ساڵان هاتن و ساڵان تێپەڕین... مناڵەکانیش گەورەتر بوون، بەسەرهات و کارەساتی زۆریش ڕووی دا... ئەو ڕووەی کە هەرگیز حەزیان پێ نەدەکرد... بۆ هەتا هەتایە لە بیر کراو بەتەواوی کەوتە ژێر تەمی بیرچوونەوە.

**کورتەی ژیانی:**

ناتالیا لە «پالیرمۆ» و لە ساڵی ١٩١٦دا لە دایك بووە، لە مناڵییەوە تا ساڵی ١٩٣٩ و لە شاری «تۆرین» ژیاوە، لە سەرەتای سییەکان بۆ یەکەم جار شووی بە –لێون گنزبیرگ کرد، لێون ڕۆژنامەنووسێکی ڕامیاری و بەڕەگەز ڕووسی بووە، وتار و ڕاپۆرتیشی دەنووسی، چەندەها شاکاری ئەدەبیشی لە ڕووسییەوە وەرگێڕا، سەرپەرشتی دەزگایەکی بڵاوکردنەوەی دەکرد بەناوی «ئیناود» ئەم ئافرەتە چیرۆکنووسە لە سەرەتای جەنگی جیهانیی دووەمەوە لە شاری –کۆنفینۆ– دا گیرسایەوە،

لە هاوینی **١٩٤٣دا** گەڕایەوە ڕۆما و هەر لەوێدا و لە **١٩٤٤دا** مێردەکەی مرد، لەوە دەچوو ئەڵمانییەکان دەرمانخواردیان کردبێ... چونکە مێردەکەی بەسەر دەرکردنی ڕۆژنامەیەکی نهێنییەوە گیرا. لە **١٩٤٥دا** گەڕایەوە –تۆرین– و لە بڵاوکردنەوەی –ئیناود–ی کەوتە بەشداری، لە **١٩٥٠دا** شووی بە «گابریل بالدینی» کرد و گەڕایەوە ڕۆما، بەیەکەوە چوون بۆ «لەندەن»... لەوێ مێردەکەی بوو بە بەڕێوەبەری ئامۆژگایەکی ئیتاڵی **١٩٥٨ – ١٩٦١**. لە ساڵی **١٩٦٩دا** مێردی دووەمیشی مرد، ناتالیا–ی چیرۆکنووس تا ئەم دواییەش لە –ڕۆما دەژیا.

ئەم ئافرەتە ڕێبازێکی ڕیالیزمی گرتووە و بەری نەداوە، لە **١٩٤٢ تا ١٩٧٥** و ساڵانی دوایش لە بڵاوکردنەوەی کورتەچیرۆك و چیرۆکی درێژ و ڕۆمان و شانۆگەری نووسین نەکەوتووە.

لە تەکنیکی مۆنۆلۆگ بەکارهێناندا ئەوەندە زاتییانە شۆڕ دەبێتەوە ناو دەروونی پاڵەوانەکانی... هەر دەڵێی لەگەڵ خۆی دەدوێ.

لە کتێبی:

ITALIAN SHORT STORIES
Edited by RaleIgh Trevelyan
Penguin Books
p.109-131 .

***

# ئیڤلین

چیرۆکی: جێمس جۆیس

ئێرلەندا

لە نزیك پەنجەرەکەوە دانیشت، دەیڕوانییە ئەو ئێوارەیەی باڵی بەسەر جادەکەدا دەکێشا. سەری بەسەر پەردەی پەنجەرەکەدا لار کردەوە، بۆنی قوماشە کرتیۆنە تۆزاوییەکەی هەڵدەمژی... تا بڵێی شەکەت و هیلاکیش بوو.

چەند کەسانێك تێپەڕین. پیاوێك لە خانوویەکی ئەوپەڕی گەڕەکەکە بەدەرکەوت، بەرەو ماڵەکەی خۆی ڕێگەی گرتە بەر، گوێی بۆ ترپەی هەنگاوەکانی هەڵخست بەرلەوەی بگاتە سەر خەڵووزی جێماوی بەردەم خانووە سوور باوەکان، ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو ناوە گۆڕەپان بووە، هەموو ئێوارەیەك لەگەڵ منالانی گەڕەك یارییان تێدا دەکرد، ئەوەندەی پێ نەچوو کابرایەك لە «بێلفاست»ەوە هات و گۆڕەپانەکەی کڕی، چەند خانوویەکی لەسەر قوت کردەوە – نەك وەکو خانووە بۆر و تەنگەبەرەکانی ئەوان– بەڵکو تا بڵێی خاوێن و دڵگیر بوون، هەمووی لە بلۆك دروست کردن... بە تارمەی بریقەداریش ڕازاندییەوە. منالانی دەوروبەری جادەکە وا ڕاهاتبوون پێکەوە لەو گۆڕەپانەدا یاری بکەن – منداڵەکانی «دیڤین» ، «وۆتەر» ، «دەن» ، «کێو»ی شەل و بچکۆل، ئەم و برا و خوشکەکانی، کەچی «ئێرنست» وەك باڵقێك دوورەپەرێز لێیان دەوەستا. زۆرجاریش کە باوکی دەگەڕایەوە... بەگۆچانە ڕەش و گرنج گرنجییەکەی پەراگەندەی دەکردن، بۆیە جار جارە «کێو»ی بچکۆل خۆی لە پەنایەك حەشار دەدا، کە باوکە دەربکەوتایە... ئەم دەنگی دەدان. تا ئێستاش بۆنی ئەوەی لێ دێ کە ئەوسا بەدڵتر و گۆشادتر بووبن. باوکی وەکو ئێستا تووڕە و تڕۆ نەبوو، دایکیشی ماڵئاوایی لە دونیا نەکردبوو... ئەوەیان سەردەمێکی کۆن و دێرینە، ئێستا

هەموو شتێك گۆڕاوە، خۆی و برا و خوشكەكانی گەورە بوون، دایكیشی خـۆیـان خـۆش، «تـزی دان»یش كـۆچـی كـرد، مـاڵـی «وّتـەر»یش چـوونـە ئینگلتەرە، جا چ شتێك هەیە نەگۆڕێ، بگرە ئەویش ئەویش، وەكو ئەوان، نیازی وایە ماڵەكە بەجێ بێڵێ.

مـاڵ...! چـاوێكـی بـەژوورەكـەدا گـێڕا، دووبـارە چـاوێكـی بـەسەر شتـە ئاساییەكانی ژوورەكەدا خشاندەوە، ساڵەهای ساڵە، هەفتەی جارێك، تۆز و خۆڵیان لێ دادەتەكێنێ، سەری لەوە سووڕمابوو ئاخۆ ئەو هەموو تۆز و خۆڵە لە كوێوە دێ...! دەشێ ئەوەیان دواجار بێ، لەگەڵ ئەوەشدا... هەرگیز خەونی بەوەوە نەدەبینی ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو شتانە بەجێ بێڵێ. تـا ئـێستـاش... نـاوی ئـەو قـەشەیـەی هـەر نـەزانی... ئـەو قـەشەیـەی وێنـە زەردەكەی بەدیوارەكەوە هەڵواسراوە: لە سەرووی «ئۆرگۆن»ە شكاوەكەی تەنیشت پیتە ڕەنگاوڕەنگەكان كە چەند پەیمانێك بوون بۆ –مارگرێت ماری ئالاكۆ–ی پیرۆز، ئەو پیاوەش، كاتی خۆی، لەگەڵ باوكیدا هاوڕێی سەر یەك مێزی قوتابخانە بوون... كە وێنەكەی پیشانی میوانێك دەدا... هەر وا ڕاگوزارانە دەیگوت: «ئێستاكە لە مێلبۆرن–ە».

یەك ڕا بوو لەسەر ئەوەی كە بڕوا، بۆ یەكجاری ماڵەكە جێ بێڵێ... جا ئەوەیان عاقڵییە؟ لە دڵی خۆیدا مەسەلەكەی تاوتوێ كرد، هەرچۆنێك بێ، ماڵ... یانی پەنا و نان، جگە لەوەش... ئەم، ئەو شتانە هەن كە بە درێژایی تەمەن لەگەڵیاندا دەژی، بەهەردوو سەریشەوە ماندوو بوو... جا چ لە ماڵەوە بێ چ لە دەرەوە. باشە خەڵكانی كۆگاكە چی پێ دەڵێن گەر بزانن لەگەڵ زەلامێكدا ڕای كردووە؟ لەوانەیە بڵێن كچێكی كەم عەقڵە، دەست دەكەن بەفستەفست و درۆ و دەلەسە. خاتوو «گاڤان» گەشكە دەیگرێ، خۆ بەردەوام بەقسەی ڕەق سەرزەنشتی دەكرد، بەتایبەتی ئەو كاتانەی كۆگاكە زرمەی دەهات لە خەڵكی... هەموویان گوێیان لێ دەبوو:

«ئەوە چییە كچێ... ئەو خانمانە نابینی».

«تۆزێ وریا بە... کچەکە».

نەخێر... هەرگیز... ئامادە نییە یەك دڵۆپ فرمێسك لە خەمی جێ هێشتنی کۆگاکە بڕێژێ.

هیچ شتێك وەکو خۆی نامێنێ، لە ماڵێکی تازەی خۆیدا و لە وڵاتێکی دوور و بیانیدا، دوای ئەوە شوو بە«فرانك» دەکا، هەموو شتێك دەگۆڕێ، ئیتر بە-ئیڤلین-خان بانگ دەکرێ، خەڵکیش بە جوانی ڕێزی لێ دەنێن، بەشیرینی ڕەفتاری دەگەڵدا دەکەن، بەڵام نەك وەك دایکی، بگرە ئێستاش کە تەمەنی لە نۆزدە ساڵ تێپەڕیوە، هێشتا هەر لەو باوکە توند و تووشەی دەترسێ... هەر ئەم ترسە وای لێ کردووە زووتر پێ بگا، ئا گەیشتووەتە ئەم تەمەنە و کەچی باوکی بەلایدا ناچێ، کەچی "هاری" و "ئێرنست"ی فەرامۆش نەدەکرد... هەرتەنیا لەبەرئەوەی کە ئەم... کچە، لەم دواییەدا پتر پەنجەی لێ ڕادەوەشێنێ، چاوی لێ زەق دەکاتەوە، پێی دەڵێ: گەر لەبەر دایکە گۆڕ بەگۆڕ بووەکەی نەبێ هەر خوا خۆی دەزانێ چیی پێ دەکا، کەس شك نابا بیپارێزێ ئێرنست: ماڵئاوا، هاری-یش لە کەلیسایەکدا ئیشی دەکرد، هەردەمەی لە شوێنێکە و دوور وڵاتە، خۆ سووکە شەڕ و دەمە دەمی بەردەوامی شەوی شەمموان لەسەر پارەوپوول تەواوێ وەڕسی کردووە، هەموو سەرمایەی حەوت شلنگە و ئەویشیان دەخاتە دەستی باوکی، ئەوەی لە توانای هاری-شدا بێ بۆیان ڕەوانە دەکا، بەڵام خەمی ئەوەیەتی چۆن کەم شتێك لە باوکی بکێشێتەوە. باوکی گلەیی ئەوەی لێ دەکرد کە ئەم پارە بەبادا دەدا، گوایە زۆر بێ مێشك و ئاوەزە، جا بۆیە چیتر ئامادەی ئەوە نییە ئەو پارە نازدارەی بەئارەقەی نێوچەوان پەیدا دەکرێ بیداتە ئەو کچەتیوەی خۆی تا ئەمیش بێ پەروا خەرجی کا، شەوانی شەممەش لە هەموو شەوێك زیاتر نەگبەتی بەسەر ماڵەکەدا دادەباری، دوای بینە و بەردەیەکی زۆر پارەکەی دەدایێ، سۆراغی کڕینی نانی شێوانی لێ دەکرد، ئەمەش وەك تیسکەی تفەنگ بۆی دەردەچوو تا کاروباری نێو بازاڕ ئەنجام بدا، توند

دەستی دەخستە سەر جزدانە ڕەشەکە، جزدانێکی قایش، هەر بەئانیشك ڕێگەی خۆی بەنێو ئەو حەشاماتەدا دەکردەوە، دواییش بەبارێکی گرانەوە دەگەڕایەوە، چ ئەرکێکی قورس بوو تا ئەوماڵەی خڕ دەکردەوە، دەبووایە ئاگای لەو دوو مناڵەش بێ کە بەسەریدا بەجێ مابوون، دەبووایە بەتێر و تەسەلی بچنە قوتابخانە، ئەشکەنجەیە –ژیانێکی تاڵ– بەڵام ئێستاکێ کە ئەوەندەی نەماوە بەجێی بێڵێ... وا بەئازار و زەحمەتی نازانێ.

زۆری ڕۆیشتووە و کەم ماوە، هەمووی ساتەوەختێکە و لەگەڵ فرانك–ی خۆشەویستیدا دەخزێنە نێو دونیایەکی تر، فرانك دڵسۆزە، پیاوانەیە، بەوەفایە. هاتنە سەر ئەوەی شەوێ لە شەوان بەپاپۆڕ بۆی دەرچن... تا دەگەنە «بۆینس ئایرس» و لەوێ دەگیرسێنەوە، لەوێ ماڵێکی بێ کەموکوڕی چاوەڕێی دەکا، ورد و درشتی یەکەم دیدەنیی بەیاد هاتەوە، فرانك لە خانوویەکی سەر شەقامی سەرەکی کرێ گرتە بوو، ناو ناوەش ئیڤلین هاموشۆی ئەو ماڵەی دەکرد، هەمووی چەند هەفتەیەك لەمەوبەر بوو فرانك لە ناو دەرگاکە وەستا بوو، شەفقە قووچەکەی فڕێ دابووە پشتی سەری، کاکۆڵی بەسەر تەوێڵ و ڕووە برۆنزییەکەیدا پەخش کردبوو، زۆری پێ نەچوو ئاشنای یەکدی بوون، هەموو دەمەو ئێوارەیەك یەکدییان دەدی، تا نزیك ماڵەوە بەیەکەوە دەگەڕانەوە. ڕۆژێکیان بۆ بینینی شانۆگەری «کچە کێوی»یەکە چوون، نا ئاسایی جێگەی خۆیان کردەوە، لە خۆشییانا شاگەشکە بوو. فرانك شەیدای مۆسیقا بوو، کەم کەمیش گۆرانی دەوت، بەرە بەرە خەڵکەکە بەو ئەوینەی زانی کە فرانك گۆرانی بۆ ئیڤلین دەچڕێ، خۆشییەکی شێلوو دای دەگرت و... دەشڵەژا، گۆرانی بەسەر ئەو کچەی حەز لە کەشتیوانێك دەکا. جێی سەرسامییە کوڕێك هاوڕێیەتی و ئەمیش خەریکە خۆشی بوێ. زۆر چیرۆك و بەسەرهاتی هەندەرانی لایە. سەرەتا مانگی بەپاوەندێك بووەتە شاگردی دەریاوانانی سەرگەمییەکەی «ئالان لاین» کە بەرەو «کەنەدا» سکی دەریای شەقار کردووە، ناوی هەموو ئەو پاپۆڕانەی

بۆ ئیڤلین ژمارد: ئەو پاپۆڕانەی کاری تیا کردووە، ناوی هەموو کارو پیشەیەك کە پێی ژیاوە، چۆن بە گەلی «ماجەلان»دا تێپەڕیوە، باسی «پەتەگۆن»ە تووشەکانی بۆ گێڕایەوە، پاشان چۆن لە بۆینس ئایرس گیرسایەوە، وتیشی تەنها بۆ هەوا گۆڕین و سەردان هاتووەتەوە ئەم وڵاتە کۆنینە. هەڵبەتە باوکی بە پەیوەندییەکەی زانی و هەڕەشەی لێ کرد کە ناکرێ چیتر لەگەڵ ئەو کابرایە دڵ بگۆڕنەوە.

دەیوت: «من ئەو مناڵە کەشتییەوانانە چاك دەناسم».

هەر ئەو ڕۆژە باوکی لەگەڵ -فرانك-دا تێك گیران، بۆیە لەو ڕۆژەوە بەدزییەوە دیدەنیی یەکدی دەکەن.

تاریکی خەستتر ڕژایە سەر جادەکە، بەئاستەم سپیاتی دوو نامە لە نێو لەپی دیار بوو، یەکیان بۆ «هاری» و ئەوی تریان بۆ باوکی. ئێرنست ئازیزی بوو، بەڵام هاری-یشی زۆر خۆش دەویست. باوکیشی وەك ئەوسا نەماوە، تەمەن بڕستی لەبەر بڕیوە، ئاشکرایە... کە کچەکەی خۆی ناناسێتەوە، دەم دەمیش لەسەرخۆ و هێمنە. ئەوەندە لەمێژ نییە... جارێکیان نەخۆش کەوت و لە ماڵێ مایەوە، باوکیشی چیرۆکی دێو و درنجی بۆ دەگێڕایەوە، شتی بۆ دەبرژاند، ڕۆژێکی تر... ئەوساکە دایکیان هێشتا نەمردبوو، هەموو بەیەکەوە چووبوون بۆ سەیرانگای «گردی هاوث» و بیری کەوتەوە کە باوکە شەفقەی دایکیانی لەسەر نا تەنیا بۆ ئەوەی مناڵەکانی بترقێنەوە.

ئەو ماوەیەی زوو بەسەردا تێپەڕی، هێشتا لە نزیك پەنجەرەکەوە دانیشتبوو، سەری بەسەر پەردەکەدا لار کردبووەوە، بۆنی کریتۆنە تۆزاوییەکەی هەڵدەمژی. لەو پەڕی شەقامەکەوە سەدای ئۆرگۆنێك دەهاتە بەر گوێی. نەغمەکەی ناسییەوە، سەیرە ئەم ئاوازە وای لێ دەکا یادی ئەو شەوە بکاتەوە کە پەیمانی بەدایکی دا: پەیمانی ئەوە تا لە ژیان ماوە ئاگای لە یەکگرتنی ماڵەکە بێ و جوان بەڕێوەی ببات، دوا شەوی

سەرەمەرگی دایکی هاتەوە یاد، هەروەها ئەوسا خۆی لە ژوورە تاریکەکەی تەنیشت هۆڵەکەی خۆی بینییەوە، لە دەرەوەش سەدای ئاوازێکی غەمهێنی ئیتالی دەهاتە بەرگوێ، شەش پێنسییەکیان خستە ناو لەپی ئۆرگۆن ژەنەکە و داوایان لێ کرد دوور بکەوێتەوە، باوکیشیان بەتاو هاتەوە ژووری ژێربۆن کەوتووی نەخۆشی و دەیوت:

«نەفرەت لەو ئیتالییانە... گەیشتنە ئێرەش». بیری لەو ژیانە سەخت و نالەبارەی دایکی کردەوە، بگرە کاری کردووەتە سەر تەواوی ژیانی ئەمیش... ئەو ژیانە سارد و بێ تامەی کە خەریکە شێتی بکا. لەتاو ورێنەی ئەو شەوەی دایکی هەموو گیانی کەوتە لەرزین... هاتەوە بەرگوێی... چەند گێلانە دووپاتی کردەوە:

«دریفۆن سیرۆن... دریڤۆن سیرۆن».

کتوپڕ بەترسێکی زۆرەوە هەستایە سەر پێ. ڕەدووکەوتن...! چار نییە... هەر دەبێ ڕەدوو بکەوێ. فرانك دەیپارێزێ، ژیانی پێ دەبەخشێ... وێڕای ئەوەش... لەوانەیە خۆشەویستیشی پێ ببەخشێ. بەڵام ئەم تەنیا ژیانی دەوێ. ئیتر بۆ دەبێ خەمناك بێ؟ هەقی خۆیەتی کامەران بێ. فرانك دەیگرێتە باوەش... دەست لە گەردەنی ناکاتەوە. بێ شك ڕزگاری دەکا.

خۆیان کرد بەناو وێستگەی –نۆرث وۆل– کە جمەی دەهات لە خەڵکی... قەڵەباڵغییەکەی شەپۆلی دەدا، فرانك توند دەستی ئیڤلین–ی گرتبوو، ئاگای لەوە بوو کە قسەی بۆ دەکا، دووبارە و سێ بارە باسی سەفەر و ڕێگاکەی بۆ دەکرد.

سەربازەکان بەخۆیان و بەهەگبەی خاکییانەوە ئەو ناوەیان قەڵەباڵغتر کردبوو، لە دەرووە گەورەکانی کەپرەکانەوە چاوی کەوت بەگەمییەکی ڕەشباو کە لەتەك شۆستەی بەندەرەکەدا لەنگەری گرتبوو... کونەکانی لاتەنیشتیش تیشکیان لێوە دەباری. ئیڤلین وەڵامی هیچ قسەیەکی نەدەدایەوە. ڕەنگی هەڵبزڕکا، کوڵمەکانی سارد داهاتن، لە گەرمەی

حەپەسان و ئازاری خۆی لە یەزدان دەپاڕایەوە دەستی بگرێ، بیخاتە سەر ڕێگەیەکی ڕاست... ئەو هۆشەی پێ ببەخشێ کە ئەرکی سەرشانی خۆی بزانێ. گەمییەکە بەنێو تەمەکەدا زریکەی لێ بەرز بووەوە: زریکەیەکی درێژ و غەمهێن. ئەگەر بڕوات... سبەی ئەم و فرانك لە نێو دەریادا دەبن... ڕووەو –بۆینس ئایرس– دەکەونە ڕێ. جێگاشیان بۆ گیرا بوو. ئاخۆ ئێستاش لە توانایدا هەیە بگەڕێتەوە... دوای ئەو هەموو بەزم و ڕەزمە؟ ئەو کارەساتە تووشی سەرسووڕانی کرد... قوڵپی ڕشانەوەی پێ دەدا، بەکپی و بێ لێو بزواندن لە نوێژێکی گەرمدا بوو.

زەنگێك لە دڵیا لێی دا... هەر ئەوەندەی زانی دەستی لە نێو دەستی "فرانك" دایە...

«وەرە دەی...!»

هەموو دەریاکان لە دڵیا شەپۆڵیان دەدا، فرانك–یش بەرەو قووڵاییی دەریاکان ڕای دەکێشا: دیارە دەیخنکێنێ، بەهەردوو دەست پەرژینە ئاسنینەکەی گرتبوو

«دە وەرە دەی...!»

نا...! نا...! نا...! هەرگیز ناشێ. زۆر شێتانەو بەتووڕەیی هەردوو دەستی بەشیشەکەوە قرساند. لە نێو هەموو دەریاکاندا هاوار و نرکەی ئازارێکی کوشندەی لێ بەرز بووەوە.

«ئیڤلین! ئیڤی!»

فرانك لەو دیو شوورەکەوە بەتاو ڕای دەکرد، بانگی ئیڤلین–ی دەکرد و بەدوای کەوێ. ئەمیش بانگی لێ دەکرا بەردەوام... بێ، بەڵام ئەویش دەنگی کەوت ئەوەندەی بانگی ئیڤلین بکا... کەچی ئیڤلین ڕوویەکی سارد و زەرد و بێ باکانەی بۆ وەرچەرخاند... وەك گیانلەبەرێکی بەستەزمان و بێ دەسەڵات... وەلێ چاوەکانی نە خۆشەویستیی لێ دەباری، نە نیشانەی ماڵئاوایی... نە ناسینەوە و ئاشنایەتی.

**کورتەی ژیانی**

* جەیمس جۆیس بەڕەگەز ئێرلەندییە و لە ٢ی شوباتی ١٨٨٢دا و لە شاری دەبلن– لە دایك بووە.
* کە قوتابی بووە حەزی بەشیعر و لاتینی و فێربوونی زمانەکان کردووە.
* لە ١٨٩٨دا چووەتە کۆلیژی «دەبلن» و لەوێ خەریکی خوێندنی فەلسەفە و زمان بووە.
* حەزی بە شانۆش کردووە.
* لە ١٩٠٢دا چووەتە پاریس و لە ١٩٠٣دا گەڕایەوە دەبلن: لەو کاتەدا بوو کە دایکی کۆچی دوایی کرد.
* تا ١٩٠٤ لە –دەلکی– مامۆستا بووە و هەر لەو ساڵەشدا ژنی هێناوە.
* لە ١٩١٢دا بۆ دووبارە گەڕایەوە –دەبلن– و هەوڵێکی سەرنەکەوتووانەی دا بەو نیازەی کۆمەڵە چیرۆکی ″خەڵکانی دەبلن″ بڵاو بکاتەوە.
* کە جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵگیرسا، ئەم و ژنەکەی و دوو منداڵەکەی لە «زویرخ» مانەوە و ئەوپەڕی برسییەتی و نەبوونییان چەشت.
* لە ١٩٢٢دا ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (یولیسیس) بڵاوبووەوە.
* لە ١٩٤١ کۆچی دوایی کرد.

لە کتێبی:

James Joyce Dubliners - Penguin Books (34-39)

***

# شوێنێکی پاك و ڕووناك

چیرۆکی: ئێرنست هێمنگوای

کات درەنگ بوو، جگە لە پیرەمێردێك کە لە ژێر سێبەری درەختەکە و ڕووبەڕووی دارتەلی کارەباکە دانیشتبوو، کەس لە مەیخانەکەدا نەما بوو. بەڕۆژ ئەم شەقامە، تەپوتۆزێکی زۆری لێ هەڵدەستێ، بەڵام شەوانە شەونم دادەبارێتە سەر تۆزەکە و دەیمرێنێ، پیرەمێردەکە حەز بەوە دەکا تا درەنگانێك لەوێ دانیشێ... ئەگەرچی کەڕیشە... بەڵام هەست بەوە دەکا ئەمێستا شەوەو دونیا کپ و خامۆشە، هەردوو مەیگێڕی ناو مەیخانەکە دەیانزانی کە پیرەمێرد کەمێ سەرخۆشە، ئەگەرچی مەیخۆرێکی بێ عەیب و هەمیشەیی ئەو مەیخانەیە بوو... بەڵام دەشیانزانی ئەگەر زۆر بخواتەوە دەڕوا و پارەکەش نادا... جا بۆیە هەردووکیان چاویان تێ بڕیبوو.

یەکێك لە مەیگێڕەکان بە برادەرەکەی وت:

– هەفتەی ڕابردوو ویستبووی خۆی بکوژێ.

– لەبەر چی؟

– وەڕسی و بێزاری.

– بێزاری لە چی؟

– لە هیچ!

– چۆن زانیت لە هیچ؟

– ئاخر ئەم کابرایە پارەوپوولی زۆرە.

هەردووکیان لەسەر مێزێکی پاڵ دیوارەکە و نزیکی دەرگای مەیخانەکە دانیشتبوون لەسەر بەرزاییی هەیوانەکەوە سەیرێکی دەرەوەیان دەکرد کە مێزەکان چۆڵ بوون جگە ئەو شوێنە نەبێ کە پیرەمێردەکە لێی دانیشتبوو...

لە ژێر سێبەری گەڵاکانی درەختەکە کە بەدەم «با»وە بەئاستەم و لەسەرخۆ دەشنانەوە. کچێك و سەربازێك بەشەقامەکەدا تێپەڕین. نیشانەی مسینیی سەر یاخەی سەربازەکە لە ژێر ڕووناکیی گڵۆپی سەر شەقامەکە دەبریسکایەوە، کچە، بێ سەرپۆش، لەتەك سەربازەکەدا ڕایدەکرد.

یەکێك لە مەیگێڕەکان وتی:

«دوایی پۆلیس هەڵی دەگرنەوە».

«باشە چی تێدایە گەر ئەم کابرایە ئەو شتەی چنگ بکەوێ کە بەدوایدا وێڵە؟»

«باشتر وایە ئەم شەقامە زوو جێ بێڵێ... ئەگینا دەیگرن. هەموو پێنج دەقیقە دەبێ یاساوڵەکان لێرەوە ڕۆیشتن».

پیرەمێردی ژێر سێبەرەکە بە پەرداخەکە لە قاپەکەی بەردەمی دا. مەیگێڕە لاوەکەیان گەیشتە بەردەمی:

«چیت دەوێ؟»

پیرەمێرد سەیرێکی کردو گوتی:

«براندییەکی تر...»

مەیگێڕەکە پێی وت:

«دەترسێم سەرخۆش بیت».

پیرەمێرد مۆڕەیەکی لێ کرد. مەیگێڕ بەجێی هێشت.

«لەوە دەچێ ئەمشەو لێرە جێی داخا،» ئەمەی بە مەیگێڕە پیرەکە وت –«ئای کە خەوم دێ. هێشتا نەبووە، جارێ لە جاران، پێش سەعات سێ بچمە ناو نوێن. دەبووایە هەفتەی ڕابردوو خۆی بکوشتایە».

مەیگێڕەکە بوتڵێکی براندی و قاپێکی تری لە کاونتەری ناو مەیخانەکەوە هێناو ڕووەو مێزی پیرەمێردەکە خزا. قاپەکەی خستە سەر مێزەکە و پەرداخەکەی بۆ پڕ کرد لە براندی.

بەپیرەمێردە کەڕەکەی وت «دەبووایە هەفتەی ڕابردوو خۆت بکوشتایە».
پیرەمێرد بەپەنجەیەك ئیشارەتی بۆ کرد... هەروەك پێی بڵێ –«کەمێکی تر...» مەیگێڕەکەش پەرداخەکەی بۆ پڕتر کرد تا لێی ڕژاو بە پەرداخ و قاپ و مێزەکەدا هاتە خوارێ. پیرەمێردەکە بوتڵەکەی بردەوە ناو بارەکە لەگەڵ هاوڕێیەکەی لەسەر مێزەکە دانیشت و وتی:

«ئێستا سەرخۆشە».

«ئەم پیرەمێردە هەموو شەوێك سەرخۆشە».

«بۆ ویستبووی خۆی بکوژێ؟»

«جا من چۆن بیزانم؟»

«باشە ئەمەی چۆن کرد؟»

«ویستبووی بە گوریسێك خۆی بخنکێنێ».

«ئەی کێ ڕزگاری کرد؟»

«کچی براکەی».

«جا ئەوەیان بۆ کرد؟»

«تەنیا لەبەر ژیانی خۆی».

«ئاخۆ دەبێ چەندی هەبێ؟»

«زۆری هەیە».

«ڕەنگە تەمەنی هەشتا ساڵێك بێ».

«وابزانم... هەشتا بووە».

«خۆزگە دەڕۆیشتەوە. قەت نەبووە پێش سەعات سێ بخەوم. ئەمەیان چ وەختێکە بۆ خەوتن؟»

«ئەم درەنگ هەڵدەستێ... چونکە حەزی لێ دەکا».

«ئەو تەنیایە... من تەنیا نیم، من ژنم هەیە و لە پێخەفەکەیدا چاوەڕێمە».

«ئێستا ژن بەکەڵکی ئەم نایە».

«ئەویش کاتی خۆی ژنی هەبووە».

«ناتوانیت وا بڵێی. دەشێ لەگەڵ ژنێك حاڵی باشتر بووایە».

«ئەم کچی براکەی ئاگای لێیەتی».

«دەزانم. وتت – هەر ئەویش لە خۆ خنکاندن ڕزگاری کرد».

«حەز ناکەم وەك ئەو پیر بم. پیاوی پیر شتێکی پیسە».

«مەرج نییە. ئەم پیرەمێردە خاوێنە. دەخواتەوە بێ ئەوەی بڕشێتەوە و خۆی پیس بکا... هەتا گەر سەرخۆشیش بێ... ئەها سەیرکە».

«نامەوێ سەیری بکەم. چەند حەز دەکەم بڕواتەوە. ئەم هیچ گوێ بەو کەسانە نادا کە دەبێ کار بکەن» پیرەمێرد لەو دیو پەرداخەکەوە بەسەر ئاسمانی حەوشەکەدا سەیرێکی مەیگێڕەکانی کرد. ئیشارەتێکی بۆ پەرداخەکە کرد... وەك ئەوەی پێیان بڵێ: «براندییەکی تر...»

ئەو مەیگێڕەی کە پەلەی بوو بەرەو لای هات و وتی:

«تەواو... نییە...» بێ باکانە و پچڕ پچڕ دەیدواند وەك ئەو گێلە پیاوانەی لەگەڵ سەرخۆش و بێگانە دەدوێن. «بۆ ئەمشەو تەواو... هەنووکە دای دەخەین».

پیرەمێردەکە دووبارەی کردەوە:

«پێکێکی تر...»

«تەواو... نییە». مەیگێڕەکە بە خاولییەك ڕۆخی مێزەکەی سڕییەوە و سەری بۆ ڕاوەشاند پیرەمێردەکە هەستایەوە و قاپەکانی ژمارد، جزدانێکی قایشی لە گیرفانی دەرهێنا و پارەی خواردنەوەکەی دا. نیو «بیزیتا»شی بۆ بەخشیش بەجێ هێشت.

مەیگێڕەکە سەیرێکی پیرەمێردەکەی کرد کە بەجادەکەدا شۆڕ دەبووەوە، ئەگەرچی پیرەو لەتری دەدا...

بەڵام بە ویقارەوە ڕێی دەکرد.

ئەو مەیگێڕەی کە پەلەی نەبوو... وتی:

«بۆ لێی نەگەڕای دانیشێ و بخواتەوە؟»

بەجووتە دەرابەی پشت پەنجەرەکانیان دادەدایەوە.

پاشان وتی: «خۆ هێشتا سەعات دوو نیو نەبووە».

«من دەمەوێ بچمەوەو... بخەوم».

«جا سەعاتەوەختێك چییە؟»

«بۆ ئەو نا... بەڵام بۆ من زۆرە».

«بۆ سەعاتێك هیچ ناگۆڕێ».

«تۆش وەك پیرێکی خڵەفاو دەدوێی. دەتوانی بوتڵێك بکڕێ و لە ماڵەوە بخواتەوە».

«ئاخر جیاوازە...»

«ڕاستە... جیاوازە». مەیگێڕە گەنجەکە، کابرای بەژن و ماڵ، ئەمەی وت و حەزی نەکرد برادەرەکەی دڵگیر بکا و ناهەقی بخاتە پاڵ... تەنها ئەوە بوو کە پەلەی بوو بچێتەوە.

«ئەی تۆ؟ ترسی ئەوەت نییە پێش وەختی خۆت بچیتە ماڵەوە؟».

«نیازت وایە بمشکێنیت؟»

«نا برادەر... حەزم لە گاڵتەیەو بەس».

«نەخێر» ئەو مەیگێڕەی پەلەی بوو لە داخستنی تەختەی پشت پەنجەرەکان بووەوە و وتی:

«نەخێر... من باوەڕم بەخۆمە... من هەموو گیانم باوەڕە».

مەیگێڕە پیرەکە وتی: «ئێ تۆ گەنجیت، باوەڕت بەخۆتە، خاوەن کار و پیشەیت... تۆ لە هیچت کەم نییە».

«ئەی تۆ لە چیت کەمە؟»

«هەموو شتێك تەنیا ئیش نەبێ».

«تۆش هەموو ئەو شتانەت هەن کە من هەمە».

«نەخێر... من هەرگیز باوەڕم بەخۆم نییە و هەروا بێتەوە گەنجیش نیم.»

«پەلەکە... قسەی هیچ بەسە و با دایخەین».

مەیگێڕە پیرەکە وتی:

«من خۆم یەکێکم لەوانەی حەز دەکەم تا درەنگانێ لە مەیخانەدا بمێنمەوە. من لەو کەسانەم کە حەز بەخەو ناکەن... لەوانەشم کە شەوانە حەز بەڕووناکی دەکەن».

«بەڵام من حەز دەکەم بچمەوە و بنووم».

مەیگێڕە پیرەکە وتی:

«من و تۆ... هەریەکەمان لە هەوایەکداین».

خۆی گۆڕیبوو بڕواتەوە. «مەسەلەکە پەیوەندیی بەگەنجیەتی و بڕواوە نییە... ئەگەرچی ئەم شتانە جوانن. هەموو شەوێك حەزناکەم دایخەین نەبا کەسێك هەبێت و حەز بە قاوە بکا...»

«کاکی من... خۆ قاوەخانە و باڕی تر زۆرن کە تا بەیانی داناخرێن.»

«تۆ تێم ناگەی... ئێرە پاك و دڵکراوەیە... زۆریش ڕووناکە... ئەم ڕووناکییەش شتێکی جوانە... بێجگە لە سێبەری ئەم گەڵایانەش».

کوڕە لاوەکە بەپیرەکەی وت- «شەوباش...» مەیگێڕە پیرەکەش وتی- «شەوباش...»

«دوای گڵۆپ کوژاندنەوە، پیرەمێرد، لەگەڵ خۆیدا، کەوتە قسەکردن»

- «بەڵێ... ڕووناکی پێویستە... زۆریش... بەڵام خۆ دەبێ شوێنەکە پاك و

دڵگیر بێ، پێویست بەمۆسیقاش ناکا... بێ گومان مۆسیقای ناوێ، پیاو ناتوانێ لە بەردەم بارێکدا بخواتەوە و ڕێزی خۆشی بپارێزێ... هەرچەندە ئەم جۆرە بارانەش تا درەنگ دای ناخەن... لە چی بترسێ؟ مەسەلە ترس و تۆقین نییە، مەسەلە هیچی و بێهوودەییە... ئەویش چاك دەیزانی، هەمووی هەر هیچە... پیاویش هەر شتێکی هیچە، هەمووی هەر ئەوە بوو... تەنیا پێویستی بەڕووناکی و کەمێ پاکی هەیە... حەزیشی لە ڕێکوپێکییە... هەندێك لە نێو ئەم هیچییەدا دەژین و قەتیش هەست بەو هیچییە ناکەن... بەڵام ئەم دەیزانی هەمووی هەر هیچە و بەدوای هیچدا، دوایی هیچ و... دوای ئەوەش هیچتر ئەو هیچییەی ئێمە لە پای هیچدایە... هیچی دەبێ بە ناوت و هیچی دەبێ بە مەملەکەتت... دەبا ڕوانگە و ڕەوت و ڕێت هیچی بێ لە نێو هیچدا... هەروەك خۆی کە هیچە... ئەم هیچییەمان پێ ببەخشە... هیچییەتیی ڕۆژانەمان... ئەو هیچییەمان کە لەپای هیچدایە... ئێمەی هیچ و ئەو هیچییەی خۆمان و نەبوونی هیچی و نقومی هیچی... لە پێناو هیچی ڕزگارمان کە لەم هیچییە... مەرحەبا ئەی هیچی پڕ لە هیچی... هیچیی لەگەڵتایە...».

زەردەخەنەیەك گرتی و لە بەردەم بارێکدا وەستا، ماکینەیەکی قاوەیی بریسکەدار لەسەر کاونتەرەکە دانرابوو کابرای بارمان لێی پرسی:

«چیت گەرەکە؟»

«هیچ...»

بارمانەکە ڕووی وەرگێڕاو وتی:

«ئەوەش شێتێکی تر...»

مەیگێڕە پیرەکە وتی: «پێکێکی کەم...»

خاوەن بار بۆی تێ کرد.

مەیگێڕەکە وتی: «ئێرە دڵگیرە و ڕووناکییەکەشی بە تینە... بەڵام ئەوەندە

خـاوێن و بـاوێن نـیـیـە». بـاڕمـانـەکە سەیرێکی کرد بـۆ ئـەوەی وەڵامـی بداتەوە. شەو لەوە درەنگتر بوو قسەی تیا بکەن.

باڕمانەکە لێی پرسی: «حەز لە پێکێکی تر دەکەی؟» پیرەمێرد وتی – «نەخێر... سوپاس».

پاشان چووە دەرەوە.

قینی لەم جۆرە باڕ و مەیخانانە دەبووەوە. بەڵام مەیخانەیەکی پاك و ڕووناك زۆر جیاوازە. ئێستاش بێ بیرکردنەوەی زیاتر... ڕووەو ژوورە تـەنـیـاکـەی دەگـەڕێتـەوە... لـە نێو جێگاکـەیدا ڕادەکشێ و دوایی... لـەگـەڵ سپێدەی بەیاندا چاوی دەچێتە خەو... پاشان لە دڵی خۆیدا وتی:

«هیچ نییە... خەوزڕانە... زۆر کەسیش پێوەی دەتلێتەوە».

***

**کورتەی ژیانی**

* هێمنگوای لە **٢١**ی گەلاوێژی ساڵی **١٨٩٩** لە دایك بووە.
* لـە نـووسیندا شێوازێکی تـایبـەت و سەربـەخۆی هـەبـووە... ڕستەکانی کورت و برووسکەیی بوون.
* نووسینەکانی، چیرۆك و ڕۆمانەکانی پەیوەندییان بەژیانی خۆیەوە هەبوو.
* لە جەنگی دووەمی جیهانی بەشداری کردووە.
* کاتێ کە جەنگی ناوخۆی ئیسپانیا دەستی پێ کرد، ئەم چووە پاڵ کۆمارییەکان.
* ماوەیەك لە ڕۆژنامەی «کانساس سیتی ستار» بەکاری ڕۆژنامەنووسی هەڵساوە.
* هـەمـیشە ڕووبـەڕووی مـەرگ بـووەتـەوە و چـەنـدەهـا جـار بەشداریی شەڕ و شۆڕی کردووە، لە ڕاو و زۆرانبازیدا بێ

هاوتا بووە. زۆر حەزی بە یاری و بەزمی شەڕە گا کردووە.

* هەندێ لەو باوەڕەدان کە تارماییی مەرگ بۆ هەمیشە بەسەر سەرییەوە بووە... بۆیە نەیویستووە چاوەڕێی مەرگ بکا... بەڵکو بەدوایدا گەڕاوە.
* یەکێك بووە لەو نووسەرانەی کە باوەڕی بەوە هەبووە کە سەردەمی منداڵی کار دەکاتە سەر ڕێڕەوی نووسەر... بۆیە وتوویەتی: «بۆ نووسەر، باشترین قوتابخانە، منداڵییەکی پڕ نەهامەتی و دەردەسەرییە.»
* چوار ژنیشی هێناوە.
* لە ساڵی (١٩٦١) خۆی کوشت.
* لە شاکارە ڕەنگینەکانی هێمنگوای:

١- بۆ کێ زەنگەکان لێ دەدرێن.

٢- پیرەمێرد و زەریا... ساڵی (١٩٥٤) نۆبڵی لەسەر وەرگرت... بێجگە لە خەڵاتی (پۆلتیزەر).

٣- دیسانەوە خۆر هەڵدێ.

٤- چەك فڕێدان.

٥- جگە لە چەندەها ڕۆمان و چیرۆکی تر.

لە کتێبی:

Story and Structure
Second Edition
haurence Perrine
Southern Methodist University
C 1959. 1966
Printed in The United
States of America.

***

# کۆچی ژنێك

چیرۆکنووسی فەرەنسی
گی. دی. مۆپاسان

خـۆشمـویست و... شێتـی بـووبـووم. ئـاخر خـۆشەویستـی بـۆ؟ چـەند سەیرە هـەموو دونیا لە نێو چاوی تاکە کەسێکدا بەدی بکەی، تاکە خـەیاڵێك لە مێشکتدا بخولێتەوە، تاکە یەك ئارەزووی کێوی لە دڵتا گینگڵ بدا، تاکە نـاوێك هــەمـیشە لــەسەر زبــانت بــێ. نــاوێك لــە قــووڵایــیــی ڕۆحــتــەوە دەریبێنیت... وەك چۆن کانی لە سەرچاوەیەکی قووڵەوە دێ. ناوێك، لە بەیانییەوە تا ئێوارە، هەمیشە چرپەی سەر لێوانت بێ... وەکو نوێژ و دوعایەکی پیرۆز هەموو دەم بیڵێیتەوە.

نـامـەوێ بـەنێو چیرۆکی خۆشەویستیمدا گەشتێکتـان پـێ بکـەم، خۆ چیرۆکەکانی عیشق و ئەوین زۆربەیان یەك بابەتن، هەمووی هەر ئەوەیە: تـووشی بـووم و... حـەزم لـێ کـرد... ئـەوەش هـەمـوویـەتـی، بـۆ ساڵـێکـیش سەرمەستی حەزی ئەو شۆخە بووم، لە باوەشی ئەو نازدارە، لە نێو گەرمیی ماچ و مووچ و دەست لە ملانێ ئەو دولبەرە دەتوامەوە، لە نیگاکانیا... جلوبـەرگی... وشەکـانیدا... کـاس بـووبـووم، بـەو بـەسترا بـوومـەوە، بـەندی هـەموو شتێك بووم... شتێك بووایە لەو... بەو بایە دەژیام کە لەلای ئەوەوە دەهـات... بەهـەموو بوون و ویژدانی خۆمـەوە... لە ناخەوە خۆشم دەویست. وام بەسەرهـات... شەوم لە ڕۆژ جوێ نەدەکردەوە، نەمدەزانی من مردووم یاخود ماوم، لەم دونیا کۆنەم یا ئەوەتا لە جیهانێکی دیکەم و... دەژیم.

پاشان کتوپڕ کۆچی کرد و... بەجێی هێشتم. چۆن؟ خۆیشم نازانم، ئێستاش وڕوکاسی ئەوەم کە بیزانم.

شەوێکی باران... بەجلوبەرگی تەڕەوە گەڕایەوە ماڵ، بەیانی کە ڕۆژ

بووەوە دەکۆکی، دوای هەفتەیەك کۆکین کەوتە ناو جێ.

باشە دوایی چی بەسەرهات؟ چوزانم... منیش نایزانم. گەلێ دکتۆر هاتن و ڕەچەتەیان بۆ نووسی، هەرچییان بۆ کرا... درێغییان لێ نەکرد، کەڵکی نەبوو، ئافرەتێك شۆربای لە قوڕگی دەکرد، دەستەکانی ئەوەندە گەرم داهاتبوون. دەتوت پەنگرن، نێوچەوانی تەڕ... دەشسووتا، چاوەکانیشی دەیانترووسکاند... بەڵام پڕ بوون لە خەم، زۆرم دواند، وەڵامی دەدامەوە، چیمان وت؟ جا چووزانم؟ هەموو شتێکم بیرچووەوە، هەموو شتێك. خاکوخۆڵ دایپۆشی، نرکە نرك و هەناسە بڕکێی وەك ئێستا بێ و لە یادم ناچێ، دوا هەناسەی... کە سستەرەکەش... ئاخێکی دا.

لەو ڕۆژەوە لە هیچ تێناگەم و هیچیش وەرناگرم، نەخێر... هیچ تێناگەم و هیچیش وەرناگرم. نەخێر... هیچ... هەرگیز. ئەو قەشەیەی لە شۆرینی بووەوە... منجەیەکی لێوە هات... مەبەستی بوو بەخراپە ناوی بێنێ، لەوەتەی کۆچی کردووە... نەمهێشتووە هیچ کەس ئەو نهێنییەی لێ بزانێ. ئەوەندە لێی پەست بووم بەپاڵ کردمە دەرەوە... هەر بەدەرکردن دەرم کرد. یەکێکی دیکە هات... پیاوێکی چاك، ڕاست و سەر ساغ، ڕۆح سووك، هەرچەند جارێ ناوی دەهێنا... من دەگریام.

سەبارەت بە ناشتنەکەی زۆریان قسە کرد... لەو غەڵبە غەڵبەی ئەوان حاڵی نەبووم، بەڵام ئێستا کفنەکەی وا لە بەرچاوم، تەقەی ئەو چەکوشەی تابووتەکەیان پێ بزمار ڕێژ کرد، ئۆف... خوایە گیان... ئەو نازدارەیان ناشت... لەو قۆرتە تەنگ و تاریکە ناشتیان. تەنیا چەند برادەرێك لە پرسەکەیدا ئامادە بوون... هەروەکو شێت تاوم دا، بۆی دەرپەڕیم... بۆ چەند سەعاتێك هەموو شەقامەکانم تەی کرد، تا شل و کوت بووم، پاشان گەڕامەوە ماڵێ، بۆ ڕۆژی دواتر سەفەرم کرد.

دوێنێ لە پاریس هاتمەوە، کە چوومە ژووری نووستن... چاوم بەپێخەفەکەی خۆمان کەوت... پێخەفی دوو نەفەری، کەلوپەلی ژوورەکە،

ئـەو مـاڵـەی بـەزینـدوویـی جـێ پـەنـجـەی ئـادەمـیـزادێـکـی لـەسـەر نـەخـشـاوە... لەسەر هەموو شتێکی... ئەو شتانەی مەرگ لە دوای خۆیەوە جێیان دێڵێ. خەمێکی قورس و ڕۆحکێش دایگرتم، ئەوەندەی نەمابوو لە پەنجەرەکەوە خۆم فڕێ دەمەوە سەر جادەکە. نەمتوانی لەوە زیاتر لەوێ بگیرسێمەوە، لە نێو تارمایـیی ئەو هەمـوو شتانەی چوار دەوریـان گرتووم، لە نێوان ئەو چوار دیوارەی ئەویان پاراستووە... ئاخر چۆن بتوانم... کە سوور بزانم لە نـێو درزی بـچـووکـی ئـەو دیـوارانـە هـەزاران گـەردیـلـەی بـوون و بـۆن و هەناسەی ئەو ماوەتەوە. دەستم برد بۆ شەفقەکە و دەرپەڕیم، لەپڕ بەرەو دەرگاکە ملم نا، بەلای ئاوێنەیەکی گەورەی ساڵۆنەکەدا تێپەڕیم، بەدەستە ناسکەکانی خۆی لەوێ دای چەقاندبوو، تا تێر تێر لە مووی سەرییەوە بۆ پەنجەی پێی ببینێ... گومانبڕ بێ لە جوانیی خۆی و کەللە کاس کردنی ئەو خەڵکە. تا بزانێ ئاخۆ لە پێڵاوەوە تا شەفقەی سەری ڕێك و لە جێی خۆیەتی.

وەك ئیتر بەرامبەر ئاوێنەکە چەقیبووم، ئەو ئاوێنەیەی چەندەها جار شێوە شیرینەکەی ئەوی گرتووتەوە خۆی، ئەوەندە زۆر... کە بێ شك ئێستا وێنە جوانەکەی ئەمی شاردووەتەوە.

بە لەرزۆکی وەستابووم، چاوەکانم بڕیبوونە ئاوێنەکە، قووڵاییی لووس و بێ بنی... بۆش و بەتاڵ... کەچی ڕۆژێ لە ڕۆژان بوون و وێنەی ئەمی گـرتـووەتـەوە خـۆی... وەك نـیـگـا گـەرمـەکـانـی مـن، وام هـەسـت کـرد ئـەم ئاوێنەیەم خۆش دەوێ، پەنجەکانم بەسەردا خشاند... ساردوسڕ بوو... ئاخ لە دەست یادگاری تاڵ و پڕ چزەو زیندوو. ئەو ئاوێنەیە چەند سامناکە، بووەتە هۆی ژان و دەرمان. چەند گوشادە ئەو پیاوەی دڵێکی ئاوێنە ئاسای هەبێ، وێنە بەدوای وێنەدا بقۆزێتەوە و گومی بکا، لە یادیشی نامێنێ چیی گرتووەتە خۆی. چیی دیوە... هەموو ئەوانەی بەهەست و سۆزی پڕ لە خۆشەویستییەوە چاویان تێ بڕیوە... ئۆف چەند دەردەدارم...!

خۆم نەگرت و چوومە دەرەوە، ئەگەرچی حەزیشم نەدەکرد، بێ ئەوەی

بەخۆم بزانم خۆم لە گۆڕستانەکە بینییەوە، لەسەر خاچە ڕوخامییەکەی سەر گۆڕەکە ئەم ڕستەیەم خوێندەوە: «یەکێکی خۆش ویست، ئەمیش ئەوی خۆش دەویست... پاشان کۆچی دوایی کرد.» کەواتە لێرەیە، لە نێو ئەم کۆندرە بووەتە چنگێ خۆڵ، ئای لەو سامناکییە... داڕزام... ڕۆحم دەرهات، بەدەما کەوتم، ئەو ناوەم شێلا و تەوێڵم لەو خاك و خۆڵە وەردا.

قەیرێ لەوێ مامەوە، کە شەو داهات ئارەزوویەکی سەیر و کێوییانە دایگرتم، ئارەزووی عاشقێکی نائومێد، حەزم بەوە دەکرد بەدرێژاییی شەو لەسەر گۆڕەکەی ڕابکشێم و هەر بۆی بگریم، وەلێ لەوە دەترسام ئەو خەڵکە بمبینن و دەرم بکەن، لەوە زیاتر چیم بۆ دەکرا؟ بەسەر خۆمدا دەهاتم و دەچووم. هەڵسامەوە وەك غەریبێکی بزر و نەناس خولم دەخواردەوە، زۆر گەڕام و سووڕام. ئەم شارە لە چاو ئەوی دیکەیان چەند بچووکە: شاری زیندووەکان...! کەچی لەگەڵ ئەوەشدا مردوو زیاترن... چەند پێویستیمان بەباڵەخانەی گەورە و فراوان هەیە، شەقامی زۆرتر، گۆڕەپانی تر بۆ ئەو چوار نەوەیەی لە نێو هەتاوی خۆردا مەلە دەکەن، بەیەکەوە ئاوی کانیاوان دەخۆنەوە، شەربەتی مێوژ... نانی کێڵگەکان. وەچەی ئەو هەموو مردووانە، چەندەها بەتالیۆن مرۆڤ، هەر لە سەرەتای بوونەوە تا ئێستا چی بەشیان دەکا زەوی قووتیان دەدا و دەچنە ناو دەفتەری بیرچوونەوە، ماڵئاوایی هەتا هەتایە.

لەلایەکی گۆڕستانەکەوە هاتمە نێو ئەو گۆڕە بەجێماوانەی گۆشت و ئێسقانی مردووەکانی لەگەڵ خاك و خۆڵەکە تێکەڵ دەبوون، خاچەکانیش دادەڕزان، ئەو ناوە بۆ میوانە تازەکان خۆش دەکرا... لە هەموو لایەکەوە گوڵی کێوی دەشنایەوە، سەرووی بەرز و بۆر، ئەو باخچەیەی لەسەر گۆشت و خوێنی مرۆڤ دەگەشایەوە. تاك و تەنیا خۆم خستە پاڵ درەختێکی سەوز، خۆم هاویشتە نێو لق و پۆپی تێکچڕی، زۆر وەستام... باسکم لە قەدی وەرینا و... وەکو خنکاوێك دەخیلی شەپکە دارێك بێ.

کە تاریکی خەستتر ڕژا، ئەو سەنگەرەم جێ هێشت، لەسەرخۆ هەنگاوی نەرمم دەنا و بەسەر ئەو خاکەی بە مردوو چێنرابوو گوزەرم دەکرد.

ئەوەندە گەڕام شل وکوت بووم... نەمدۆزییەوە، وڕوکاس بووم، بەو ناوە دەخولامەوە، باڵەکانم بڵاو کردبووەوە، چاو لە مۆڵەق، خۆم بەکێڵگەکان دادەدا، بەهەردوو دەست و قاچ، لە سەر چۆك، لە سەر سینگ، لە سەر سەر بەدوایدا گەڕام و هەر نەمدۆزییەوە. دەستم لە شتەکان دەکوتا، وەك کوێرێك ڕێ بۆ خۆی بکاتەوە، لە ژێر دەستم هەستم بە بەرد و خاچ و شیش و گژوگیا و گوڵی سیس و ژاکاو دەکرد، پەنجەکانم بەسەر ناوی سەر کێڵگەکان دادەخشاند، پیت بەپیت، ئای لەو شەوە... ئای کە تاریك بوو، نەمدۆزییەوە.

ئەی مانگ لە کوێ خۆی حەشار داوە... بەم شەوە ئەنگوستەچاوە؟ برووسکی ترسێك لێی دام، ترسێکی مەزن و تۆقێنەر، لە نێو ڕێچکە باریك و تەنگەکان، لە نێوان دوو ڕیز گۆڕ، لێرە و لەوێ، هەمووی هەر گۆڕە... لە ڕاست و چەپ، لە پشت و پێش... هەموو شوێنێ هەر گۆڕە، چۆکم لەرزی و خۆم بۆ نەگیرا، لەسەر یەکێ لە گۆڕەکان دانیشتم، ئیتر هێزی ئەوەم نەما هەنگاو بنێم، گوێم لە کوتە کوتی دڵی خۆم بوو، گوێم لە خشپەیەك بوو لەو ناوە... چی بوو؟ خشپەیەکی نادیار. یان دەنگێ بوو لە مێشکە پڕ ترسەکەی خۆمدا دەزرنگایەوە... لە شەوێکی وا قەترانی و لە ژێر زەوییەکی تۆوکراو بە لەشی هەزاران مرۆڤ؟! ئەو دەوروبەرەم پشکنی، تا کەی ئاوا مامەوە؟ نازانم... ئەو ترس و لەرزە شەل و ئیفلیجی کردم، سەرخۆشی کردم... ئەوەندەی نەمابوو بزریکێنم... هاوار بکەم... وامدەزانی مردم.

لەپڕ هەستم کرد، ئەو تاشە بەردەی لەسەری ڕاکشاوم، دەجووڵێ، دەقا و دەق... وەك بڵێی یەکێك بەرزی بکاتەوە... هەر واش بوو. بەیەك باز خۆم هەڵدایە سەر نزیکترین گۆڕ، هەست و خوستم لە خۆم بڕی، بەچاوی خۆم بینیم... بەڵێ بینیم ئەو تاشە بەردەی جێم هێشت وەك تیر لە جێ چەقی، یەکێ لە مردووەکان لە ژێر ئەو بەردە وەئاگا هات، بەڵام چۆن... تەنیا

سندووقێکی ئێسقان، بەپشتی کۆمەوە بەردەکەی لادەدا، چاك بینیم... ئەگەرچی دەتوت قەترانی ڕەشە، لەسەر خاچەکە ئەمەم خوێندەوە:

«ئا لێرەدا "گیاکۆس ئۆلیڤان" ڕاکشاوە، لە پەنجا و یەك ساڵیدا ماڵئاوایی لە دونیا کرد، دڵسۆز و خێرخوازی خێزانەکەی بوو، بەر ڕەحمەتی خوا کەوت».

لەو ساتە وەختەدا... کابرای مردوو وشە هەڵکەنراوەکانی سەر کێڵی گۆڕەکەی خۆی دەخوێندەوە. پارچە بەردێکی هەڵگرت... بەردێکی تیژ، زۆر بەدیقەت و لەسەرخۆ وشەکانی دەسڕییەوە، پاکی دەکردەوە، دوو چاڵی چاوی تاریك و بەتاڵی بڕیبووە ئەو کێڵە تا ئەو ساتەش وشەکانی مابوونەوە، بەنووکە ئێسقانێك، کە ڕۆژێك لە ڕۆژان پەنجەی شایەتمان بووە، لەسەر کێڵەکەی نووسی: وەك ئەوەی بەدەنکە شقارتەیەکی کوژاوە لەسەر دیوارێك بنووسیت:

«گیاکۆس ئۆلیڤان لێرە ڕاکشاوە، لە پەنجا و یەك ساڵیدا مرد لەبەر نالەباری و ئارەزووی میرات وەدەست هێنان... باوکی بەخاك سپارد، ئازاری ژنەکەی خۆی دا، مناڵەکانی دەربەدەر بوون، قوڵی دراوسێیەکانی بڕی، تا پێی کرا تالانی کرد، زۆریش بە بێزەوەری و کەساسانە مرد».

دوای نووسینەکە جما، بێ جووڵە وەستا، لە کارەکەی خۆی ورد دەبووەوە، ئاوڕێکم دایەوە، بینیم هەموو گۆڕەکان، تێکڕا، کراونەتەوە، لاشەکان لە نێو گۆڕەکان دەهاتنە دەرێ، ئەو هەموو درۆ و دەلەسە و فیشالانەی خزمەکانیان بۆیان نووسیبوون... ئەوان سڕییانەوە، ماشتیان، هیچیان نەهێشت... بۆ ئەوەی ڕاستی هەتا هەتایە بژی و خۆشیان دانی پێدا بنێن.

هەموویانم بینی... قامچیی سەرپشتی خزم و دراوسێ بوون، هەموویان تێکڕا... پیس و چەپەڵ، ڕێگۆڕ، دوو ڕوو، درۆزن، فێڵباز، قۆڵبڕ، بەخیل... ئەوانەی خەڵکیان تالان کردووە و هەزاران بگرە و بەردەی نا بەجێ، هەزاران ئەملا و ئەولا، ئەوانەی وەك باوکی چاك ناسرابوون، دۆستی

بەئەمەك، کوڕی شیرپاك. کچی بەوەفا، بازرگانی ڕاست و سەرساغ، ئەو ژن و پیاوانەی جێی گلەیی و لۆمە نەبوون.

هەموو بەیەکەوە، ئەو ڕاستییە تاڵ و ترسناك و پیرۆزەیان خستە سەر تاقی دوا ماڵیان، ئەو ڕاستییەی کەس نایزانێ، یان ئەوەتا دەیزانی و خۆی لێ گێل دەکا.

من وای بۆ چووم، کە هەر ئێستا ئەویش، بێ شك، لەسەر گۆڕەکەی خەریکی نووسینە، ڕووبەڕووی بوومەوە، بێ ترس و لەرز، بەنێو ئەو هەموو گۆڕانەی باوێشکیان دەدا، بەسەر ئێسك و پرووسك، بەنێو هەزاران کەلەشدا، بێ گومان لەوەی کە ئێستا... هەر ئێستا دەیدۆزمەوە.

ناسیمەوە... هەر لە دوورەوە ناسیمەوە، ئەگەرچی دەموچاوی لە کفنەکە پێچرابوو. بەڵام هەر ناسیمەوە.

لەسەر خاچە ڕوخامییەکە، ئەو خاچەی پێش ساتێ لەمەوبەر لەسەری نووسرا بوو– «یەکێکی خۆش ویست، خۆشەویست بوو... پاشان کۆچی کرد». ئەم چەند وشەیەم خوێندەوە:

«بەدزی مێردەکەیەوە لە ماڵ چووە دەر، بۆ دیدەنی دۆستێکی خۆی، باران تەڕی کرد، سەرما لێی دا و... مرد».

وا دیار بوو، بەیانی زۆر زوو، بێ هەست و هۆش، منیان لە نزیك گۆڕەکەی ئەو دۆزیبووەوە...!

**گی. دی. مۆپاسان**

* لە ساڵی ١٨٥٠ هاتە دونیا و لە ١٨٩٣ دا کۆتایی بەژیانی خۆی هێنا.
* شیعر و چیرۆك و ڕۆمان و شانۆگەری دەنووسی.
* یەکێك بوو لەو نووسەرانەی لەسەر ڕێبازی «گۆستاڤ فلۆبێر» پێ گەیشت و خۆی بەقوتابیی ئەو دادەنا.

* «ئەمیلْ زۆلا» و قوتابخانەی «ناچرالیست»ەکان کاریان تێ کرد.
* بە باوکی کورتە چیرۆکی هونەری دەژمێردرێ و چیرۆکەکانی ڕەنگدانەوەی سەرهەڵدانی بۆرژوازیەتی پاریس-ە، بەڵام هەموو بەرەو چینەکانی ژێرەوە و سەرەوە خۆیان لە چیرۆکەکانیدا دەدۆزنەوە.
* لە چیرۆکەکانیداجوغزێکی دەگرت و بەچوار دەوری ئەو جوغزەدا بازنەی چیرۆکەکەی ڕەسم دەکرد، واتا تەنیا گۆشەیەکی بچووکی ڕووناك دەکردەوە.

یەکێك لەو نووسەرانەی ئافرەت لای دەبێ بە پاڵەوانێکی گومان لێکراو... ئەمیشیان ڕەنگدانەوەی پەیوەندی ناڕێکی خۆیەتی لەگەڵ توخمی ئافرەتدا.

لە کتێبی:

Guy de Maupassant
88 Short Stories

***

# سێیەم کوڕ

چیرۆکی: پلاتۆنۆف

لە یەکێ لەو ناوچانەی کە سەر بەپایتەختن... پیرەژنێك کۆچی دوایی کرد. مێردە پیر و کەنەفتەکەشی تەمەنی گەیشتبووە حەفتا ساڵ، پیرەمێرد کرێکارێکی خانەنشین بوو، ڕووەو پۆستەخانەیەك ملی نا و شەش برووسکەی وەکو یەکی بۆ چەندەها هەرێم و شاری جیا جیا نارد:

«دایکتان کۆچی دوایی کرد... بگەڕێنەوە ماڵێ... باوکتان».

یاریدەدەری پۆستەخانە پیرەژنێکی بەتەمەن بوو، زۆری پێ چوو تا پەڕەکەی ژمارد، چەند جارێکیش لە کۆکردنەوەدا کەوتە هەڵەوە، پیرەژن وەسڵەکانی بڕی و بەدەست و پلێکی لەرزۆکەوە برووسکەکانی مۆر کرد.

پیرەمێردەکەش لە ژێر چاوە سووربووەکانییەوە و لە پەنجەرەکەوە –زۆر نەرمونیان– لە پیرەژنەکە ورد دەبووەوە و دیقەتی دەدا، گەلۆرانەش بیری لە زۆر شتی دیکە دەکردەوە، بەو هیوایەی باری گرانی خەمی سووکتر بێ. وای بۆ دەچوو ئەو پیرەژنەش هەناسەسارد و دڵشکاو بێ، لەوانەیە ڕۆحێکی پڕ گرێ و هەمیشە شێواوی هەبێ، ڕەنگە بێوەژن... یان ئەوەتا ژنێکی تەنیا و جێماوی مێردێکی دڵڕەق و بێ بەزەیی بێ...!

ئەوەتا پیرەژن... خاو و لەسەرخۆیە، ئەم دەست و ئەو دەست بەپارەکە دەکا، زەین کوێرە، خەیاڵی دەڕوا زوو شتی بیر دەچێتەوە. مرۆڤیش... هەر مرۆڤێك بۆ هەر کارێك کە دەیکا لە ناخەوە هێمنیی گەرەکە، ئەگەرچی ئەو کارە زۆر سادە و بێ گرێ بێ.

دوای ناردنی برووسکەکان پیرە باوك گەڕایەوە ماڵێ، لەسەر کورسییەکی نزیك مێزە درێژەکە و لەبەر پێی سارد و سڕی ژنە مردووەکەی

لێی دانیشت، جگەرەیەکی داگیرساند، لە ژێر لێوەوە بە خەم و حەسرەتەوە چرپاندی، سەرێکی هەڵبڕی و سەیرێکی ئەو مەلە تەنیا و بۆر و عەنتیکەی ناو قەفەزەکەی کرد، مەلەکەش لە باڵەفڕێ نەدەکەوت و بەسەر دارە باریکەکانی ناو قەفەزەکەوە هەڵدەبەزییەوە و سرەوتنی بۆ نەبوو، تاوتاویش بەکپی دەگریا و فرمێسکی دەباراند، پاشان هێور دەبووەوە، یا ئەوەتا سەعاتەکەی بەر باخەڵی دەردەهێنا و قورمیشی دەکرد، لە پەنجەرەکەوە ڕووەو دونیای دەرەوە دەیڕوانی، ئاو و هەواکەش یەکبینە دەگۆڕا – ساتێ گەڵای درەختەکان هەڵدەوەرین، بەیەکەوە لەگەڵ کڵووی بەفری تەڕ و ماندوو دەبارین، تاوێ دەیکردەوە باران، ئەمێستاکەش خۆری ئێوارەی دەم کەل وەك ئەستێرەیەکی ساردوسڕ دەدرەوشایەوە پیرەمێردیش تا ئەو حەلە چاوەڕێی کوڕەکانی بوو.

یەکەم جار بۆ ڕۆژی ئایندە کوڕە هەرە گەورەکەی بە فڕۆکە گەیشتە جێ. پێنج کوڕەکانی دی لە میانەی چل و هەشت سەعاتی ئایندەدا یەك لە دوای یەك گەیشتنە ماڵی باوکیان و کۆبوونەوە.

یەکێ لە کوڕە گەورەکانی –سێیەمیان– خۆی و کچە چکۆلانەکەی گەیشتە جێ، تەمەنی کیژە هەر شەش ساڵ دەبوو، لەمەوبەریش باپیرەی نەدیبوو.

سێ ڕۆژ پترە... دایکیان لەسەر ئەو مێزە ڕاکشاوە، کەچی بۆنی مردن لەو تەرمەی نەدەهات، نەخۆشی و لاوازیی لاشەی پیرەژنیان پاك کردبووەوە، بەدرێژاییی ساڵانێك ژیانێکی تێر و تەسەل و پڕ تەندروستیی بەکوڕەکانی بەخشیبوو، بۆیە ئەوەی بۆ پیرەژن مابووەوە: لاشەیەکی چکۆلانە و لاواز و بێ کەڵك بوو... توانیبووی بەهەوڵی مەردانەی خۆی، خۆی بەپێوە بگرێ – ئەگەریش چی بەحاڵێکی زۆر ناخۆش و نالەبار بووبێ، حاڵێك کە مایەی بەزەیی بووبێ، تەنیا لە پێناو ئەوەی بتوانێ میهر و خۆشەویستی

بـەکوڕەکـانـی ببـەخشێ و شانـازیـیـان پـێوە بـکا – تـا ئـەو ڕۆژەی سەر دەنێتەوە.

شەش پیاوی کەتە – تەمەنیان لە بیست ساڵ کەمتر و لە چل ساڵیش پتر نەدەبوون – کپومات بەچواردەوری تەرمی سەر مێزەکە وەستان. هەر شەشیان بەیەکەوە، حەوتەمینیان پیرە باوك بوو، کورت و لاواز، بگرە لە کوڕە هــەرە چـکـۆلانـەکـەی خـۆیشی کـورت و لاوازتـر بـوو. پـیـرەمـێرد کوڕەزاکـەی گـرتـبـووە بـاوەش، کـچـەش لـە تـرسی تـەرمـەکە چاوەکـانـی دەنووقاندن، لاشەی پیرەژنێکی غەریب: هەر دەتوت لەژێر پێڵووە نیمچە داخراوەکانییەوە بەچاوێکی سپی و بێ ترووکە سەیری کچە چکۆڵانەکە دەکا.

تـاو نـا تـاوێ کوڕەکـانـی دەگریـان، بـەڵام نـەیـانـدەهـێشت فرمێسکەکان دابارێنە سەر ڕوومەتیان، هەر خۆیان دەخواردەوە، تا باری ئەو خەمە قورسە هەڵبگرن و بە کپی و پیاوانە پرسەکەی ڕاگرن، لە ناوەوە پیشیان دەخواردەوە، لە حەژمەتانا دەموچاویان گرژ بووبوو. باوکیان لە گریان و قورپێوان ژیر بووبووەوە، بەرلەوەی ئەوان بگەنە جێ ... ئەو بەتەنیا بەقەد هــەر شەشیـان و پـتـر شـیـنـی خـۆی گـێڕابـوو، کـوڵـوکـۆی دامرکـابـووەوە، ئێستاش هەر سەیری ئەو شەش کوڕە بەهێز و بازوو ئەستوورانەی خۆی دەکا خۆشی و کەیفێك لە دڵیا دەگەڕێ کە لە پرسەیەکی وادا نابەجێیە، کە دیقەتیان دەدا لە ناخەوە و بەدزییەوە دەکوڵێ. دووانیان: دەریاوانن و بـوونـەتـە کـاپـتـنـی پـاپـۆڕەکـانـیـان، یـەکێکـی تـریـان ئـەکتـەرە لـە مۆسکۆ، ئـەویـتـریـان بـاوکـی کـچـە چـکـۆلانـەکـە – فـیـزیـانـاسـە و کـۆمـۆنستـیشە، لـە هـەموویـان بـچـووکـتـر: دەیـخـوێند تـا ببـێ بـە ئـەندازیـاری کشتـوکـاڵ، برا گـەورەکـەشیـان لـە کـارگـەیـەکـی فـڕۆکـەدا –سەرۆك بـەش– بـوو، وەك کرێکارێکی دەستڕەنگین و لێهاتوو نیشانەیەکیان پێ بەخشیبوو... بەسەر سنگییەوە ترووسکەی دەهات.

هەر شەش برا و پیرە باوك بێ ئەوەی ورتەیان لە دەمەوە بێ چوار دەوری تەرمەکە وەستابوون و کپ و بێدەنگ لە پرسەدا بوون، بێ ئومێدی و خەفەتیان لە یەکدی دەشاردەوە، یادگارییەکانی سەردەمی منالّی و... شادی ون و لە دەستچووی ئەو خۆشەویستی و میهرەی کە هەمیشە وەکو کانی لە دلّی دایکیان هەلّدەقولا، بێ ئەوەی داوای پاداشت و چاکەیان لێ بکاتەوە، خۆشەویستییەکی ئەوەندە زۆر و فرە بوو سێبەری دەگەیشتە هەر شەشیان – تەنانەت گەر لە دووری هەزاران میلیشەوە بووبن: هەر ئەو میهرە دایپۆشیبوون، وەك هەر شتێکی خۆڕسك هەستیان بەو میهر و سۆزە کردووە، هەر ئەو هەستەش ورە و هێزی پێ بەخشیون، وای لێ کردوون ئازایانە و بەدلّێکی پڕ بڕواوە بەسەر هەموو هەورازەکانی ژیاندا سەرکەون. ئەمێستاکە دایکیان لاشەیەکی سارد و سڕە، ئیتر ناتوانێ هیچیانی خۆش بوێ، ئەوەتانێ وەك غەریب و نەناسیاوێکی بێ باك ڕاکشاوە.

ئەمێستاکە هەریەك لە کوڕەکانی پیرەژن هەست بەترس و تەنیایی دەکا. کتومت لەوە دەچوو چرایەکی بەر پەنجەرەی مالّێکی کۆنینە بێ و لە گوندێکی زۆر تاریك و نووتەکدا هەر بسووتێ و نەکوژێتەوە... شەوی تاری ڕۆشن کردبێتەوە، نەك هەر شەو و بەس... بەلّکو پەپوولە و زیندەوەرە بالّگرتووەکانیش، شیناوەرد و سەوزایی و گیاوگوڵ، پوورەی مێشوولەی نێو هەوای شەو – گشت جیهانی دەوروبەری مالّە کۆنەکەی سەردەمی منالّیی ئەو مالّەی تیایدا لە دایك بوون و جێیان هێشت، هەمیشە دەرگاکانی لەسەر پشت بوون تا بلوێ بۆ ئەوانەی مالّئاواییان لێ کرد... بگەڕێنەوە، بەلاّم نەخێر... هیچ کامێکیان نەگەڕایەوە، ئەمێستاکەش هەر دەلّێی کتوپڕ چرای بەر پەنجەرەکە کوژایەوە و تاریك داهات... ڕاستییش بوو بەخەون و خەیالّ.

هەرچەندە پیرەژن لاشەیەکی بێ گیانە و لەو ناوە کەوتووە، بەلاّم ئەو

زۆر زووتر بەمێردەکەی ڕاگەیاندبوو کە قەشەیەك بدۆزێتەوە تا کفن و دەفنێکی پوختەی بۆ بکاو بەو مەرجەی تا تەواو تەڵقینی نەدا تەرمەکەی لە ماڵ نەبەنە دەرەوە، پاشان ڕووەو گۆڕستانەکە تەرمەکەی هەڵبگرن و ئیتر بۆ ناشتنەکەی پێویست ناکا هیچ قەشەیەکی دیکە بانگ بکرێ، ناشبێ کوڕەکانی خۆیان سەغڵەت بکەن و خەم دایان بگرێ، بەڵکو لەباتی شین و شەپۆڕ وا باشترە لە دوای تەرمەکەیەوە بڕۆن. ئەوەندە لەمێژیش نییە پیرەژن باوەڕی بە خوا هێناوە، بۆیە حەزی دەکرد مێردەکەی – ئەو مێردەی بەدرێژاییی تەمەن پیرەژن هەر خۆشی ویستووە – وەختی تەڵقین و نوێژ لەسەر کردنەکە خەمی بۆ بخوا و بتلێتەوە، لەو کاتەی تیشکی مۆمەکان دەرژێتە سەر ڕووە مردووەکەی و ڕۆشنی دەکاتەوە، نەیدەویست بێ یاد و شکۆمەندی ماڵئاوایی لە ژیان بکا.

دوای گەیشتنی کوڕەکانی... پیرەمێرد. بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بەدوای قەشەیەکدا گەڕا و سووڕا، پاشان دەمەو ئێوارە پیرەمێردێکی کورتەبنەی هێنایەوە ماڵێ – وەکو خۆی پیر و کورتەبنە – جلەکانی بەریشی مولکیانە بوو، قەشەیەکی «ڕووەکی»ی خۆر بوو، سوور دەچووەوە، کە دەیڕوانی، نیگای چاوە گەشەکانی تیژ و خێرا و پڕ مەست بوون، بەخۆی و جانتایەکی قایشیی ئەفسەرانەوە هاتە ژوورێ، جانتاکەش بەسەر نێکییەوە تەکە تەکی بوو، هەموو کەلوپەل و پێویستییەکی کلیسای خستبووە ناو جانتاکەی – بخوور، چەند مۆمێکی باریك و درێژ، کتێبێك، عەبا، لەگەڵ بخووردانێکی چکۆلانەی زریزەدار، کابرای قەشە زۆر بەپەلە مۆمەکانی بەچوار دەوری تەرمەکەدا بڵاوکردەوە و هەمووشیانی داگیرساند، بخوورەکانیشی خستنە ناو بخووردانەکە و ڕێکی خستن، کە بەدەوری تەرمەکەشدا دەخولایەوە... کتوپڕ و بێ ئەوەی کەسیان ئاگایان لێ بێ، دەیڕوانییە کتێبەکە و لە ژێر لێوەوە دەیچرپاند. هەر شەش کوڕەکەش کە لەو ژوورەدا بوون بەیەکەوە هەستانەوە سەر پێ، سەغڵەت و

بێ ئارام، تۆزێکیش شەرم دایگرتبوون، بێ جووڵە و یەك لە دوای یەك بەرامبەری تەرمەکە وەستابوون، چاویان بڕیبووە زەوییەکەی بەردەمیان. لە پێشی پێشەوەشدا پیرە قەشە نوێژی دەکرد و خێرا خێرا لە ژێر لێوەوە کەوتبووە منەمن، هەروەکو بڵێی گاڵتە بکاو بەڕاستی نەبێ، بەردەوامیش لە ژێر چاوە گچکە و زیرەکەکانییەوە نیگای دەبڕییە کوڕەکانی پیرەژن کە وەك پاسەوان بەدیار تەرمەکەوە وەستابوون لەلایەکەوە تۆزێ لێیان دەترسا و لەلایەکی دیکەوە ڕێزیانی دەگرت، هەڵبەتە حەزی نەدەکرد لەگەڵیان بکەوێتە گفتوگۆ و ئەوەندە پەرۆشیش نەبوو تا بە دڵگەرمییەوە لە بنیاتنانی سۆشیالیزم بدوێ. وەلێ کوڕەکانی کپ و بێدەنگ بوون، هیچ کامیان... بگرە مێردەکەش نوێژی بۆ نەدەکرد، خۆ ئەوان خۆیان بۆ بۆنەیەکی پیرۆزی ئاینیی ئامادە نەکردووە... تەنیا ئەوەیە چاودێری تەرمەکەن... ئێشکگرن و بەس...

دوای ئەوەی قەشە فەرمانەکەی خۆی بەدەستوبردی بەجێ هێنا، خێرا کەلوپەل و پێویستییەکانی کۆکردەوە، پاشان مۆمەکانی کوژاندەوە کە تا ئەو حەلە لە نزیك تەرمەکەوە هەر دەسووتان، دوایی هەموو شتەکانی پێچایەوە و خستنییە ناو جانتاکەی گۆرین.

باوکی کوڕەکانیش هەندێ پارەی خستە ناو لەپی، قەشەش چوست و چالاکانە بەبەینی هەر شەش کوڕەکاندا ڕێگەیەکی بۆ خۆی کردەوە، هیچ کامێکیان چاوی لە قەشەکە هەڵنەبڕی، ئەویش بەترس و دوودڵییەوە لەودیوی دەرگاکەوە ون بوو. پڕ بەدڵ حەزی دەکرد بۆ نانی شێوان بمێنێتەوە تا باسی جەنگ و شۆڕشیان لەگەڵدا بکا، دەیتوانی بەدرێژاییی ئەو شەوە بەوپەڕی خۆشییەوە لەگەڵ نوێنەرانی ئەم جیهانە تازەیە بدوێ کە ئەم بەدزییەوە و لە دڵی خۆیدا پێی سەراسیمە بووبوو، بەڵام قەت نەیدەوێرا بچێتە ناوی، لە ساتانی تەنیایی و خەڵوەتدا هەمیشە خەونی بەوەوە دەدی ڕۆژێ لە ڕۆژان پاڵەوانانە کارێکی مەزن ئەنجام بدا، تا

بەگورێکەوە بچێتە نێو داهاتوویەکی ڕۆشن و تێکەڵ بەتاقم و دەستەی ئەم وەچە تازەیە بێ، هەر بەم نیازەوە داوای لە یەکێ لە فرۆکەخانەکان کرد وەك سەرکێشك قبووڵی بکەن، ئامادەشە لە تاقی ئاسمانەوە بێ ئەوەی ڕووپۆشی ئۆکسجینەکەش لەسەر بنێ خۆی فڕێ بداتە خوارەوە، وەلێ بە پەرەشووتەوە، بەڵام چی لە دەست دێ کە هیچ وەڵامێکیان نەدایەوە.

ئەو ئێوارەیە باوکە شەش پێخەفی لە ژوورەکەی دیکە ڕاخست و لە تەنیشت خۆیەوە، جێگەیەکیشی بۆ کچە چکۆلانەکە کردەوە و نواندی، هەر لەو شوێنەی ژنە ڕەحمەتییەکەی بۆ ماوەی چل ساڵی ڕەبەق لە تەکیا نووست. هەر هەمان ژووره فراوانەکەی جارانە و لەباتی پێخەف تەرمی ژنەکەی تیایە، کوڕەکانیشی چوونە ژوورێکی دیکەوە. باوکە لە ناو دەرگاکە وەستا تا مناڵەکانی جلیان داکەند و خزانە ناو جێگا، پاشان ئەویش دەرگاکەی داخست و گڵۆپەکانیشی کوژاندەوە، ئینجا گەڕایەوە نێو پێخەفەکەی تا لە تەنیشت کوڕەزاکەی خۆیەوە ڕاکشێ. کوڕەزاکەی لەسەر ئەو پێخەفە پانوبەرینەدا بەتەنیا خەوی لێ کەوتبوو، لە ژێر بەتانییەکەدا خۆی شاردبووەوە و سەریشی داپۆشیبوو.

پیرەمێرد لە ژێر ڕۆشناییی شەودا و لە ساتەوەختێ بەدیار تەرمی ژنەکەیەوە وەستا، بەفری سەر جادەکانیش ڕووناهیی کەم و پەرت و بڵاوی ئاسمانی کۆ دەکردەوە و لە پەنجەرەکەوە دەیرژاندە ژوورەکە و تاریکیی ئەو ناوەی ڕاو دەنا. پیرەمێرد لە تەرمی سەر واڵا نزیك کەوتەوە، هەردوو دەستی ژنەکەی ماچ کرد... نێوچەوانی... دەم و لێوی... ئەوسا پێی وت – «دە ئیتر ئارام بە و... ڕاکشێ» پاشان بە هێمنی لەتەك کوڕەزاکەی ڕاکشا و چاوەکانی داخست... بەو هیوایەی هیچی لە دڵدا نەمێنێ و هەموو شتێکی بیر بچێتەوە. تۆزێ خەو بردییەوە، بەڵام کتوپڕ وەئاگا هاتەوە. لە ژێر درزی دەرگای ژوورەکەی دیکەوە ڕووناکی دەرژایە دەرەوە: کوڕەکانی گڵۆپەکانیان نەکوژاندبووەوە و ژوورەکە لە هاتوهاوار و مشتومڕی

پێکەنینی ئەوان دەنگی دەدایەوە. لەو هاتوهاوارە کچە چکۆلانەکەش ڕاچەنی، ڕەنگە ئەویش خەوی نەیەت، بەڵام نەشیدەوێرا لە ژێر بەتانییەکەوە سەر دەربێنێ... چونکە پڕ بەدڵ لە شەو و پیرەژنە مردووەکە دەترسا.

کوڕە هەرە گەورەکەی بەگوڕ و زەوقێکەوە دەدوا و باسی پانکەی ئاسنین و ناو بەتاڵی فرۆکەی بۆ دەکردن، بەدەنگییەوە دیار بوو کە پایە بڵند و لە خۆڕازییە، هەستت دەکرد: ددانەکانی ساغن و گەرووشی ئاڵ و قووڵە. دوو دەریاوانەکەش جۆرەها یاد و سەرگوزشتە و سەرکێشیی خۆیان دەگێڕایەوە... ئەو بەزم و کارەساتانەی لە بەندەری وڵاتانی دونیا بەسەریان هاتووە و یا دیویانە، پاشانیش بەوە پێکەنین کە باوکیان هەمان کۆنە بەتانی داونەتێ کە بە مناڵی بەسەر خۆیاندا دەدا. هەردوو لای بەتانییەکان، سەر و دامێنی، بە پارچە خامی سپی دوورا بوون و لەسەر لایەکیان نووسراوە –سەر– و ئەوی دیکەشیان –پێ– بۆ ئەوەی بە هەڵە بەسەر خۆیانی دانەدەن و ئەو ڕۆخە چڵکن و ئارەقاوییەی لای قاچیان بەر دەموچاویان نەکەوێ.

پاشان یەکێ لە دەریاوانەکان ئەکتەرەکەی گرت و لە بنەخۆی نا و بەسەر زەوییەکەدا تلیان بە یەکدی دەدا – هەروەکو سەردەمی منداڵی – ئەو سەردەمەی هەموو بەیەکەوە دەژیان.

بچووکترین برایان هانی دەدان و لە هەمان کاتیشدا وتی کە ئەم تەنیا بەدەستی چەپ ئامادەیە لەگەڵ هەردووکیان بکەوێتە زۆرانبازی. هیچ گومان لەوەدا نەبوو کە ئەم برایانە چەند یەکدییان خۆش ویستووە و چەندیش بەم دیدەنییە خۆشحاڵن. ئەوان ساڵانێکی زۆرە بەم چەشنە کۆ نەبوونەتەوە، هەروەها کەسیش نازانێ کەی لە داهاتوودا جارێکی تر کۆ دەبنەوە؟ ڕەنگە تەنیا بۆ پرسەی باوکیان ئا بەم چەشنە کۆببنەوە، کردیان بە فەرتەنە و زرمەزلێ، ئەو دوو برایەی لەسەر زەوییەکە کەوتبوون

یەکدییان دەگەوزاند... کتوپڕ بەسەر کورسییەکدا بەربوونەوە و لە ترسانا لە ساتەوەختێ ئارام بوونەوە... بەڵام کە بیریان هاتەوە دایکیان مردووە و دونیاش کپ و خامۆشە... کەوتنەوە شەڕ و زۆرانبازی. پاش تۆزێکی تر برا گەورەکەیان داوای لە ئەکتەرەکە کرد، لەسەرەخۆ گۆرانییەکیان بۆ بچڕێ – خۆ هیچ نەبێ... لە «مۆسکۆ» فێری چەند گۆرانییەکی خۆش بووە، بەڵام ئەکتەرەکە وتی– ئاوا زەحمەتە– جگە لەوەش بێ شیعر و ئاواز ناسازێ. پاشان وتی– «شتێکم پێ دادەن..!» ئەوانیش سەرپۆشێکیان بەسەر دەموچاویدا دا، ئیتر کە شەرم و عەیبەی لا نەما لە ژێرەوە کەوتە گۆرانی چڕین. لەو کاتەی ئەو گۆرانیی دەوت... برا بچکۆڵەکەیان کارێکی وای کرد یەکێ لە براکانی لە پێخەفەکەیەوە بکەوێتە خوارێ و بەسەر برای سێیەمدا بەربێتەوە کە لەسەر زەوییەکە ڕاکشابوو. هەر یەکە لە ئاستی خۆیەوە کەوتە قاقا و پێکەنین و داوایان لە برا بچووك کرد کە ئەگەر پیاوە بەتەنیا دەستی چەپ برا کەوتووەکەی هەڵبگرێتەوە و بیخاتەوە ناو پێخەفەکەی خۆیەوە ئەویش بە هێمنی و لەسەرخۆ وەڵامێکی دایەوە، دووانیان وەها بەدەنگ پێکەنین، کچە چکۆڵانەکە سەری لە ژێر بەتانییەکەوە هێنایە دەر و پڕ بەژوورەکە هاواری کرد:

«باپیرە... باپیرە... تۆ نووستویت؟» پیرەمێردیش بە شەرمەوە کۆکی و وتی:

«نەخێر... ڕۆڵە... نەنووستوم... هەر ئاوا ڕاکشاوم». کچە فرمێسکەکانی پێ ڕانەگیرا و دایە پرمەی گریان. پیرەمێرد زۆر بە نەرمی دەستی بە سەروچاوی کچەکەی داهێنا... دەموچاوێکی تەڕ. پیرەمێرد بەچرپەوە لێی پرسی: «ئەوە بۆ دەگریت؟» کوڕەزاکەشی وتی:

«من بەداخەوەم بۆ داپیرە... ئەوەتانێ ئەوان دەژین و پێدەکەنن... کەچی داپیرە بەتەنیا مرد».

پیرەمێرد هیچی نەوت. تاو تاویش هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا و

یـان ئـەوەتـا دەکـۆکـی. کـچـە چـکـۆلانـەکـەش وای لـێ هـاتـبـوو بـترسێ، هـەستـایـەوە تـا چـاکـتر بـاپـیرە ببینێ و دڵنیا بێ لـەوەی کە نەنوستووە. لە نزیکەوە دیقەتی لێ گرت و لە دەموچاوی ورد بووەوە... پاشان لێی پرسی:

«بەڵام تۆ بۆ دەگریت؟ ئەوەتا من ژیر بوومەتەوە.»

باپیرە دەستێکی بەسەر سەری کوڕەزاکەیدا هێنا و چرپاندی:

«ناگریم... هەر ئەوەیە تۆزێ ئارەقەم کردووە». کچە لە تەك سەرینی پیرەمێردەکە و لەسەر پێخەفەکە دانیشت و لێی پرسی:

«دوای ئەو هەست بە بێ کەسی دەکەی... وانییە؟» پاشان پێی وت: «توخوا مەگری... تۆ پیر بوویت و هەر بزانە مردیت... ئیتر ئەوسا بەهیچ جۆرێك ناگریت».

پیرەمێرد بە هێمنییەوە وەڵامی دایەوە:

«نا... نەخێر...»

زۆر کتوپڕ هاتوهاوار و زەنای ژوورەکەی ئەودیو نەما و دونیا کپ و خامۆش بووەوە... هەر زوو بەر لەوەی دونیا کپ بێ... یەکێ لە کوڕەکان قسەیەکی وای کرد هەموویانی بێدەنگ کرد. یەکێکی دیکەشیان زۆر بەنەرمی ورتەیەکی لە دەم هاتە دەر. پیرەمێرد دەنگی سێیەم کوڕی خۆی ناسییەوە: کابرای فیزیایی و باوکی کچە چکۆلانەکەیە، تا ئەو حەلە نە کەم و نە زۆر دەنگی لێوە نەهات، وەك براکانی دیکەی قسەی نەدەکرد و پێ نەدەکەنی وای کرد براکانیشی کپ و بێدەنگ بن... ئەوانیش چیتر فززەیان لێوە نەهات.

دوای ساتەوەختێ دەرگای ژووری خەوتن کرایەوە و کوڕی سێیەم هاتە دەرێ... بەرێکوپێکی جلەکانی لەبەر کردبوو ڕووەو ژوورەکەی تەنیشت ملی نا و لە تەرمەکە نزیك کەوتەوە، بەسەر ڕووە لێڵ و تاریکەکەی دایکی نووشتایەوە... ئەو ڕووەی ئێستا بۆ هیچ کەسێ هەست و سۆزی لێ

نەدەباری. شەوی خامۆش هەموو دونیای گرتبووە باوەش. نە ئۆتۆمۆبیل و نەپیادە بەسەر جادەکەوە نەمابوون. هەر پێنج براکانی دیکە لەو ژوورە مات بووبوون و جووڵەیان نەدەکرد. پیرەمێرد و کوڕەزاکەی لە کوڕ و –هەم باوکە– ورد دەبوونەوە... وا بەدیقەت سەیریان دەکرد هەناسەیان نەدەدا.

کوڕی سێیەم، لە ناکاو، خۆی قیت کردەوە، بەنێو تەمی تاریکیدا هەردوو باسکی درێژ کرد و توند بەهەردوو دەست لایەکی تەرمەکەی گرت، بەڵام بەچاکی دەستی لێ گیر نەبوو... تۆزێ جووڵاندی و بەلایەکدا ڕای کێشا... لەپڕ دەستی ترازا و بەسەر زەوییەکەدا بەربووەوە. وەك هەر شتێکی بێ گیان سەری بەر تەختەداری زەویی ژوورەکە کەوت... بەڵام کوڕە ئۆفێکی نەکرد و دەنگی لێوە نەهات – تەنیا ئەوە بوو کچەکەی پڕ بەدەم قیژاندی. هەر پێنج براکەشی بە هەڵەداوان و هەر بەجلی شەوەوە هاتنە دەرێ و هەڵیانگرتەوە، بردیانەوە ژوورەکەی خۆیان تا هۆشی بێتەوە بەر و ئارام بێتەوە.

پاش ماوەیەکی زۆر کورت، دوای ئەوەی هۆشی هاتەوەبەر... ئەوانی تریش بەپەلە جلیان لەبەر کرد... هەرچەندە سەعات نەگەیشتبووە دووی پاش نیوەشەو. یەك لە دوای یەك و بەدزییەوە بەژوورەکاندا دەهاتن و دەچوون... بەناو حەوشەکە و لە ژێر تاریکی شەودا پیاسەیان دەکرد... ئەو شەوەی ماڵەکەیانی گرتبووە باوەش: ئەو ماڵەی سەردەمی مناڵییان تیا بەسەر برد، ئا لەوێدا گریان، زۆر قسەی بێ سەروبەریان کرد، کەوتبوونە ناڵین و کڕووزانەوە.

هەر وەك بڵێی دایکە لەسەر سەریان وەستا بێ، گوێی شل کرد بێ و داخ بۆ ئەوە بخوا کە بەمەرگی خۆی کوڕەکانی نیگەران کرد: ئەگەر بۆی بکرایە تا هەتا هەتایە لە دونیا دەمایەوە تا کەس سەغڵەت و دڵگیر نەکا... تا

جەستە و دڵی کوڕەکانی دانەڕزێنێ... ئەو دڵ و جەستانەی ئەو گوڕ و ڕۆحی پێ بەخشیبوون، وەلێ دایکە ئەو هێزە لە کوێ بێنێ تا زۆر بژی.

بۆ سەرلەبەیانی ئایندە هەر شەش کوڕەکەی تەرمی دایکەیان خستە سەر شان و ڕووەو گۆڕستان ملیان نا، لەو کاتەی پیرەمێرد کوڕەزاکەی لە باوەش کردبوو و کەوتبووە دوای کوڕەکانی... ئا لەو ساتەدا زۆر بە تاسەوە بوو بۆ پیرەژن... دەتلایەوە... لە ناخەوەش ڕازی و سەر بڵند بوو کە ڕۆژێ لە ڕۆژان ئەم شەش پیاوە بەهێزە ئەمیش – وەك پیرەژن – دەخەنە سەر شان و... دەینێژن... شەش پیاوی چەلەنگ و بەهێز... شەش پیاوی ساغ و پتەو.

## پلاتۆنۆڤ کێیە؟

ئەندرێ پلاتۆنۆڤ یەکێك بووە لەوانەی لە شەڕی ناوخۆییدا بەشداریی کردووە، لە ساڵی ١٩٢٧دا لە ژێر ناوی (The Epifan Sluices) دا یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی بڵاو کردەوە و هەرزوو خەڵکی قۆزتیانەوە و سەرجەم پەسند کران، کەچی دوایی لە هەندێ چیرۆك و نووسینەکانی دیکەیدا بەئاشکرا هێرشی بردە سەر –بیرۆقراتیەتی– نێو وڵات و دژی ئەم دیاردەیە وەستا... ئەم جۆرە نووسینانە بوونە مایەی بێزاری و تووڕەیی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەواکان، هەر لەبەر ئەم هۆیە بۆ چەندین ساڵ چیرۆکەکانی، بەدەگمەن، بڵاو دەکرانەوە.

زۆربەی چیرۆکەکانی کارەسات و ڕووداوی ڕۆژانەن و لە دەروونی کەسانێکی ڕەمەکی و چینی ژێرەوە هەوێنی ئەو چیرۆکانەی گرتووەتەوە، ژیانی ئەم چەشنە مرۆڤە سادانە دەخاتە سەر کاغەز تا تێیان بگەین و بزانین چۆن دەژین... داڕشتنی چیرۆکەکانیشی تا بڵێی بێ گرێ و گواڵە... چڕ و پڕە.

کوڕی سێیەم – یان سێیەم کوڕ یەکێکە لەو چیرۆکانەی لە

ساڵی ١٩٣٧دا نووسیویەتی و چیرۆکنووسی ئەمریکیش – ئێرنست هێمنگوای – ئەم چیرۆکەی بەدڵ بووەو زۆر ستایشی کردووە. پلاتۆنۆڤ لەم چیرۆکەدا پەیڕەوی «ڕیالیزمی سایکۆلۆژی» کردووە و زۆر ڕاستگۆیانە و هونەرمەندانە چووەتە ناو ناخ و دەروونی پاڵەوانەکانی... ئەم چیرۆکەش نموونەیەکی سەرکەوتووی هونەری ڕەنگینی پلاتۆنۆڤە لەم کتێبە وەرگیراوە:

The Penguin Book Of Russian
Short Stories

چاپی یەکەم ١٩٨١
لە بەریتانیا کۆکراوەتەوە و چاپ کراوە لاپەڕە «٢٨٥ – ٢٨٧».

The Third Son/ Platonov.

# تالپا(١)

چیرۆکی – خوان رولفۆ

«ناتالیا» خۆی هاویشته باوەشی دایکی و تێر گریا، زۆر لەسەرخۆ و هێدی هێدی هەنسکی دەدا. بۆ چەندەها ڕۆژ ئەو فرمێسکانەی بۆ ڕۆژێکی وەك ئەمڕۆ هەڵگرتبوو، ئەمڕۆ کە گەڕاینەوە –زێنزۆنتلا– و دایکی بینی: هەستی کرد گەلێ پێویستی بە دڵدانەوە و سەرخۆشی لێ کردنە.

هەرچەندە ئێستا کەوتووەتە داد و فیغان و واوەیلا – کەچی بەر لەمڕۆ – لەو ڕۆژانە کە بەیەکەوە شەکەت و ماندوو بووین، لەو کاتەی دەبوو لەسەر خاکی –تالپا–دا– تانێلۆ–ی برام بخەینە چاڵێکەوە بێ ئەوەی کەسێك هەبێ یارمەتیمان بدا، ئەو کاتەی تەنها من و ناتالیا بووین، تەنیا من و ئەو، دەستمان دا دەستی یەك و کەوتینە گۆڕهەڵکەندن بەیەکەوە بەهەردوو دەست خۆڵمان دەردەدا – بەپەلە بووین و دەمانویست زوو بەزوو– تانیلۆ– بخەینە ئەو قۆرتەوە تا کەس لە بۆنی لاشەی نەترسێ و نەپرینگێتەوە – ئا ئەوساش کە خەریکی ئەم دەردیسەرییە بووین، ناتالیا یەك دڵۆپ فرمێسکی دانەباراند.

بگرە دوای ئەوەی کە شاردمانەوەش، کاتێ بارگەمان تێك نا و گەڕاینەوە، بەشەو و نیوەشەو ڕێگەمان دەبڕی بێ ئەوەی بزانین نووستن و حەسانەوە چییە، بەدەم خەوەوە هەنگاومان دەنا، ئەو هەنگاوانەی وەك پێلەقە وابوون و لە گۆڕەکەی –تانیلۆ– دەدران. ئا ئەوساش –ناتالیا– لە ئافرەتێکی دڵڕەق دەچوو کپ و بێدەنگ، بەتوندی خۆی گرتبوو لە ترسی ئەوەی نەبا دڵی بکوڵێ و هەست و نەستی بخرۆشێ وەلێ دیسانەوە یەك دڵۆپە فرمێسك چاوانی ناتالیا–ی تەڕ نەکرد.

---

١– تالپا: شارێکە کەوتووەتە ڕۆژهەڵاتی –گالیسکۆ– لە ناوەڕاستی مەکسیکدایە و بەشێك لە کەناری ئۆقیانووسی –پاسفیك– بووەتە سنووری.

ئێستاش کە گەڕایەوە کن دایکی... گەڕایەوە تا بگری، گەڕایەوە تا غەمگین و نیگەران بێ... تا هەست بەئازار و تلانەوەی بکا و بزانێ زۆری چەشتووە... نەك هەر دایکی - بەڵکو دەیەوێ هەموو لایەك غەمگین و نیگەران بن، بگرە منیش لە ناخەوە هەستم پێی دەکرد و حەزم دەکرد بیدەمە پرمەی گریان... هەروەك بڵێی بیەوێت سەرپۆش لەسەر گوناهەکانی من و خۆی وەلادا.

چونکە ئەوەی ڕاستی بێ، ئێمە هەردووکمان -تانیلۆ سانتوس-مان کوشت، هەر لە بەینی خۆمان، من و ناتالیا کوشتمان. ئێمە بەرەو «تالپا» بردمان تاکو بمرێ. هەڵبەتە مردیش. ئێمە هەردووکمان دەمانزانی بەرگەی ئەو سەفەرە سەختە ناگرێ... کەچی وێڕای ئەوەش ڕامان پێچا، خستمانە بەینی خۆمان و هەڵمان فڕاند بەو خەیاڵەی بۆ یەکجارەکی و بۆ هەتا هەتایە دەستمان لێی بێتەوە و ڕزگارمان بێ. هەڵبەتە واشمان کرد.

«تانیلۆ» خۆی ئەم سەفەرەی خستە مێشکی من و ناتالیا، بەرلەوەی هیچ یەکێکمان بیری لەو سەفەرە نەکردبووەوە بۆ ماوەی چەندین ساڵ - هەر خۆی - دەپاڕایەوە کە بیبەین... زۆر لەمێژ بوو داوای لێ دەکردین. هەر لەو ڕۆژەوەی کە لە خەو هەستا و دیتی سەرتاپای دەست و قاچی بووەتە پۆرگی شین و مۆر، پفکە و بڵقی سووربا،و هەر لەو ساوە دوای ئەوەی بڵقەکانی سەر پێستی بوون بە برینی پڕ کێم و زوون، لەباتی خوێن، لینجاوێکی زەردباو دەتوت کەتیرەیە و بەسەر دەست و قاچیدا ڕژاوە، هەر لەو ڕۆژەوەی چاوی بەو ئاو و زلزڵەیە کەوت: ترسا... چاك لە بیرمە وتی «زۆر لەوە دەترسێم هەرگیز چارەسەرێك بۆ ئەم نەخۆشییەی من نەبێ.» لە ترسی ئەو نەخۆشییە دەیویست بچێتە سەر چاکی تالپا و زیارەتی بکا... تا بەنیگای ئەو برینەکانی ساڕێژ بن هەرچەندە دەیزانی تالپا زۆر دوورە و سەفەرێکی سەختی دەوێ و دەبێ بەرگەی خۆرەتاو و شەوانی ساردی -ڕەشەمێ- بگرین، وێڕای ئەوەش... پڕ بەدڵ حەزی

دەكرد بچیٚ، كە چووش... بەو نیازە چوو كە ئەو «چاكە» پیرۆزە دەستی ڕەحمەتی بۆ درێژ بكا و لەو نەخۆشییەی ئازادی بكا كە هەرگیز چارەی نییە. ئەو مەزارە پیرۆزە هەر خۆی دەیزانی چۆن دەردی تیمار دەكا... چۆن هەموو پیسێك پاك دەكاتەوە.

دەتوانیٚ هەموو شتیٚ تەڕ كاتەوە وەك كێڵگەیەك كە تازە باران بەسەریدا باریبی هەر لەویٚ و بەیەكجارەكی لە بەرامبەر زاتی پیرۆزی ئەودا هیچ دەردو بەڵایەكی نامێنیٚ... ئیتر هیچ شتێك ئازاری نادا و قەتیش دووچاری دەردێكی دیكە نابیٚ و ببڕای ببڕ ناتلێتەوە. بەم چەشنە بیری لیٚ كردبووەوە.

بەڵیٚ... من و ناتالیا بۆ ئەوەی ڕای پێچین: ئەوەمان بە هەلێكی ڕەخساو زانی، من پێویست بوو بچم چونكە –تانیلۆ– برامە. ناتالیا–ی لە حاڵەتێك دەبووایە بێت چونكە ژنیەتی، دەبووایە دەست بخاتە ژێر باڵی و یارمەتیی بدا... دەبووایە بەدرێژاییی ئەو سەفەرە پشتگریی بكاو ئاگای لێی بیٚ، ڕەنگە لەو سەر – لە گەڕانەوەدا – پێویستی بەوە بووایە بكرایەتە كۆڵ... كاتیٚ تەرمی هیواو ئومێدی بەدوای خۆیدا ڕادەكێشا.

من هەر زوو لە –ناتالیا– تیٚ گەیشتم، زانیم چیی بەمێشك دادیٚ، شتێكم لە حاڵی هەڵكڕاند، زانیم ئەو بەڵەك و پووزە ئەستوورەی، گەرم و توند وەك بەردی بەر خۆرەتاوی چرقەی نیوەڕۆ... زانیم ماوەكە تەنیا و دوورە دەستن... هەر زوو زانیم. زۆرجار خۆمان دەگەیاندە یەك، بەڵام هەردەم تارمایی –تانیلۆ– برام لێكی دەكردین هەستمان دەكرد دەستە ئاوساوەكانی ئەو بەربەستێك لە نێوان هەردووكماندا دروست دەكەن هەر ئەو دەستە ئاوساوانەش ناتالیا لە باوەشی من دەكەنەوە تا برینەكانی ئەو تیمار بكەن. كەواتە تانیلۆ بمێنیٚ و هەناسە بدا من و ئەو ناگەین بە یەك و دڵمان دانامركیٚ.

ئێستا دەیزانم کە ناتالیا پەشیمانە لەو کەتنەی کردی منیش وەك ئەو پەشیمانم بەڵام ئاخ و پەشیمانی داد نادەن و ئیتر سوکنایی و هێمنی بەخۆمانەوە نابینین... تا ماوین دەتلێینەوە و ئارام ناژین. با سورِ بزانین تانیلۆ – لە هەموو حاڵەتێکدا – هەر دەمرد: ئەوەشیان هەر وامان لێ ناکا ئاسوودە بین و بڵێین ئۆخەی گوناهی ئێمە نەبوو، ئەو هەر دەمرد، چونکە عیزرائیل گەیشتبووە سەر رۆحی... سەفەری تالپاش، تالپای وا دوور هیچ سوودێکی بۆ ئەو نەبوو: چونکە ئەو چ لێرە و چ لەوێ بووایە هەر دەمرد. گەر سەفەری تالپای نەکردایە و هەر لە ماڵ بووایە: لەوانەیە تۆزێ درەنگتر بمردایە، بەڵام ئەو سەفەرە پشتی شکاند دەردێکی زۆری چەشت خوێنێکی زۆریشی لێ رۆیشت، توورەیی و شتی تریش لەوێ بوەستێ... ئا ئەو هەموو دەرد و مەینەتییە پرزەیان لێ بری و زوو کوشتیان بەڵا و نەگبەتی لەوەدایە کە من و ناتالیا رامان پێچا، لە ناوەراستی رێگاکە پەشیمان بووەوە... نەیویست چیتر بەرێوە بروا و ئەو ئارەزووە گەرمەی نەما، کە زانیی ئەم سەفەرە دادی نادا لە هەردووکمان پاراپەوە کە بگەرێینەوە کەچی من و ناتالیا بەزۆر رامان پێچاو نەگەراینەوە. دەستمان دەدایە بن باڵی و بەجووتە لە زەوییەکەوە بەرزمان دەکردەوە تا بەرەو مەنزڵگا هەنگاو بنێ، پێمان دەوت: تازە تەواو ناتوانین بگەرێینەوە.

«ئالێرەوە تالپا لە –زێنزۆنتلا– نزیکترە» وامان پێ دەوت، بەڵام ئەوەی راستی بێ: تالپا گەلێ لەوە دوورتر بوو... ئەو سەفەرە چەندەها رۆژی دیکەی دەویست.

ئەوەی ئێمە دەمانخواست ئەوە بوو کە تانیلۆ–ی برام بمرێ، ئەو قسەیەی من نە درۆیە و نە زێدەرۆیی... ئێمە هەردووکمان بەو ئاواتە بووین بەرلەوەی –زینزۆنتلا(٢)– جێ بێڵین... لەو ساوەو بەدرێژاییی رێگاکە و لە هەموو شەوێکی سەفەرەکەدا بیرمان لە مەرگی ئەو دەکردەوە.

---

٢– زێنزۆنتلا: ناوی شوێنێکی خەیاڵییە نەك راستەقینە.

ئەمەیان شتێکە ئێستا تێ ناگەین و لێی بێ ئاگاین، بەڵام ئەوسا مەرگی ئەو تاکە ئاواتێکی من و ناتالیا بوو... زۆرچاك ئەوەیانم لە بیرە.

زۆر بە جوانی ئەو شەوانەم دێنەوە یاد. یەکەم جار لقوپۆپی سنۆبەرەکانمان کۆ دەکردەوە و دەمانسووتاندن... بەو گڕو پشکۆیە دەوروبەری خۆمان ڕووناك دەکردەوە... پاشان گڕەکە نەدەما و پەنگرەکان دەکەوتنە ژێر خۆڵەمێش و ئەو ناوە تاریك دادەهات... دوایی من و ناتالیا بەدوای سێبەر و تاریکایی شتێکدا دەگەڕاین تا خۆمان لە شەوق و ڕووناکیی ئاسمان بشارینەوە. لە نێو قەفر و خامۆشی چۆڵدا بەدوای ئارامگا و پەنایەکدا دەگەڕاین... خۆمان دەختستە نێو باوەشی تاریکی شەو تا تانیلۆ نەمانبینی، تەنیایی و خامۆشی و دەشتی کپ و چۆڵ بەرەو باوەشی یەکدییان دەبردین. وایان کرد ناتالیا بەخوێن و گۆشتەوە خۆی بخاتە ئامێزم... باوەشی من ئارامگا و جێی حەسانەوە و دڵنەواییی ئەو بوو. هەستی دەکرد بەم شێوەیە ماندوویی دەحەسێتەوە، زۆر شتیشی بیردەچێتەوە، پاشان لە باوەشما خەو دەیبردەوە و سەرتاپای لەشی تەزووی خۆشی و حەسانەوەی پیا دەهات... لە نێو ئەو خۆشییەدا نقوم دەبوو.

هەمیشە وا ڕێك دەکەوت ئەو زەوییەی لەسەری دەخەوتن گەرم و خۆش بێ گۆشتی لەشی ناتالیاش، ژنی تانیلۆ-ی برام، دەستبەجێ و زوو گەرمیی زەوییەکەی دەدزی و گەرمتر دادەهات... ئەم دوو گەرمییە بەیەکەوە دەسووتان... دادەگیرسان وایان لێ دەکردیت لە خەو و خەونەکانت وەئاگا بێت. بەهەردوو دەست بەدوایدا دەگەڕام... لە دوای خۆیەوە بەکێشی دەکردم... دەستەکانم بەسەر لەشی سووتاویدا دەخزان... یەکەم جار زۆر بەنەرمی و لەسەرخۆ، بەڵام دوای تۆزێ ئەوەندەی نەدەما بیگوشمە سەریەك و گۆشت و ئێسقانی تێکەڵ بێ... هەروەك بڵێ: بمەوێت خوێنی دەرکەم. ئا بەم چەشنە، جار لەسەر جار... دووبارە و سێ بارە شەو لە دوای شەو... تا بەیانی دەدا و شنەبای ساردی بەیانیان ئاگری لەشی

هەردووكمانی دەكوژاندەوە. لەسەر لا ڕێگاكانی چوونمان بەرەو تالپا من و ناتالیا ئەم جۆرە كەتنەمان كرد، ئەو كاتەی تانیلۆ–مان ڕاپێچا و بردمان تا ئەو زاتە پیرۆزەی تالپا لەو دەردە كوشندەیە ڕزگاری كا.

ئێستا هەموو شتێ تەواو تانیلۆ بۆ خۆی حەسایەوە و لەو ژینە ڕزگاری بوو. چیتر ئازار و ئەشكەنجەی خۆیمان بۆ ناگێڕێتەوە كە چەندە، بەدەست ئەم ژینە پڕ دەردەوە، هیلاك و ماندووە، ڕزگاری بوو لەو لەشەی كە، سەرتاپای بووبووە دوومەڵ و بڵقی پڕ كێم و زوونی بۆگەن، ئەو كێم و زوونەی لە پفكە و دومەڵەكانەوە، كە دەتەقین و دەبوون بە برین، بەسەر دەست و باسك و قاچ و قولیدا دەهاتە خوارێ، جێی ئەو دومەڵ و پفكانە بووبوون بە برینی گەورە و هێدی هێدی دەمیان دەكردەوە زۆر بەهێواشی، لەو پۆرگ و بڵقانەوە بۆنێكی وا كەسكوون دەهات: دەتوت بۆنی كەلاكی تۆپیوە... هەردووكمان تۆقیبووین.

ئێستا كە ئەو مردووە شتەكان گۆڕان و لەگەڵ ئەوسادا جیاوازن. ئێستا ناتالیا فرمێسكی بۆ هەڵدەڕێژێ، بەڵكو ئەوە خوایە تانیلۆ لە نێو گۆڕەكەیەوە ببینێ، ئەو ڕۆحە پڕ پەشیمانییە ببینێ ئەمێستا ناتالیا دەڵێ: گوایە لەم چەند ڕۆژەی دواییدا هەست بەتارمایی تانیلۆ– دەكا و تەنیا دەموچاویشی دەردەكەوێ، دەموچاویشی تەنیا پارچەیەك بوو كە بۆ ناتالیا خێری پێوە مابێ و بوێرێ سەیری بكا، ئەو دەموچاوەی كە هەمیشە كەوتبووە ژێر ئاو و ئارەقەی ئازار و تلانەوە... ئەو ئازارەی بەیەكجارەكی جێی هێشت. هەستی دەكرد ئەو دەموچاوە لە دەم و لێوی نزیك دەكاتەوە، لە نێو قژیدا خۆی دەشاردەوە، لێی دەپاڕایەوە دەستی بگرێ و یارمەتیی بدا، ناتالیا دەڵێ: كە گوایە –تانیلۆ– پێی وتووە ئیتر بەتەواوەتی چاك بووەتەوە... چیتر ئەم دەردە ئازاری نادا و پێی ناتلێتەوە.

«ناتالیا... ئەمێستا دەتوانم لەگەڵتا بژیم، دە یارمەتیم بدە با لەگەڵتا بم...!» دەڵێ تانیلۆ وای پێی وتووە.

دوای ناشتنەکە: دەرحاڵ –تالپا–مان بەجێ هێشت، ئەویشمان لەوێ بەجێ هێشت، لە ناو قۆرتێکی قووڵ یەکجار قووڵ، ئەو قۆرتەی بەهەردووکمان هەڵمان کەند تا تانیلۆی تێدا بشارینەوە.

ئیتر لەوساوە–ناتالیا– منی بیرچووەوە، لە بیرمە ئەوسا چۆن چاوەکانی دەبریسکانەوە... هەروەك بڵێی چاوەکانی دوو گۆمی پاکی بەر تریفەی مانگەشەو بن بەڵام کتوپڕ ئەو دوو چاوە گەش و پڕشنگدارانە کوژانەوە، ڕوانین و نیگاکانی تاریك بوون: دەتوت یەکێك بەقوڕ سواغی داون. لەوە دەچوو ئەو چاوانە هیچ شتێکی تر لەم جیهانەدا نەبینن. تەنیا شتێك کە بۆی دەژیا یادی تانیلۆ بوو– تانیلۆی مێردی– ئەو پیاوە تا زیندوو بوو خزمەتی کرد... کە مردیش ناشتی.

***

بیست ڕۆژمان بەسەر برد تا کەوتینە سەر ئەو ڕێگە سەرەکییەی دەیبردینەوە تالپا. هەتا ئەو حەلەش ئێمە هەر خۆمان بووین تەنیا هەر سێکمان و بەس دوای ئەو بیست ڕۆژە تێکەڵ بەحەشاماتێکی زۆر بووین کە لە هەموو لایەکەوە هاتبوون ئەوانیش وەکو ئێمە ڕژابوونە سەر ئەو ڕێگە پانوبەرینە و تەوژمی ڕووبارێکی بە خوڕەو بۆ پێشەوە هەوڵمان دەدا... لە هەموو لایەکەوە ملیان دەنا... دەتوت ئەو خەڵکە پاڵمان پێوە دەنێن تۆز و خۆڵ و گەردەلوولێك چوار دەوری تەنیبووین. لەگەڵ جووڵە و ڕۆینی ئەو حەشاماتە نەسرەوتە تۆز و خۆڵێکی سپی، سپی وەك ئارد و پەلکی تەنکی گەنمەشامی لەو زەوییەوە بەرز دەبووەوە، دوور بەرەو بەرزاییی ئاسمان و پاشان دەنیشتەوە، بەڵام هەرکە هەنگاومان دەنایەوە، دووبارە تۆزەکە باڵی دەگرت و بەرز دەبووەوە... بۆیە بەردەوام تۆز و خۆڵێکی زۆر سەروخواری تەنیبووین. لەسەر ڕووی ئەو دەشتەوەش ئاسمانێکی ڕووت و ساماڵ... پڕ خۆڵ... بەڵام تۆز و خۆڵێکی بێ سێبەر.

دەبووایە چاوەڕێی شەو بین تا تۆزێ بسرەوین... تا بتوانین خۆمان لە گڕی خۆر و ڕووناکیی زیوینی سەر ڕێگا بشارینەوە.

وای لێ هات ڕۆژ درێژتر بێ ئێمە لە ناوەڕاستی مانگی –ڕێبەندان–دا «زێنزۆنتلا»مان بەجێ هێشت، بەڵام ئەمێستاکە ڕەشەمێ بەرەو پیرمان دەهات، تا دەهات شەو کورتتر دەبوو... هەرکە دونیا تاریك دادەهات پێ ڕانەدەگەیشتین چاو لێك بنێین و خۆری بەیانی وەئاگای دەهێنناینەوە، هەر هەمان ئەو خۆرەی تۆزێ لەمەوبەر ئاوا بوو لە خەو ڕای دەپەڕاندین.

بەر لە ئێستا قەت هەستم نەکردبوو کە ژیان ئەوەندە سست و سارد و پڕ نائومێدی بێ... تا ئەو ساتەی کەوتمە نێو ئەو حەشامات و ڕەشە خەڵکە، هەر دەتوت هەزارەها کرمی لوولین تێك ئاڵاوین، لە ژێر ئەو خۆرەتاوەدا دەخشین، خنکاوی ژێر هەوری تۆز و تەمێکی ڕەش بووین... هەروەك بڵێی تۆز و خۆڵەکە ئێمەی بەو ڕێگەیە بەستبێتەوە و نەهێڵێ بەچەپ و ڕاستدا لادەین، چاومان دەبڕییە ئەو تەپو تۆزە، لە هەموو لایەکەوە هەر تۆز و خۆڵمان دەدی، بەڵام بەدیدەی خەیاڵ سەیری شتێکی دیکەمان دەکرد... شتێك کە کەس نایبینێ ئاسمانیش، هەمیشە ڕەنگی خۆڵەمێشی دەنواند، لەسەر ڕوومانەوە وەك لەعنەتێك دەهاتە بەرچاو... پەڵەیەکی پیس کە هەموومان دارمێنێ تەنیا ئەو کاتانەی کە لە ڕووبارێکدا دەپەڕینەوە تۆزەکە تەنکتر و بەرزتر دەبووەوە. سەری پڕ ژان و سووتاومان، سەری چڵکن و تۆزاویمان دەخستە نێو ئاوە سەوزەکە و بۆ ساتەوەختێ تەم و دووکەڵێکی شین لە هەموومان دادەتەکی و بەرز دەبووەوە، وەك ئەو هەڵمەی زستانان لە دەمتەوە دێتە دەرێ، بەڵام تۆزێکی تر... دیسانەوە تێکەڵ بەو تەپوتۆزە دەبووین دیار نەدەماین سەرمان بەسەری یەکدییەوە دەنا تا خۆمان لەو خۆرە بپارێزین... لە گەرمیی ئەو خۆرەی بەیەکسانی هەموومانی دەبرژاند.

کە شەو دادەهات بیرمان لە ڕاکشان و حەسانەوە دەکرد. دەمانوت: شەو دادێ و ئیتر دەحەسێینەوە. پەرۆشی ڕێگەبڕین بووین و حەزمان دەکرد ڕۆژ بەسەر بچێ و تا لە گەرمای ڕزگارمان بێ... ئیتر دوایی لەنگەر

دەگرین... دوایی دەبووایە تەکانمان بدایە تا فریای ئەوە بکەوین لە دوای ئەو هەموو خەڵکەوە، خۆمان ئاسا، ڕابکەین و پێش زۆریشیان بکەوین. گرفتی ئێمە ئەوە بوو. بەڵام کە مردین: ئەوسا بەڕاستی دەحەسێینەوە.

بیرمان لەو جۆرە شتانە دەکردەوە. من و ناتالیا، لەوانەیە تانیلۆ-ش... کاتێ بەڕێوە بووین بەرەو تالپا ملمان دەنا... لە نێو ئەو حەشاماتەدا بیرمان لەوە دەکردەوە زوو بگەینە سەر مەزاری پیرۆزی -تالپا- پێش هەموویان بکەوین، دەترساین هەموو خێر و موعجیزەکانی بەتاڵ ببن و بەر لە ئێمە ئەو خەڵکە بیبا.

بەڵام تانیلۆ تا دەهات خەراپتری لێ بەسەر دەهات وای لێ هات چیتر نەخوازێ سەفەرەکەی تەواو بکا... گۆشتی هەردوو پێیەکانی ڕزانەوە هەلا هەلا بوون. لە قلێش و درزی برینەکانەوە خوێن دادەچۆڕا. خزمەتمان کرد تا هاتەوە سەرخۆی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیویست بڕوا و پەشیمان بووەوە... بۆیە پێی وتین:

«یەك دوو ڕۆژ لێرە دەمێنمەوە و پاشان دەگەڕێمەوە زێنزۆنتلا.»

وەلێ من و ناتالیا وامان نەدەویست. جۆرە هەستێك لە ناخەوە وامانی لێ دەکرد هیچ بەزەییمان بە تانیلۆدا نەیەتەوە. من و ناتالیا دەمانویست بەرەو تالپا ڕای پێچین، چونکە لەو بار و قۆناغەشدا ئەوەندەی بەبەرەوە مابوو بژی جا لەبەر ئەوە کە ناتالیا بەئیسپرتۆ برینەکانی پێی بۆ پاك دەکردەوە تا پۆرگ و ئاوساوییەکەی بنیشێتەوە، دڵنیای دەکرد لەوەی چاك دەبێتەوە پێی دەوت بەتەنیا «چاکی» تالپا دەتوانێت لەم دەردە ڕزگاری بکا... تەنها ئەو. پیاوچاك زۆرن، بەڵام بە تەنیا تالپا خێری زۆرە و لە هەموویان پیرۆزترە: ناتالیا وای پێی دەوت. دوای ئەم کەینوبەینە -تانیلۆ- دایە پرمەی گریان فرمێسکەکانی بەسەر دەموچاوی ئارەقاویدا جۆگەلەیان بەست پاشان چی پێ نەدەما نەفرەتی لە خۆی دەکرد لە قینی ئەوەی وا بەدو نەگریس بووە. ناتالیا بەشاڵەکەی سەرشانی

فرمێسکەکانی بۆ دەسڕییەوە، بەمن و بە ناتالیا بەرزمان دەکردەوە و هەر یەکەو قۆڵێکمان دەگرت تا چەند هەنگاوێکی دیکە بڕوا بەر لەوەی شەومان بەسەردا بێ.

جا هەر ئاوا بەم چەشنە... بە ڕاکێش ڕاکێش ئێمە و ئەویش گەیشتینە تالپا.

لە ڕۆژانی دواییدا ئێمەش ماندوو بووین. من و ناتالیا هەستمان دەکرد چەماوینەتەوە و خەریکە دوو قەد بینەوە. هەر دەتوت هێزێك لە دواوە ئێمەی گرتووە و ناهێڵێ هەنگاو بنێین و بارێکی گەورەشی خستووەتە سەر شانمان، زۆرجاریش تانیلۆ دەماودەم بەردەبووەوە، دەبووایە هەڵی بگرینەوە و هەندێ جاریش لە پشتێمان دەکرد. ڕەنگە هەر لەبەرئەوە بووبێ وا دوا کەوتین، لەش داهێزراو و لاواز و ماندوو بووین... ئەوەندە بێ هێز بووبووین نەماندەتوانی ڕێ بکەین بەڵام ئەو خەڵکانەی لە تەنیشتمانەوە ڕێگەیان دەبڕی وایان لێ کردین خێراتر پێ هەڵبگرین.

لەو شەوانەی هاتوهاواری ئەو حەشاماتە نەدەما و هەموو کپ و خامۆش دەبوون و ڕادەکشان بەپەرت و بڵاوی و لە هەموو لایەکەوە ئاگر دەکرایەوە و ئەو دەوروبەرەی ڕووناك دەکردەوە. بە چواردەوری ئاگرەکاندا ئەو خەڵکە ڕێبوارە کۆ دەبوونەوە و دەکەوتنە نوێژ و دوعا و پاڕانەوە، ڕاست و چەپ، لەسەر شێوەی خاچ، باسکیان دەخستە سەر سینەیان و ڕووەو ئاسمانی تالپا چاویان هەڵدەبڕی ئێمەش گوێمان لەو چرپەو دەنگانە بوو کە «با» دەیهێنان و پاشان دووری دەخستنەوە، بە تاو دەهات و دوایی دەبوو بە تەنیا نووزەیەکی پڕ ئێش و دەرد. دوای تۆزێکی تر هەموو شتێ کپ و خامۆشتر دەبوو. نیوەشەوانیش... لە دوورەوە یەکێکیان گۆرانی دەچڕی و دەنگی دەگەیشتە بەر گوێمان، پاشان چاومان لێك دەنا، بێ ئەوەی خەومان بێ چاوەڕێی بەیانییەکی دیکەمان دەکرد.

***

بەدەم دوعا و بالۆرە و ستایشی ئاینی و نوێژی بەیانییەوە دەگەیشتنە ناو تالپا.

ئێمە لە ناوەڕاستی «ڕەشەمێ»دا بەڕێ کەوتین و لە کۆتاییی «نەورۆز»دا گەیشتینە تالپا، لەو کاتەدا خەڵکێکی زۆر دەگەڕانەوە. تانیلۆ دوای خستین... چونکە بەدرێژاییی ئەو سەفەرە سزا و ئازاری خۆی دەدا تا بەتەواوی لە گوناهەکانی پاك بێتەوە. هەرکە بینی پیاوان لە هەر چوار لاوە درك و داڵ و تووترك و حوشترالووکیان خستووەتە سەر شان و هەروەك بلێی عەبا و کوڵەجە بێ و بەسەر شانیان دادابێ، ئەویش لاسایی ئەوانی کردەوە و خۆی پێ بارکرد. هەردوو قۆڵی کراسەکەی دڕاند و قاچەکانی خۆی پێ بەستەوە تا هەنگاونانی زەحمەت و پڕ ئازار و ناخۆشتر بێ. پاشان ویستی تاجێکی درك لەسەر نێ دوای ماوەیەکی کەم هەردوو چاوی خۆی بەستەوە، لە دوا قۆناغی ڕێگاکەدا چەمایەوە و هەردوو ئەژنۆی لە زەوییەکە گیر کرد، ئا بەم تەرحە لەسەر هەردوو کڵاوەی ئەژنۆی بۆ پێشەوە ملی دەنا، هەردوو دەستیشی بەپشتی سەریەوە گرتبوو، ئا بەم شێوەیە –تانیلۆ سانتۆس–ی برام گەیشتە تالپا. سەرتاپای لەشی جۆگەلەی خوێن و لۆکە و پەڕۆی خوێناوی ڕەش داگەڕاو بوو... دەڕۆیشت و لە دوای خۆیەوە بۆنێکی وا ناخۆشی بەهەوادا بڵاو دەکردەوە: دەتوت بۆنی کەلاکی کەرە.

ئەوەی چاوەڕێمان نەدەکرد: دیمان... چووە نێو سەما کەران و کەوتە هەڵپەڕین، نەماندەزانی چی قەوماوەو بۆ وا دەکا، دەفێکی بەدەستەوە گرتبوو، بەهەردوو پێیە ڕووت و ڕەش هەڵگەڕاوەکانی توند زەوییەکەی دەکوتا. لەوە دەچوو ئاگای لە دونیا بڕابێ... هەر دەتوت تۆزی خەم و ئازار لە خۆی دادەتەکێنێ... خەم و ئازارێك کە لەمێژە پێوەی دەتلێتەوە، یان ئەوەیان دوا هەوڵ و تەقەللای بوو تا بتوانێ تۆزێکی تر لەو دونیایەدا بژی.

ڕەنگە بە بینینی سەماکەران شەوانی –تۆلیمان[٣]–ی بیر هاتبێتەوە... یادی ئەوەی کە هەموو ساڵێك ڕووەو –تۆلیمان– ملی دەنا، تا لەوێ لە –نۆیەوانە–ی عیسادا بەشداری بکا، ئەو نۆ شەوە تا بەیانی بۆ مەسیح هەڵدەپەڕین... ئەویش ئەوەندە هەڵدەپەڕی تا ئێسقانەکانی ژانیان دەکرد، بەڵام بێ ئەوەی ماندوو بێ، ڕەنگە ئەو بەزمەی بیر کەوتبێتەوە و ویستبێتی تین و تاوی ئەوسای بێتەوە بەر. ساتە وەختی من، ناتالیا بەم شێوەیە دیمان. پاشان... سەیرمان کرد هەردوو دەستی بەرز دەکاتەوە و زرم خۆی دەکوتێ بەو زەوییەدا... بەبێ ئەوەی دەفەکە لە دەستە خوێناوییەکانی بەر بێتەوە... کە خۆی دەکوتا بەزەوییەکەدا دەفەکە دەنگی دەدایەوە. من و ناتالیا لە بن دەست و پێی ئەو حەشاماتە دەرمان دەهێنا و ڕامان دەکێشایە دەرەوەی حەشاماتەکە، لەوە دەترساین سەماکەران سەری پان بکەنەوە... لە نێو ئەو هەموو پێیانەی بەناو یەکدیدا دەسووڕان و شێتانە بەسەر دار و بەرددا هەڵدەبەزینەوە، تێك دەچڕژان و لوولیان دەخوارد قورتارمان کرد، خەریك بوو زەوییەکە شەق بکەن... بێ ئەوەی بزانن مرۆڤێك لە ژێر پێی ئەواندا کەوتووە.

بەیەکەوە، لەگەڵ ئەودا، چووینە کڵێسا، دەتوت گێژ و ئیفلیجە قاچی لێ بڵاو کردووەتەوە، ناتالیا وای لێ کرد، لە تەنیشت خۆی، لەسەر ئەژنۆ دابنیشێ بەرامبەر پەیکەری زێڕین و چکۆلانەی –مریەم–ەکەی تالپا، تانیلۆ–ش دەستی کرد بە دوعا و نوێژکردن و فرمێسك باران... دڵۆپە فرمێسکێکی درشت لە ناخەوە هەڵقولاو، کەوتە سەر گڕی مۆمەکە و کوژاندییەوە، ئەو مۆمەی ناتالیا خستبوویە ناو دەستی کەچی ئاگای لە کوژانەوەی مۆمەکە نەبوو... ڕووناکیی ئەو هەموو مۆمانەی دەوروبەری بێ ئاگایان کرد لە کوژانەوەی مۆمەکە خۆی.. تەواو دابڕا بوو. بەردەوام نوێژی دەکرد و مۆمە کوژاوەکەشی هەر بەدەستەوە بوو، بەدەنگێکی وا بەرز ویرد و

٣– تۆلیمان: شارێکی چکۆلانەیە کەوتووەتە خۆرهەڵاتی گالیسکۆ.

نوێژ و نزاکانی دەوتنەوە تا خۆی گوێی لێ بێ و هەستی پێ بکا.

بەڵام هەر دادی نەدا و... مرد. لە دڵەوە لەو زاتە پیرۆزە دەپاڕاینەوە و هانامان بۆ دەبرد... پاڕانەوەیەکی بەئازار و ژان. نالە و گریان و کرووزانەوە و هیواو ئومێدێکی تێکەڵ. بەڵام سۆز و بەزەیی -ئەو- نە توانی ناڵەمان ببڕێ و نە فرمێسکەکانمان ڕابگرێ، هەڵبەتە خۆی وەك ئێمە دەتلایەوە. ئەو زاتە پیرۆزە خۆی دەزانێ چۆن پیسی و چڵکی دڵمان بشواتەوە، تا پاك و بێ گەرد بین و سۆز و خۆشەویستی بەرەکەتی ئەوەمان تێ بڕژێ «مریەم»ەکەی خۆمان... دایکی هەموومان. ئەو مریەمەی نایەوێ بزانێ گوناهەکانمان چەندن و چین... ئەو دایکە مەزنەی تاوانی هەموو گوناهەکانمان دەخاتە ئەستۆی خۆی، حەز دەکا هەموومان لە باوەش بکا و بمانشارێتەوە نەبا زەبری زەمانە لێمان دا... ئەوەتا لێمانەوە نزیکە، بێزاری و پەستی و ڕۆحی کلۆڵمان دەکوژێ و سوکنایی دەخاتە دڵمان... ئازاری لەشی زامار و داڕزیومان کەم دەکاتەوە... لەشی پێویست بە هانا و دەرمان. نەمدەزانی هەموو ڕۆژێك باوەڕمان لە دوێنێ پتەوتر دەبێ... پتەوترە چونکە ئەو باوەڕە لە هەزارەها قوربانی خولقاوە.

ئەمەیان قسەی ئەو قەشەیە بوو کە لەوێوە. لەسەر مینبەرەکەیەوە بۆ نوێژکەران هەڵی دەڕشت، دوای ئەوە کە لێ بووەوە و، بێدەنگ بوو، خەڵکەکە بەیەکەوە لە هەمان کاتدا کەوتنە سەر ویرد و نوێژکردن... بوو بەیەك غەڵبە غەڵب: دەتگوت وژەی هەزارەها زەردەواڵەیە و لە چڕە دووکەڵێك ترساون.

بەڵام تانیلۆ چیتر گوێی لە قەشەکە نەبوو کە باسی چ دەکات، کپ و بێ دەنگ نەدەجوولا و سەریشی بە گرانی کەوتبووە سەر هەردوو ئەژنۆکانی. کە ناتالیا جووڵاندی و ویستی وەئاگای بێنێ و سەری پێ بەرز بکاتەوە: نەك ئێستا... دەتوت سەد ساڵە مردووە...! لە دەرەوەش هاتوهاواری سەماکەران دەگەیشتە لامان... دەنگی تەپڵ و زیڕەی کەڕەنا... زایەڵە و زرنگەی زەنگەکان... هەر ئەوسا گەلێ دڵتەنگ بووم و خەمێکی گران بەرچاوی گرتم.

ئەو هەموو شتە زیندووانەم دەدی... مریەم–یش لە بەرامبەرما... لە نزیکەوە دەماندی، زەردەخەنەی بەسەرماندا دەباری... بەڵام لەولاوەش تانیلۆ– وەك دیوار لە بەردەممدا قوت بووەوە... ئەوەیان غەمگینی کردم.

بەڵام ئێمە گەیاندمانە ئەوێ تا بمرێ... هەرگیز ئەوەیانم بیر ناچێتەوە ئەمێستا هەردووکمان گەڕاینەوە «زینزۆنتلا»... بەبێ –ئەو– گەڕاینەوە. دایکی ناتالیا–ش هیچی لێ نەپرسیم، نەیپرسی چیم لە تانیلۆ–ی برام کرد... هەر هیچی نەوت. ناتالیا سەری خستە سەر شانی و دایە پرمەی گریان... فرمێسکی ڕانەدەگرت... هەموو شتێکی بۆ گێڕایەوە، هەر لەو بارەدا، هەرچییەکی کە ڕووی دا. ئەمێستا وا هەست دەکەم نەگەیشتوومەتە هیچ مەرامێك... هەست دەکەم بۆ ساتە وەختێ لێرە دەمێنینەوە تا بسرەوین و ماندوومان بحەسێتەوە پاشان بارگە تێك دەنێین و سەفەر دەکەین نازانم بەرەو کوێ دەچین، بەڵام بڕۆین... چونکە لێرە جگە لە پەشیمانی و یادی –تانیلۆ– هیچ شتێك شك نابەین.

من و ناتالیا وامان لێ هاتووە لە یەکدی بترسین. بێ دەنگیی هەردووکمان هەر ئەوە دەگەیێنێ چونکە لەوەتەی لە تالپا هاتووینەتەوە هیچ قسەیەکمان بەیەکەوە نەکردووە... بڵێی تەنیا وشەیەك، ڕەنگە هەردووکمان هەست بەوە بکەین جەستەی تانیلۆ لێمانەوە زۆر نزیکە... لە بەرچاومانە چۆن لە پارچە خامێك پێچراوە لە هەموو لایەکەوەش، لە دەرەوە و لە ناوەوە، دونیایەك مێش و مەگەزی شین تێی ورووژاون... مێش و مەگەزی نەسرەوت گیزەی دەهات.

دەتوت پرخە و هەناسەی تانیلۆ–یە و لە دەمییەوە دێتە دەر، ئەو دەمەی قەت دانەدەخرا... ئەگەرچی من و ناتالیاش زۆرمان هەوڵ دا ئەو دەمە دابخەین: هەر دانەخرا هەروەك بڵێی هیشتا بیەوێت هەناسە بدا بێ ئەوەی هەناسەیەك هەڵمژی، لە بەرچاومانە: ئەو جەستەیەی لەمەودوا شتێك ئازاری نادا، بەڵام لەوە دەچوو هێشتا بتلێتەوە، بەدەست و قاچی

بەستراوەوە... دوو چاوی زەق... هەروەك بڵێی سەیری مەرگی خۆی بکا... لە هەموو لایەوەش لینجاوێکی زەرد لە برینەکانییەوە دەڕژایە سەرتاپای جەستەی... بۆنێکی کەسکوون و ناخۆشیش بەهەموو شوێنێکدا بڵاو بووەوە... لە ناو دەمتا... لە هەناسەتا هەستت بەو بۆنە قورسە دەکرد، هەروەك بڵێی لەگەڵ هەر هەناسەیەکتا هەنگوینێکی خەست و تاڵ بخۆیت و لە خوێنتا بتوێتەوە.

ڕەنگە لێرە هەموو دەم هەر ئەومان بیر بێتەوە: تانیلۆ... ئەو تانیلۆ-یەی لە گۆڕستانی تالپا-دا ناشتمان، من و ناتالیا خۆڵ و بەردمان بەسەردا کرد و شاردمانەوە نەبا سەگ و گورگی نێو هەردوو سەر گردەکان گۆڕەکە هەڵبکەنن و دووبارە دەریبێننەوە...!

***

تێبینییەکی پێویست:

حەز دەکەم خوێنەر ئەوە بزانێ کە ئەو «چاکە» واتە مەزارە پیرۆزەکە هەر بەناوی ئەو شارەیە کە تالپای پێ دەڵێن... «چاکە»کەش یا با بڵێین ئەو زاتە پیرۆزەی پاڵەوانەکان ڕووی تێ دەکەن نێرینە نییە... بەڵکو مێینەیە.

## کورتەی ژیانی

خوان ڕولفۆ: لە ساڵی **١٩١٨**دا لە دایك بووە. یەکێکە لە نووسەرە چاکەکانی -مەکسیکۆ- کە بەزمانی ئیسپانی دەنووسن. زۆریش بێ فیزە و لە هەمووشیان پتر خەمخۆری ئەدەبەکەی خۆیەتی بەپێچەوانەی زۆربەی ڕۆشنبیر و نووسەرە لادێیەکان باق و بریقی پایتەخت هەڵی نەخەڵەتاندو وای بەباش زانی هەر لە -گالیسکۆ-دا بژی و بنووسێ: شوێنی لە دایکبوونی. لە بواری

ئەدەبیدا بەرهەمێکی ئەوەندە زۆری نییە... بەڵام هەرچییەکی کە نووسیویەتی لە چلە پۆپەدان و بەهایەکی بی هاوتایان هەیە. لە تەمەنی سی و پێنج ساڵیدا یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی لە ژێر ناوی «دەشتی سووتاو»دا بڵاوکردەوە، بەڵام دوای بڵاوکردنەوەی رۆمانی «پێدرۆ پارامۆ« ناوبانگی پتر دەرکرد کە لە ساڵی ١٩٥٥دا و لە مەکسیکۆ چاپ کرا.

بە گشتی لە بیستەکانی سەدەی بیستەمەوە رۆمان و کورتە چیرۆکەکانی مەکسیکی پتر بەدەوری مانا و گرنگی رووداوەکانی شۆڕشی ١٩١٠-١٩١٩ دەخولێنەوە... دەچنە بنج و بنەوانی و لە سروشتی ئەو گۆڕانکارییانە ورد دەبنەوە کە بەسەر ژیانی ناو شارەکانی مەکسیکدا هاتووە. تاکە رۆمانەکەی رولفۆ-ش لەگەڵ ژیانی و رووخانی ئەو شێوازە کۆنەدا مامەڵە دەکا کە خەڵکی مەکسیك تیایدا دەژیان- داڕووخانی جیهانی سەرۆك تیرە و ئاغا و بەگزادە و خاوەن زەوی و زارەکان. رولفۆی نووسەر ژیانی نێو گوندە پەڕ پووت و دانیشتووانی دەکا بەکرۆکی نێو چیرۆکەکانی. زۆر بەقووڵی لە دەروونی جووتیارەکان شارەزایە و بەناخیاندا شۆڕ دەبێتەوە. توانایەکی مەزنیشی هەیە لە خولقاندنی زمانێك کە بەتەواوی تامی قسە و گفتوگۆی لادێ نشینەکانی مەکسیك دەبەخشێ، بێ ئەوەی بچێتەوە سەر زمانێکی بازاڕی و یان ببێ بە شێوەزمانی ناوچەیەك جێگەیەکی دیاری لە ئەدەبی «ئەمریکای لاتینی»دا هەیە و سەر بەو قوتابخانە ئەدەبییەیە کە پێی دەوترێ -ریالیزمی سیحراوی کە نووسەری گەورەش «گابریل گارسیا مارکیز» سەر بەهەمان قوتابخانەیە... ئەوەی شایەنی باسە: ئەم نووسەرە مەزنە لەم دواییەدا کۆچی دوایی کرد.

لە کتێبی:

Short Stories in Spanish
J. A. Chapman
Edlted by Joan Fesnco
Penguln Books

چاپکراوی بەریتانیا -نیکۆلاس-چاپی یەکەم ١٩٦٦ لاپەڕە ١٦٩-١٨٧.

# یادگارەکانی قەلەڕەشێك

چیرۆکی: جێنیفر دی گوزمان

تۆ.. کەواتە تۆ.. ئەی کابرای ڕاوچی.. تەنیایت. تۆ دەتوانیت شتێکی زۆرتر بەباڵندەیەك بڵێی کە دەتەویست نیشانەی لێ بگریتەوە و بیکوژیت. با من شتێك بە تۆ بڵێم: خۆشەویستی شتێکە کە لە هەموو شتەکانی دیکە بە بایەخترە. من ئەوە دەزانم.

من چۆن دەتوانم ئەوە بزانم.. قەلەڕەشێکی وەك من چۆن فێری حیکمەتێکی وابوو؟ دە چاکە.. هۆ برای ڕاوچی.. خۆ من بەدرێژاییی تەمەنم هەر وەکو هەنووکە قەلەڕەش نەبووم. ئەو هەموو گۆڕانەی کە بەسەر مندا هات بەشێك بوو لەوەی کە وای کرد من فێری وانە و حیکمەتێکی ئاواهی بم. ژمارەیەکی کەمن ئەو قەلەڕەشانەی کە هەر بەقەلەڕەشی لە دایك بووبن.. وەك دەیبینی. ئێمە لە سەرەتادا و یەکەم جار کۆمەڵی خەڵقەندەی دیکە بووین، لەنێو ئێمەدا بوونەوەری زۆر بەستەزمان و بێ وەی هەبوون، دلۆڤان و نازەنین، هەشبوون بەد و هارو دژوار، هەبوون: فڕندە؛ هەبوون: دووپاو.. هەشبوون چوارپیا.. لەسەر ڕێگاکان دەبینران، هەتا دەگا بەو زیندەوەر و مارانەی لەسەر سك دەخشن.. هەر هەمووشیان چون یەکن. ئێمە بووین بە قەلەڕەش، هەڵبەت باڵدارو.. پەڕوباڵ ڕەش و برش.

قەت بووە سەیری ناو هەردوو چاوی قەلەڕەشێك بکەیت و لێی وردبیتەوە؟ ئەو چاوانە تەواو ڕەش نین.. نا.. نەخێر.. ئەگەر لە نزیکەوە سەیریان بکەیت. ئەگەر ورد چاوی تێببڕی، لەودیو ئەو ڕەنگەوە وێنەی کەسێکی تر دەبینی.. تارماییی بوونەوەرێك بەر لەوەی ببێ بەقەلەڕەش.. ئا لەناو ئەو چاوانەیدا خۆ دەنوێنێ، وێنەیەك کە بەندەو بە تەڵەوە بووە.. کتومت هەر وەکو ڕۆحی گیرۆدەبووی ئێمەمانان.

سەیری کە.. لە نزیکەوە. لێ ورد بەرەوە. تۆ ئەو کچە دەبینی؟ ئەوەتا هۆ لەوێ. من باش دێتەوە یادم و دەیناسمەوە. من چاك دێتەوە یادم ئەو کاتەی من لە بەرگی ئەو کچەدا بووم.

دە کەواتە.. ئەوسا من کچێکی جوانکیلە بووم.. بەفیز و قەڕوح و رۆح زل. بەتەك دارستانەکاندا ڕەت دەبووم و قژی پەخشم لەژێر خۆرەتاودا دەبریسکایەوە، لە بازاڕ دەهاتمەوە و زەمبیلەیەك سەوزە و میوە و گیاوگوڵم هێنابووەوە، ئان و سات چاوم بە قەلەڕەشێك کەوت. قەلەڕەشێکی نێر و پیر، شەل، بینیم بەدەنووك بەربووبووە سەر کەلاکی کەروێشکێك.

قێزم لەو دیمەنە کردەوە، بەڵام بەر لەوەی ڕووی لێ وەربگێڕم، پەڕوباڵی ڕەش و بریقەداری سەرنجی ڕاکێشام، بۆ تاوێك پێی سەرسام بووم و لێی ورد بوومەوە. پیرە قەلەڕەش سەری بەرزکردەوە، هەروەك بڵێی هەستی بەو سەرنج و ڕوانینەم کردبێ، شتێك لە ڕیخۆڵەی کەروێشکەکەی بەدەنووکەوە بوو. یەکسەر دەمی خۆم داپۆشی و بەقێز و بێزەوە دەنگم هەڵبڕی، ئاخر ئەوساکە من کچێکی هەست ناسك بووم و زۆر ئاسان بەهەموو شتێکی لەو جۆرە تێك دەچووم، هەتا گەر بۆنی گۆشتی برژاویش بووایە. لە ڕاستیدا من دوژمنی گۆشت خواردن بووم، کەسێك لە خانەوادەکەمان گۆشت خۆر نەبوو. ئاینی باو و باپیران لێی قەدەغە کردبووین، دەبوو سۆز و بەزەییمان بۆ هەموو بوونەوەرەکان وەکو یەك بێ.

ملم نا و ڕۆیشتم، ڕووم لە پیرە قەلەڕەش وەرگێڕاو لەو هەموو زبڵ و زارە ورد دەبوومەوە کە لەسەر ڕێگاکە ڕژاو و بڵاو بوو. بەهەرحاڵ.. پیرە قەلەڕەش لە شەققەی باڵی دا و لەسەر دەسکی زەمبیلەکەی من نیشتەوە، بە هەوا و نازو فیزێکی زۆرەوە باڵەکانی لێك نا.

ئیدی سەیری دوو چاوەکانمی کرد، سەری بەڕاست و چەپدا دەسووڕاند، لە هەموو ئازای جەستەم ورد دەبووەوە. زۆر سەرسام بووم بەئازایەتیی ئەو فڕندەیە، هەر بۆیە بێ جووڵە وەستابووم و منیش ڕێك لەوم دەڕوانی،

بەئاشکرا وێنەی خۆم لە چاوەکانی قەلەڕەشەکەدا دەبینی، وێنەیەك کە دەشێوا لە سۆنگەی سووڕانی بیلبیلەی چاوەکانی.

پیرە قەلەڕەش دەمی هەڵێنایەوە و پێی وتم:

«تۆش وەکو من بە پەڕو باڵی.. کچەکە.. تەواو ڕەشی.. هەرچەندە بەقەد من جوان نیت».

جارێکی دیکەو دیسانەوە لە پیرە قەلەڕەش ورد بوومەوە، ئەمجارەیان بەوپەڕی سەرسامییەوە، ئاخر لەناو ئەو هەموو گیاندارە دڕندە و مەلانەدا.. هیچ کامێکم نەبینیبوو ئاواهی بمدوێنێ».

منیش ئاواهی وەڵامم دایەوە:

«تەواوە.. ڕاست دەکەی.. هەرچەندە سیپاڵی بەری من لە پەڕ نییە هۆ قەلەڕەش.. من وەك ئەو خەڵکە جل لەبەر دەکەم».

«دەی کەواتە.. بۆ ڕەش پۆشیت؟ تۆ لە پرسەدای کچەکە..؟»

«بەڵێ.. من لە پرسەدام.. قەلەڕەش».

«پرسە بۆ کێ..؟»

«پرسە بۆ هەموو بوونەوەرەکانی سەر گۆی ئەم زەوییە، بۆ نموونە پرسە بۆ ئەو کەروێشکەی هەر ئێستا تۆ دەنووکت تێ نابوو، پرسە بۆ هەموو ئەو بوونەوەرانەی وەك ئەم کەروێشکە دەبێ ئازار بچێژن و بمرن تاوەکو گەدەی کەسانێکی زۆر نەوسن و چڵێسی وەك ئێوەمانان تێربکەن».

پیرە قەلەڕەش پەڕوباڵی فش کردەوە و جەنگاوەرانە خۆی نواند و وتی:

«دە کەواتە تۆ زۆر گێلی.. کچەکە».

«من گێلم هۆ قەلەڕەش؟ تۆ لە پای چی بە گێلم دادەنێی؟»

«چونکە هەموو بوونەوەرەکان بۆیان نووسراوەتەوە کە ئازار بچێژن و بمرن. خۆی وایە.. دەبێ هەندێکیان ئازار بخۆن و بمرن تاوەکو ببنە

خۆراکی هەندێکی دیکە. ئەوەیان یاسای سروشتە».

«بەڵام من بوونەوەرێکی هاکەزایی نیم.. پیرە قەلەڕەش. من مرۆڤم. سروشتی من ئەوە نییە کە دڕندە بم، من نە فڕندەم و نە دڕندە. سەیری ئەم گیاو و گوڵ و میوە و سەوزەیە بکە.

من بۆ ژەمی ئێوارەم ئەم شتانە دەخۆم و کەسیش لەپای ئەوەدا تووشی دەردو ئازار ناکەم».

پیرە قەلەڕەش دەنووکە ڕەشەکەی لە کوولەکە و گێزەرەکە ژەنی و سەحی کردەوە، ئەو کوولەکە و گێزەرەی لەگەڵ سەوزە و میوەکانی دیکە خستبوومنە ناو زەمبیلەکە.. پاشان وتی:

«من بۆ خۆم میوە و سەوزەی لەم بابەتەم خواردووە، بەڵام تەنیا ئەو کاتانە بووە کە کۆن و بۆگەنکردوو بوون. هەڵبەت جگە لە خواردنی گۆشتی گەنیو و کەلاکی جێماو. ئا بەم شێوەیە من ماوم و دەژیم. من قەلەڕەشم. ناشتوانم سروشتی خۆم بگۆڕم».

«بەڵام تۆ قەلەڕەشێکی جیایت و ئەوەتا دەتوانی قسە بکەی، ئەوەیان وات لێ دەکا بیر بکەیتەوە. ناکرێ تۆ لەسەر هەڵەکردن بەردەوام بیت گەر بزانی ئەوەی کە دەیکەیت هەڵەیە. ناکرێ تۆ ئازاردانی ئەوانی دیکەت مەبەست بێ و بیکەی بە خوو».

«من.؟ من ببمە مایەی ئازاری ئەوانی دیکە؟ وانییە کچی باش. من هیچ کام لەو گیانداراانە ناکوژم کە دەیانخۆم. ئەوان بۆ خۆیان بەر لەوە مردوون، زۆربەیان لەلایەن پشیلە کێوییەکان و هەڵۆکانەوە کوژراون».

پیرە قەلەڕەش هەڵفڕی و لەسەر شانم نیشتەوە، بەو نیازەی ئەگەر قسەی کرد بتوانێ دەنووک لە گوێمەوە نزیک بخاتەوە.

هەستم دەکرد پەڕەکانی لەلا ڕوومەتم دەخشا و تا بڵێی نەرمونیان بوون، هەر دەتوت باشترین پەتۆی دایکمن..

«من زبڵ و زارو پیسی کۆدەکەمەوە. من بەتەنیا کارەکەم ئەوەیە چی پاشماوە و پاشەڕۆکی ئەوانی دیکە هەیە: هەڵی دەگرمەوە، دوای ئەوەی کە هەموو ئازارێك کۆتاییی هاتووە. پێم ناڵێی تۆ چ تاوانێك و هەڵەیەك لەم کارەی مندا دەبینی؟»

«هۆ قەلەڕەش.. ناکرێ ئێمە خێر و قازانج لە ئازاری خەڵکی دیکە ببینین، هەتا گەر ئێمەش، خۆمان، مایەی ئەو ئازارە نەبووبین».

پڕ بەو ناوە قیغاندی.. قاغ.. قاغ.. ئەوەیان یەکەمین دەنگی قەلەڕەشان بوو کە بۆ یەکەمجار گوێ بیستی بم.

«سەیری من بکە.. کچەکە. تۆ ناتوانی ئازار و ئەشکەنجە لەم دونیایە نەهێڵی بەوەی کە دەتەوێ ئازار و ئەشکەنجەیەك بۆ خۆت زیاد بکەی. سەیری کە.. من لە برسانا دەمرم گەر کەلاکی ئاژەڵە تۆپیوەکان نەخۆم.»

هەناسەیەکم هەڵکێشا وەك ئەو کچە گەنجانەی کە چیتر زەوقی گفتوگۆیان نامێنێ و ئیدی نایانەوێ لەسەر هەمان بابەت چیرە درێژی بکەن. هەنگاوم هەڵێناو ڕێگاکەم گرتە بەر، بەڵام پیرە قەلەڕەش هەڵنەفڕی و سەرشانمی جێ نەهێشت.

بەدەم چاو تێك سووڕاندنەوە و زۆر هێمنانە پێی وتم:

«دە باشە کچەکە.. من گرەوێکت لەگەڵ دەکەم».

«ئەو گرەوە چییە قەلەڕەش؟ پەلەکە و بدوێ. وا خەریکە دەگەمەوە ماڵێ».

«من لەمەودوا لە کەلاکی گیاندارە مردووەکان ناخۆم».

«ئەی من لە بەرامبەر ئەوەدا دەبێ چی بکەم تاوەکو تۆ واز لەم خولقە بێنی؟»

«جارێ تۆ بوەستە و مەڕۆ کچەکە، زۆر بەدیقەتەوە سەیری من بکە».

بەگوێم کرد و لە ناوەڕاستی ڕێگاکەدا وەستام. پیرە قەلەڕەش دیسانەوە

هەڵفڕی و لەسەر دەسکی زەمبیلەکەم نیشتەوە، قیت و قنج وەستا تاوەکو من لە پەڕوباڵەکانی ورد ببمەوە.

من پێم وت:

«تۆ وەك هەر قەلەڕەشێکی دیکە وایت، گەرچی پێیەکانت جۆرێك لوول و نوشتاوەن».

پێی وتم:

«جارێکی دیکە سەیرم بکەرەوە. منیش وەك ئێستای تۆ، جارێك لە جاران، مرۆڤ بووم، پیاوێکی زۆر گەنج، پڕ لە خۆزگە و ئاوات و خەون و خەیاڵ، گرەوێکم لەگەڵ قەلەڕەشێکدا بەست، قەلەڕەشێك کە کتومت لە ئێستای خۆم دەچوو، لەو گرەوەشدا گەرەکم بوو دڵی ئەو ئافرەتە ڕابکێشم کە دڵخواز و خۆشەویستم بوو».

«ئەی ئەو قەلەڕەشە چی بەسەرهات؟»

«ئەو قەلەڕەشە پەیمانیکی لەگەڵ مندا بەست و بەڵێنی دا کە ئەو خۆزگەیەم بێنێتە دی و وابکات ئەو ئافرەتە گیرۆدەم بێ، بەمەرجێك گەر ئەو خۆزگەیەم هاتە دی و توانیم بگەم بەو شۆخەو پڕ بەدڵ تامی ئەو خۆشەویستییەم کرد، ئا ئەوسا من و ئەو جێمان بگۆڕینەوە.. ئەو ببێ بە پیاو و منیش ببم بە قەلەڕەش».

«جا کەس هەیە پەیمانی وا ببەستێ؟»

«ئا.. من ئامادە بووم، چونکە ئەو خانمەی من خۆشم دەویست بەچەندین پلەوپایە لە سەرووی منەوە بوو، من هەرگیز بەهیوای ئەوە نەبووم ئەو خانمە یەك جار سەیرم بکا گەر ئەو گرەوە و ئەو قەلەڕەشە لە ئارادا نەبوونایە. من ئەوساکە پیاوێکی خورت و گەنج بووم، لەوانەشە کەمەکێ بەهەڵپەو شێت و هەڵەشە بوویم. بەڵام چ دەکەی کە من بۆ خۆم شەیداو عاشق بووم. هەر بۆیە من ئەو پەیمانەم بەست».

«ماوەی چەندە ئەم چیرۆکە بەسەر تۆدا هاتووە.. پیرە قەلەڕەش؟»

«چەند ساڵێکی بەسەردا تێپەڕیوە.. کچی باش».

«ئەی خانمەکە چی لێ هات؟ ئەو خەمی بۆ خواردی.. کە بەجێت هێشت تاسەی کردی؟»

«هەڵبەت. ئێستاش ماوەو زیندووە، گەرچی من زۆر حەزدەکەم بچمەوە لای. تاکە ڕێگایەك لەبەر دەمی مندا ئەوەیە کە لەگەڵ مرۆڤێکدا گرەوێك بگرم تاوەکو منیش ببمەوە بەئادەمیزاد، وەك ئەو گرەوەی من کردم.»

«ئینجا تۆش بۆ ئەو گرەوە داوا لە من دەکەی؟ من ئەوەندە ساویلکەو گێل نیم.. پیرە قەلەڕەش».

زەمبیلەکەم هەڵگرتەوە و ملم نا بڕۆم، بەدەم ڕێوە هەوڵم دەدا کە پیرەی قەلەڕەش هەڵفڕێنم و لە خۆمی دوور بخەمەوە، بەڵام لەسەر دەسکی زەمبیلەکە نەدەجوولاو بەزینی بۆ نەبوو..

«گرەوی من جیاوازە.. کچەکە. گوێم لێ بگرە. لەبەر دڵی تۆ.. ئیدی من لە گۆشتی گیاندارە مردووەکان ناخۆم و بەهەموو فڕندە و دڕندەکانی دیکەش ڕادەگەیەنم کە ئەوەی ئەوان دەیکەن دەبێتە مایەی ئازارو تلانەوە. هەر لە ئێستاوە من ناتوانم دڵنیات بکەم کە گوێم لێ دەگرن، چونکە زۆربەیان دڕندە و کێوین و لەسەر ئەو خووە ڕاهاتوون. بەهەرحاڵ.. من تەقەللا دەدەم. لە بری ئەوە تۆ دەبیت بە قەلەڕەش و منیش دەبمەوە ئەو ئادەمیزادەی جاران، بەڵکو بتوانم بەدوای ئەو خانمە زۆر خۆشەویستەمدا بگەڕێم، ئەو خانمەی من شێت و شەیدای بووبووم.

بەڵام من ناتوانم ئەو گرەوە لەگەڵ کەسێکدا بکەم کە لە ژیانیدا خۆشەویستیی نەکردبێ، ئەوەیان تەنیا ئەو کاتە دەبێ و ڕوودەدا گەر تۆ خۆت عاشق بووبیت و بەئەزموونی خۆشەویستیدا تێپەڕ بووبیت و خۆت تامت کردبێ.. هۆ کچی باش..»

«چی نەخشەیەکی هیچ و بێ مانایە.. قەلەڕەش. من زۆر چاك لە خۆشەویستی گەیشتووم و دەیزانم، چونکە من دایك و باوکم هەن و خۆشیان دەویێم و منیش ئەوانم خۆش دەوێ».

«نا.. خاتوون. من ئەو جۆرە خۆشەویستییە نالێم. خۆشەویستی بەو چەشنە بێ کە من بۆ ئەو شۆخەی خۆم هەمبوو – من ئەو جۆرە ئەوینەم مەبەستە».

من قاقا بەفیز و مەزاقێکەوە پێکەنیم، پێکەنینی ئافرەتێکی جحێڵ کە هیچ کێشە و گرفتێکی نەبێ و ئەوەندەش بیر لە داهاتوو نەکاتەوە و خەمی ئایندەی نەبێ. پاشان پێم وت:

«هۆ قەلەڕەش.. دە کەواتە بیزانە کە من ناکەومە ناو داوی خۆشەویستی. من دەتوانم بچمە دێری ڕەبەنان و لەوێ بژیم، وەك ئەو ئافرەتانەی کە خۆیان بۆ خودا پەرستی تەرخان کردووە، من دواجار وەك ئادەمیزادێکم دەمرم و تۆش وەك قەلەڕەشێك».

«لەوانەیە.. کچەکە.. لەوانەیە. بەڵام ئەوەندەش خۆت بەتوانا و بەهێز مەزانە لە شاردنەوە و خنکاندنی هەست و سۆزت».

«من دڵنیات دەکەم کە واناکەم پیرە قەلەڕەش».

«کەواتە.. دەتوانین گرەوەکە بکەین؟»

ئەوەتا تۆ بەگومانەوە سەیرم دەکەی.. کاکی ڕاوچی.. بەڵام من دڵنیات دەکەم کە من زۆر بەوردی بیرم لە هەموو شتێك کردبووەوە، بەر لەوەی هیچ بڕیارێك بدەم. من هەموو لایەنێکی نەخشەکەم تاوتوێ کردبوو، لایەنی چاکە و خەراپەی. بەڵام دەبێ من دانی پێدابنێم ئەی ڕاوچی کە من زۆر دڵگەرم و سوور بووم لەسەر بیر و بڕواکانی خۆم، چونکە ئەو بیر و بۆچوونانە زادەی مێشکی خۆم بوون، دەشمزانی کامەیان چاکە بۆ من، حیسابی گەورەی من بۆ دەرئەنجامەکانی کوێری کردم، ئارەزووی

کوشندەم بۆ ئەوەی خۆزگە و ئاواتەکەم بێتەدی بەتەواوی کوێری کردم.

هەروەها.. من هەرگیز بیرم لەوە نەدەکردەوە بکەومە داوی خۆشەویستییەوە، چونکە وەك زووتر پێم وتی من کچێکی لووت بەرز و بەفیز بووم، لەگەڵ ئەوەشدا من چاوەڕێ بووم پیاوێك بدۆزمەوە کە لەگەڵ خۆزگە و حەزەکانی من یەك بگرێتەوە. ئەوانەی هەوڵیان دەدا زۆربوون، چونکە لە بیرت نەچێ، من شۆخ بووم، زۆریشن ئەو پیاوانەی چاو لە خولق و خووی خەراپ دەپۆشن، گەر کچێکی شۆخ و نازداریان دەست بکەوێ.

ئا بەم شێوەیە من دەستم بۆ پیرە قەلەڕەش درێژ کرد و پێم وت:

«دەی باشە.. کەواتە با گرەوەکە بکەین.. قەلەڕەش».

پیرەی قەلەڕەش چڕنووکەکانی خستە ناو دەستم و پێی وتم:

«زۆر سوپاس کچی چاك. من لە خەمی ئەوەدا دەبم خۆزگەکانت بێنمە دی و پێ بەپێ لە هەموو شتێك ئاگادارت دەکەمەوە».

لەدوای درکاندنی ئەم ڕستەیە لە شەققەی باڵی دا و فڕی، بەتەنیاو لەگەڵ دەنگی فڕکەی باڵەکانی بەجێی هێشتم. ڕووەو ماڵ ڕێگەم گرتە بەر، شادومان بەو گرەوەی کردبووم، کە پیرە قەلەڕەشم بینی ڕووەو ئاسمان بەرز دەبووەوە بیرم لەوە دەکردەوە؛ خۆ هەتا گەر من ببمە قەلەڕەشیش، ئەوە مەلێکم لێ دەردەچێ کە دەکرێ جوانییەکەی هاوشانی جوانیی خۆم بێ، وەك کچێك.

پیرە قەلەڕەش بەرامبەر بەو بەڵێنەی خۆی سەر ڕاست بوو. چەندین حەکایەتی دێو و درنج و دڕندەی بۆ من دەگێڕایەوە، سەرگوزشتەی سەیری خۆی لەگەڵ ئەژدیهای فڕندە و جرج و باڵندەی بووکە سوورە کە هەر هەموویان چۆن چۆنی گوێیان لێ گرتووە و سوێندیان خواردووە کە یارمەتیی بدەن لەوەی کە چیتر بوونەوەرەکانی دیکە ئازار نەدرێن.

پیرە قەلەڕەش بۆ قسە دانەدەماو ڕەوانبێژێکی بەهرەمەند بوو، باق و

بریقی پەڕەکانی لەوێ بوەستێ، لە پاڵ شتێك لە بەزەیی بەهەردوو پێ کورت و خوارو نووشتاوەکانی کە وای دەکرد گوێگرەکانی دڵنیابن لە شکۆ و دەستەڵات و ڕاستی گوفتارەکانی.

من سوپاسی پیرە قەلەڕەشم دەکرد و هەمیشە میوە و دانەوێڵەم دەخستە بەردەمی تا بیخوا. دایك و باوك ئاگایان لەو دیدارانەی من و قەلەڕەش بوو، بەلاقرتێ و گاڵتەیەکەوە بەقەلەڕەشە پیرەکەیان دەوت کە ئەم تاکە دڵداری منە.

ڕاستە کە ئەوان تیز و مەزاقیان بەمنەوە دەکرد، بەڵام دەشمزانی کە دایك و باوکم زۆر لە دڵەوە لەوە دەترسان و دوودڵ بوون لەوەی کە ئاخۆ من دەتوانم ڕۆژێك لە ڕۆژان پیاوێك پڕ بەحەز و مەرامەکانی خۆم بدۆزمەوە. دایك و باوکی من، وەك هەموو دایك و باوکێکی جگەر سۆز حەزیان دەکرد من بەختەوەرانە شوو بکەم سەبارەت بەگرەوەکەی من لەگەڵ قەلەڕەشدا هیچیان نەدەزانی.

من بەو گرەوە ناهەقییەکی گەورەم لەگەڵ دایك و باوکمدا کردبوو، چونکە من تاقانە بووم و ئەوان هەرگیز بەو هیوا و خۆزگانەی خۆیان ڕانەدەگەیشتن کە هەر هەمووی بەمنەوە بەند بوون.

بەهەرحاڵ، خولیاو خەمەکانی دایك و باوکم هەر زوو بەزوو گۆڕاو ئاراستەیەکی دیکەیان وەرگرت.

لەو گوندەی ئێمەدا ئاگرێکی گەورە کەوتەوە، لەو بەیانییە زووەدا گڕە و بڵێسەی پرتەقاڵی جۆشی دەسەندو ئەو ئاسمانە خۆڵەمێشییەی سەر سەرمانی ڕۆشن دەکردەوە، پاشان دووکەڵێکی ڕەش کە مرۆڤی دەخنکاند ئەو ناوەی تەنییەوە. هەر زوو بەزوو هەواڵمان پێ گەیشت کە یەکێك لە ماڵەکان گڕی گرتووە و ترسی ئەوەش هەبوو کە ماڵەکانی دیکەش بگرێتەوە.

کچی ماڵەکە، وەك زۆربەی کچانی گوندی لە بازاڕ سەرقاڵی فرۆشتنی زەمبیلەیەك پڕ لە میوە و شتی تر بوو، دەبوو ئەوە بکا تاوەکو سێ ژەم نان بۆ ئەندامانی خانەوادەکەی پەیدا بکات. ئەویش وەکو ئێمە سەری هەڵبڕی و ڕووەو ئاسمان ڕوانیی، پاشان بەهەردوو دەست لە ڕوومەتی خۆی دا و زەمبیلەکەی لێ کەوتە خوارەوە و هەرچی کوولەکە و کەلەرم و سێو هەبوون کەوتنە ناو قوڕاوەکە.

کچە «ئێلینا»ی ناو بوو، جوانێك کە هاوتای نەبوو، وام دەزانی خۆری درەخشانە کە دەمدی، ئاخر قژ و پێست و هەتا چاوەکانیشی بریسکەدار و ئاڵتوونی بوون، دەتوت پارچە گەوهەرێکی بێ غەوشە. کە بینیم ڕادەکا، بێ ئەوەی بیر لە هیچ بکەمەوە کەوتمە دوای.. منیش تەبای ئەم، غارم دەدا، چنگم پڕی بوو لە کەستانە، بێ ئەوەی پارەکەی بدەم ڕامکرد، هەر لە نیوەی ڕێگاکە  و بەر لەوەی بگەمە لای ماڵەکەی ئێلینا –وە هەر هەموویم لێ ڕژا.

تا گەیشتینە ئەوێندەرێ نەمتوانی پێی بگەمەوە، بەدەم هەناسە بڕکێوە گەیشت و لە نزیك ماڵەکەی خۆیان وەستاو ڕێك سەیری بڵێسە و کڵپەی ئاگرەکەی دەکرد، ئان وسات ژن و پیاوانی گوندی، پەقرەجی پڕ لە ئاویان دەهێناو ڕووەو خانووی گڕگرتوو هەڵیان دەدا. لە جێی خۆی چەقیبوو، هەر دەتوت عومرێکە ئیفلیج بووە، پاشان کتوپڕ قیژاندی، قیژەیەکی ترسناك و بەرز، بەرزتر لە چرقە چرقی گڕو سووتانی خانووەکە.

ئێلینا ڕووەو گڕەکە تاوی دا، بێ ئەوەی لێی تێ بگەیت هاوار هاواری بوو. من هاوارم لێ کرد و تاوم دایە تاوەکو نەهێڵم خۆی فڕێ بداتە ناو ئاگرەکە کە لەوکاتەدا خانووەکەی هەڵدەلووشی.

وەك هەر ڕۆحلەبەرێکی کێوی کەوتە لوورەو ناڵاندن، بەڵام کە من دەمویست نەهێڵم خۆی هەڵداتە ناو ئاگرەکە؛ بەرەنگارم نەبووەوە.

دایك و بـاوكـی و بـرا بـچـكـۆلـەكـەی لـەژێر دارو پـەردووی خـانـووەكـەدا سووتـان، جگە لە هـەیكـەلێكی ڕەش داگەڕاو هیـچ شتێك لـەو خـانووە جیّ نـەمابوو، هـەر هـەمووی بووبوو بـە سووتمـاك. ئێلینا –م قـایل كرد بـەوەی لەگەڵما بێتەوە ماڵی خۆمـان، دواجار دایكم و هـەم بـاوكم و هـەر هـەموو خـەڵكی گوندی بڕیـاریـان دا كـە بـاشتریـن شت ئـەوەیـە ئـێلینـا لای ئـێمـە بحەوێتەوە، چونكیّ ئێمـەش بۆ خۆمـان خانـەوادەیەكی چكۆلـە و بـەژمـارە كەم بووین، خوشكێكی چكۆلـەم هـاوتـەمـەنی ئێلینا بوو كە دەكرا بـەیـەكـەوە بگونجێن. لە ژوورەكەی خۆمدا جێم كردەوە، دەبیّ دان بەوەدا بنێم كە سەرەتـا سەغڵەت بووم بەوەی كە ژوورەكەمی داگیر كردووە، بـەڵام ئێلینا زۆر بیّ كێشە و گرفت بوو.

بۆ چەند هـەفتـەیـەكی كـەم كپ و خـامۆش لـەو ژوورەدا خۆی مـات كرد و بیّ هـەست و خوست مـایـەوە، كـەچی لـە نـاكـاو شـەوێكیـان گوێم لـەوە بوو دەگریا و دەم و چـاوی لـە سەرینـەكـەی چـەقـاندبوو. زۆر قسـەی نـەدەكرد، بـەڵام كە من دەدوام گوێی دەگرت، ئـەو چیرۆكـانـەی كە بـەخـەیـاڵی خۆمدا دەهـات بۆ ئـەوم دەگێڕایـەوە، جگە لـەو چیرۆكـانـەش كـە لـە كتێبـەكـانـەوە بۆم دەخوێندەوە.

دوای چـەند مـانگێك لـە مـانـەوەی ئێلینا لـە مـاڵی ئێمـەدا پیرە قـەلـەڕەش بووەوە میوانم، لـەنـاو بـاخچـەكـەدا بـەیـەكـەوە دانیشتین و من سێوم بۆ هـانی تـاوەكو بیخوا.. پێی وتم:

«لـەوە نـاچیّ تـا هـەنووكـە خۆشـەویستێكت دەست كـەوتبیّ.. كچی چاك؟»

من بـە خـەندەوە پێم وت:

«یـان خۆشـەویستی هێشتـا نـەیتوانیوە من بدۆزێتـەوە.

لـەوەش نـاچیّ بمدۆزێتـەوە».

«من بـەزەییم بـەتۆدا دێتـەوە.. كچـەكـە».

«تۆ بەزەییت بەمندا دێتەوە قەلەڕەش..؟ وابزانم گەرەکە من بەزەییم بەتۆدا بێتەوە».

پیرە قەلەڕەش لەسەر ئەژنۆیەکم نیشتەوە و سەرێکی خوار کردەوە و پاشان وتی:

«نەخێر کیژەکە. سەیری خۆت بکەو بزانە چۆن ڕەنگت زەرد هەڵگەڕاوە. تۆ لە شتێکت کەمە».

بۆ ساتێك لەو گیا و گوڵە ڕامام کە لەبەر پێیەکانم بوو، هیچم نەوت، چونکە لەو دواییەدا تەواو ماندوو بووبووم و زەرد هەڵگەڕا بووم. دایکم خەمی بۆ دەخواردم و وای دەزانی من خۆم بە ئێلینا -وە زۆر ماندوو کردووە. دیسانەوە زەردەخەنەیەك نیشتە سەر لێوم و بەڕووی قەلەڕەشەکەدا سەرێکم بادا.

«نەخێر.. وانییە قەلەڕەش، من هەر بۆ خۆم ڕەنگم ئاواهی زەردە، دواجار بزانە کە دایکم و باوکم لەسەر ناوی «خوداوەندی مانگ»ەوە ناویان لێ ناوم.»

«دەی باشە ناوت چییە ئەی پاکیزە؟ خۆ تۆ تا ئێستا ناوی خۆت بە من نەوتووە».

«ئاخر تۆش هەرگیز نەتپرسیوە. ناوم - ئارتمیزیا -یە.. هۆ قەلەڕەش».

«ئارتمیزیا. ئیدی من ئەم ناوەم بیر ناچێ. جارێکی دیکە لە دەمی منەوە گوێت لە ناوی خۆت دەبێ، دیارە وەك قەلەڕەشێك گوێت لێ دەبێ».

سەری لەقاند وەك ئەوەی سوپاسم بکا بۆ ئەو میوەیەی کە پێشکەشیم کرد، پاشان لە شەققەی باڵی دا و فڕی، لەودیو سەربانەکەوە لێم بزر بوو.

ئەو کاتە هاوین بوو، بەئاسمانەوە خۆر گەرم گەرم دەسووتا.

بە پەلەو بە هەڵەداوان چوومە ژوورەوە.. تاریك و فێنك. لە هاویندا، وەك زۆربەی ماڵەکانی دیکە، زۆپامان نەدەسووتا، هەر کە ئاووهەوا گەرمی

دەكرد؛ ئیدی ئێمە سەوزە و میوەی تازەمان دەخوارد، جگە لە بەروبوومی دانەوێڵە و گوێزیش کە فێر بووبووین شیرمان بەسەردا دەرژاند.

ئێلینا لەبەر پەنجەرەکە دانیشتبوو، هەردوو ئانیشکی خستبووە سەر دەریزانی پەنجەرەکە. کە منی بینی خەنییەوە، ئاخر بەو چەند مانگە تەواو لە یەکدییەوە نزیك کەوتبووینەوە.

پاشان وتی:

«ئارتمیزیا.. من دەمزانی کە تۆ هەر هەموو گیان لەبەرەکانت خۆش دەوێ، بەڵام نەمدەزانی تا ئەو ڕادەیە و وەها نزیك و ڕۆح پەروەرانە هۆگر و ئاشنایت پێیان».

«مەبەستت چییە.. ئێلینا..؟»

«ئۆو.. وەرە بزانم.. یەك چارەکە سەعات دەبێ و ئاگام لێتە کە تۆ لەگەڵ ئەو قەلەڕەشەدا دەدوایت! دەی باشە من بەقەد ئەو قەلەڕەشە جێی بایەخی تۆ نیم قسەم لەگەڵدا بکەی؟»

کە ئەو قسەیەی کرد.. پێکەنی، هەردوو پوزکی لاڕوومەتی وەدەرکەوتن. ئێلینا، لە دوای مەرگی دایك و باوکی، باریك و بنێس و زەرد هەڵگەڕابوو، بەڵام لەو کاتەی منی دەدواند، هەستم کرد واجارێکی تر ئاڵ بۆتەوەو هەردوو گوپیشی خڕ و گۆشتن.

«نا ئازیزەکەم.. هەڵبەت وانییە. هیچ قەلەڕەشێك وەك تۆ دڵڕفێن نییە».

«لەوە دەچێ قسەکردن لەگەڵ قەلەڕەشێکدا مرۆڤ بێزار بکا.. ڕاست وابێ. سەرەڕا.. ئەو ناتوانێ وەڵامت بداتەوە! یان لەوانەیە تۆ خۆت حەز بەوە بکەیت..

خەڵقەندەیەکت دەست بکەوێ کە زمان درێژییەکەی تۆی قەبووڵ بێ و هیچ قسە و سەر گوزشتە خەراپەکانیشت بەناو خەڵکیدا پەرت نەکات».

«ئۆوە.. کڕ بە ئێلینا! ئەم قەلەڕەشەیان دەتوانێ وەڵامی هەموو قسە و

پرسیارێکی من بداتەوە، بەڵام من دڵنیاشت دەکەمەوە کە ئەو سەبارەت بە من هیچ شتێکی نابەجێ و ناشیرین نادرکێنێ. ئەو منی بەتاکە کەسێکی گونجاو زانی و هەڵی بژاردم بۆ ئەوەی گەورەترین خۆزگە و ئاواتی بێنمە دی».

«ئەوە تۆ باسی چی دەکەی.. ئارتمیزیا؟ چییە بەتەمایت شوو بەقەلەڕەشێك بکەیت؟ دەبێ وابێ، خۆ تۆ تا هەنووکە خۆت لە پیاوەکان بەدوور دەگریت و هەرکێ خوازبێنی کردیت.. دەستت بەڕوویەوە نا».

زۆر نزیك خۆم بەلای ئەودا لار کردەوە و وتم:

«ئەوەندە گەوج مەبە.. من پێت دەڵێم کە چی لەنێوان من و ئەو قەلەڕەشەدا دەگەڕێ، بەڵام بەمەرجێك بەڵێنم بدەیتێ کە هیچ کەس لە تۆی نابیستێ، تەنانەت نابێ دایك و باوکیشم ئەم نهێنییە بزانن».

بۆ ساتێك چاوەکانی ئێلینا زەق بوونەوە و پرشنگێکی هەتاویان تێ ڕژا کە وای کرد بەڕەنگێکی زەرد بدرەوشێنەوە.

«هەڵبەت.. بەڵێنت پێ دەدەم. دەبێ تۆ ئەو نهێنییەم بۆ بدرکێنی».

دایکم و باوکم بەجووتە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێك چووبوونە شار، بەڵام هێشتا، چاوێکم گێڕا تاوەکو دڵنیا بم کە کەس گوێی لێم نییە.

بەدەم ئاگاهی و چرپەوە سەبارەت بەو ڕێککەوتنەی نێوان من و پیرە قەلەڕەش هەر هەموو شتێکم بۆ گێڕایەوە.

چاوەکانی ئێلینا فرمێسکیان تیا زا و دەبریسکانەوە.. پاشان وتی:

«ئارتمیزیا.. تۆ چۆن شتێکی وات کردووە؟ تۆ تەواو ژیانی خۆت کردووەتە بارمتە و ئیدی لە پێناو ڕزگارکردنی چەند بوونەوەرێکی کەم تا ماویت گەرەکە بەتەنیا بژیت. تۆ دەبێ بە قەلەڕەشەکە بڵێی کە ئەو پەیمان و گرەوە هەڵوەشاوەتەوە».

هەناسەیەکی ساردم هەڵکێشا و.. وتم:

«ئێلینا تۆ دەزانی من ناتوانم شتی وابکەم! ئەو کاتەی کەسێك بەڵێن دەدا.. ئیدی هەر ئەوەیە. ئەوەش لەوێ بوەستێ.. دەبێ ئەو کەسە کێ بێ کە من بخاتە داوی خۆشەویستیی خۆیەوە؟ تۆ خۆت وتت کە من بەوە ناوم دەرکردووە کە کەسێکی گیرو ئاڵۆزم، هیچ کام لەو پیاوانە سەرنجم ڕاناکێشێ».

«بەڵام ئارتمیزیا.. گەر هات و ڕۆژێك لە ڕۆژان ئەو پیاوەت دۆزییەوە کە خۆشت بوێ.. دەی باشە ئەوسا چی دەکەی؟ ئەوسا لە من دەڕۆی، لەو کەسە.. لە هەموو کەس دەڕۆی.. لە هەموومان ون دەبیت».

ئێلینا هەردوو دەستی خستە ناو دەستەکانم، توند هەردوو چنگی لە ناو هەردوو لەپم توند کردبوو. بۆ ساتە وەختێك لە یەکدی ڕاماین و پاشان سەرم خستە سەر شانی و دامە پڕمەی گریان.

ئێلینا زێدە شۆخ و شیرین بوو، من وەکو ئەو لەبەر دڵان نەبووم، هەر دوای ئەوەی پرسەکەی تەواو بوو، ژمارەی چاك لە پیاوان هاتنە پێشێ و بەنیازی خوازبێنی داوای دەستی ئێلینا – یان کرد. هەندێکیان لەو پیاوانە بوون کە چاوبازییان لەگەڵ مندا دەکرد، بەڵام کە زانییان مەحاڵە من مل بدەم، ئیدی ئەوان بایان دایەوە لای دەستە خوشکەکەم و کەوتنە خولیای قایلکردنی.

هەر زوو بەزوو لە ناو ئەو لاوانەدا لاوێك داوای دەستی ئێلینا– ی کرد، لاوێك کە ئێلینا– ش بۆ خۆی لە هەمووان زیاتر پەسندی دەکرد، «سیمۆن»ی ناوبوو، چەلەنگ و قۆز، قژ قاوەیی کە مەیلەو سوور دەینواند، پێست تەنك. سیمۆن بەپیشە سەعاتچی بوو.. بەگشتی میکانیك زانێکی دەستڕەنگین.. وابزانم ئەو خشڵ و خاڵ و بابەتی یارییە سەیر و سەمەرانەی کە بۆ ئێلینا –ی دروست دەکرد سیحری لێ کرد و سیمۆن بۆ

خودی خۆی بەقەد ئەو شتانەی کە دروستی دەکردن سەرنجی ئێلینا -ی ڕانەکێشا.

من دڵنیام کە ئەو دەیتوانی گیانداری چکۆلەی وا دروست بکا؛ شت گەلێکی وا کە تۆ بتوانی وەك ڕاوچییەك نیشانەیان لێ بگریتەوە. تا بڵێی کەسێکی زیرەك بوو، بەهیچ جۆرێك حەزی لە شەڕ و توند و تیژی نەبوو، بەپێچەوانەی تۆوە کە حەزی لێ دەکەی.

من هەرگیز لە پیاوانی وەك تۆ تێ ناگەم. بەڵام با من چیرۆکەکەی خۆم تەواو بکەم.

سیمۆن و ئێلینا داوای ڕەزامەندیی زەماوەندەکەیان لە دایك و باوکم کرد، چونکێ ئێلینا وەك دایك و باوکی خۆی سەیری دەکردن، وەها مامەڵەی دەکردن وەك ئەوەی لە خوێن و گۆشتی ئەوانەوە داکەوتبێ. ئەوانیش ڕازی بوون، هەڵبەت، چونکێ سیمۆن کەسێکی کردە و ئاکار و ڕەفتار شیرین بوو، پڕ بەدڵیش ئێلینا -ی خۆش دەویست و زۆر بەڕێزەوەش مامەڵەی لە تەکتا دەکرد.

زۆری نەبرد لە پای خۆسازدان بۆ زەماوەندەکە ماڵەکەمان جموجۆڵ و هاتوچۆیەکی گەرمی تێ کەوت. من و ئێلینا سەرگەرمی دوورینی کراسی بووکێنی و پارچەکانی جل و سیپاڵی ژێرەوە بووین، شەوانە لە قریوە و حریتە حریت نەدەکەوتین، سەرباسی گەرممان بەزم و ڕەزمی شەوی پەردە بوو.. هەموو ئەو شتانەشی کە لەو شەوەدا پێش دێن. ئێمە دوو کچی کاڵفام و بەستەزمان و کەم ئەزموون بووین، وەك دەزانی هیچ کاممان تەمەنی نەگەیشتبووە بیست ساڵ، بیرمان لە شتی وا دەکردەوە کە مەگەر منداڵ بیریان لێ بکاتەوە.

ڕۆژێکیان، دەقاو دەق هەفتەیەك بەر لە زەماوەندەکە من و ئێلینا لە ژوورەکەی خۆماندا دانیشتبووین، دوا تەقەڵمان لە چەرچەفەکان دەدا،

چەرچەفی نەرم و نیان کە ساف لە لۆکە چنرابوو، بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ دەبێ ئەم سەر جێگەو چەرچەفانە لە نەزەر سیمۆن چۆن بن و چ مانایەك بگەیەنن، بیرم لەو دەکردەوە کە چۆن چۆنی سیمۆن دەستەکانی، پەنجە باریك و درێژکۆڵەکانی دەخاتە سەر پێستی ئێلینا و چۆن چۆنی سەروخوار دەیخشێنێ، دەست و پەنجەیەك کە لێزان و وردەکارو حەکیمانە ڕاهاتووە، ئەوەندەی لەگەڵ پارچە زۆر چکۆلەو وردەکانی دەیەها سەعات مامەڵەی کردووە، جگە لەوەش.. گەلێ شتی تریشی لە دەست دێ و دەیکا، ئیدی بەدەم خەم و قەهرێکەوە هەر هەموو ئازای جەستەم دەلەرزی.

هەر زوو چاوەکانم وەها پڕ بوون لە فرمێسك کە ئیدی تەقەڵەکان و دەرزییەکم نەدەبینی، دەرزییەکم کرد بەپەنجەی خۆمدا و چمکێکی چەرچەفەکەم بەدڵۆپێك خوێنی پەنجەم پیس کرد. ئان و سات لەو دڵۆپە سووره ورد دەبوومەوە کە هێدی هێدی بڵاو دەبووەوە، ئا لەو کاتەدا ئامانجی ڕاستەقینەی بوونی ئەو چەرچەفەی بووکێنیم بەتەواوی لەلا ئاشکرا بوو. لە ناکاو دامە پرمەی گریان و فرمێسکەکانم دەڕژانە سەر چەرچەفەکە: ڕێك زۆر نزیك بەو شوێنەی پەڵە خوێنەکە پەرت و بڵاو دەبووەوە.

ئێلینا بەترسەوە سەری هەڵبڕی و کە فرمێسکەکانی منی بینی.. پرسیی:

«ڕۆحەکەم.. چی بووە.. چی قەوماوە؟»

سەرم لەقاند و فرمێسکەکانم قووت دایەوە و پێم وت:

«هیچ نەبووە.. لەوە دەچێ ئاگام لە خۆم نەبێ و بێ باك بم، ئەوەتا دەرزییەکم لە پەنجەی خۆم ڕاکرد و چەرچەفەکەی تۆم پیس و عەدم کرد.»

«قسەی پووچ مەکە.. ئارتمیزیا. بەتۆزێك ئاوی سارد و دەستێك سابوون پاك دەبێتەوە. ئەوە شتێك نییە بۆی بگری و ئەوەش ناهێنێ».

چەرچەفەکەی لە من وەرگرت و ڕووی وەرگێڕا بەو نیازەی کە ژوورەکە

جیّ بێڵێ، بەڵام گوێم لە ترپەی پێیەکانی بوو، بەر لەوەی بگاتە ناو دەرگاکە وەستا، بینیم لەو شوێنە ناجووڵێ، لەو پەڵە سوور و چکۆڵەیەی سەر چەرچەفەکە ورد دەبۆوە، وەك ئەو سەرنجەی چەند ساتێك لەمەوبەری من، دەمتوانی بەرزبوونەوە و داکەوتنی هەر دوو شانی ببینم کە هەناسەی دەدا، هێواش هێواش.. تاوەکو ببینم خۆی هەڵدایە سەر پێخەفەکەی، تیا نقوم بوو، بەڵام هێشتا لە چەرچەفەکەی سەر دەستەکانی ڕادەماو ورد دەبووەوە.

خێرا لەسەر کورسییەکەم هەستام و ڕووەو لای ئێلینا هەنگاوم نا.

دەستەکانم خستە سەر هەردوو دەستی و لێم پرسی:

«ئەوە چیتە.. دە چی بووە؟»

ئێلینا هەڵیدایە و وتی:

«ئۆو.. ئارتمیزیا.. هەر ئێستا دەرکم بەوە کرد کە لەدوای شووکردنەکەم ژیانی من بە تەواوی دەگۆڕێ.

لەمەودوا چیتر بۆمان ناکرێ شەو تا درەنگانێك دابنیشین و بەیەکەوە سەرگەرمی قسەو باسی دونیا بین، یان بەناو کێڵگەکاندا بەیەکەوە پیاسەی خۆمان بکەین. لەوانەیە هەر زوو منداڵێکم ببێ و ئیتر دەبێ ئاگام لە بەخێوکردنی بێ.

دەیەها ئەرك و ماندووبوونی تر! هەموو شتێك دەگۆڕێ!»

بۆ دڵنیاکردنەوەی دەستێکم لە شانی دا و پاشان وتم:

«بەڵام نێوان من و تۆ هەروەکو خۆی دەبێ و ناگۆڕێ.. ئێلینا. من هەمیشە هاوڕێ و هاودەمی تۆ دەبم و تۆش هی من. هەر دووکیشمان لەسەر ئەم بارە تازەیە خۆ دەگونجێنین. من و تۆ هەر دەتوانین جێ و ڕێی تر بدۆزینەوە بۆ کەیف و بەزم و ڕەزمەکانمان، هەتا ئەو کاتەشی کە سکت هەشت مانگانە و زلە و قەبە و خڕ دەبێت».

ئێلینا بە نەرمییەوە پێکەنی و فرمێسکەکانی بەری چاوانی سڕییەوە و وتی:

«با واش بێ.. من هێشتا هەست دەکەم کە دەرهەق بە تۆ گوناهم کردووە، چونکە من هەموو ئەو شتانە ئەزموون دەکەم کە تۆ ناتوانیت».

من پێکەنیم، پاشان بە تاڵییەکەوە پێم وت، بەڵام من مەبەستم نەبوو دەنگم ئەو تاڵی و ناخۆشییەی پێوە دیاربێ.. بەس نەمتوانی:

«چەند گرنگە کەسێك وا لە ناو بۆتەی خۆشەویستیدا توابێتەوە. من ئەوەتا ئەو هەموو خۆشەویستییە زۆرە لە تۆوە وەردەگرم.. کێ دەتوانێ ئا بەم چەشنە ئەو هەموو خۆشەویستییە بە من ببەخشێ؟»

ئێلینا سەیرێکی کردم و چاوە زەردەکانی ڕاستی و سۆزیان لێ دەباری، پاشان وتی:

«ئۆو.. ئارتمیزیا.. تۆ نایزانیت! تۆ ناتوانیت بیزانیت! شتەکە لەوە سەیر و سەمەرەترە کە مەزەندەی بکەیت».

ئا لەو کاتەدا بیرم لە «سیمۆن» دەکردەوە، دەم و چاوە نەرم و ناسکەکەی، ڕەفتارە نیان و دڵۆڤانەکانی، کتوپڕ هەستم بە بەغیلی و ئیرەیی کرد، وەها شڵەژام و پەشۆکام کە لە ناو هەردوو دەستی ئێلینا –م گرت و زۆر توند نووساندمن بەدەستەکانی خۆمەوە.. پاشان وتم:

«ئێلینا.. من لێ ناگەڕێم ئەو کابرایە تۆ ببا و لە منت بستێنێ! من ناتوانم و دڵم نایکات تۆ بڕۆی!»

ئێلینا زۆر لەسەرخۆ و نازەنینانە دەستی بەقژمدا هێناو وتی:

«من زۆر دوور ناکەومەوە. پاشان تۆ خۆت وتت کە لە نێوان من و تۆدا هیچ شتێك نییە کە بگۆڕێ».

هەردوو دەستم لە ناو دەستەکانی ئەو دەرێنا و خۆم ڕاپسکاند، زۆر

کـێویـیـانـە بـەژوورەکـەدا دەهـاتم و دەچـووم، دەستـەکـانم سەر و خـوار بەهـەردوو باسکەکانمدا دەخشاند. ئێلینا بەدوامەوە بوو، بەدەم بێزاری و دڵەڕاوکێوە ناوچەوانی خۆی گرژ کرد.

«ئـارتمیزیـا.. تۆ بـەڕاستی پەست و نیگەرانی! هیچی خەراپ قەوماوە؟ تەنیا هەفتەیەك ماوە بۆ ئەو زەماوەندەی من. هەق وایە هەرچییەك لە دڵ و دەروون و خەیاڵماندایە بۆ یەکدی باسی بکەین بەر لەوەی بڕۆم».

نابەدڵ سەرم لەقاند، کەزییە ڕەشەکانم کرانەوە و پەخش بوون کە قژ بەستەکەم لێ کردەوە کە تا ئەو حەلە ڕێك و جوان تۆپەڵم کردبوو.. پاشان پێم وت:

«نا.. ئێلینا. من ناتوانم باسی بکەم. من تۆ دەدۆڕێنم ئەگەر بیدرکێنم».

«تۆ لەوە دەترسی کە شتێك بڵێی تووڕەم بکات؟ تۆ دەزانیت کە من هەرگیز لە تۆ تووڕە و نیگەران نابم».

«ئێلینا.. ئەوەیان شتێکە کە ناتوانم بەهیچ کەسێکی بڵێم. وتنی ئەو شتە هەموو ئەو کەسانە وێران دەکا کە من زۆرم خۆش دەوێن».

ئێلینا دەستی لەسەر دەمی دانا و وتی:

«ئەوە بوو کە لێی دەترسام. جارێکیان سیمۆن داوای دەستی تۆی کردبوو. تۆ لەوە تووڕەی کە من شووی پێ دەکەم؟

ئارتمیزیا.. پێم بڵێ: تۆ ئەو کابرایەت خۆش دەوێ؟

من زۆر ئاسوودە وازی لێ دەهێنم گەر ئەم زەماوەندە درزێك بخاتە پەیوەندیی نێوان من و تۆ.»

من پشتم تێ کرد و لە پەنجەرەی ژوورەکەمانەوە سەیرێکی دەرەوەم کرد. دەمـتـوانـی لـە نـاو بـاخـچـەکـەدا چـەنـد قـەلـەڕەشێك بـەسەر درەخـتـی کەستانەکەوە ببینم.

پیرە قەلەڕەشەکە لە نێویاندا نەبوو.

«نا.. ئێلینا.. من سیمۆن –م خۆش ناوێ».

بە پەلە و گران هەناسەیەکی دایەوە، هەروەك بڵێی ئەو هەناسەیەی لە سینەیدا توند کردبێ تا ئەو وەختەی من وەڵامم دایەوە:

«گەر وابێ ئەوە من ئاسوودە و هێمن بوومەوە! لەم دواییەدا تۆ زۆر سەیر هەڵسوکەوت دەکەی.. من وام مەزەندە کرد کە تۆ لەمەڕ شووکردنم بە سیمۆن ئیرەییم پێ دەبەی، چونکە دەزانم کە تۆ پێی سەرسامی».

«بەڵێ من پێی سەرسامم، بەڵام تەنیا لەبەر ئەوەی کە دەتوانێ تۆ شادومان بکات».

پشتم لە پەنجەرەکە کرد و ڕووم کردە ئێلینا، دیم گەشاوە.. دەدرەوشایەوە، ڕوخساری یەك پارچە خۆشەویستی و دڵەڕاوکێ بوو.. پاشان تێ هەڵچوومەوە:

«ئێلینا تۆ ئەو کەسەی کە من تەواو بایەخی پێ دەدەم.. تۆ هەست بەوە ناکەی؟»

خەندەیەك نیشتە سەر لێوانی، ئەو لێوانەی کە دەتوت نەخشی بازنەیەکی ناسکە.. پاشان وتی:

«هەروەها بۆ منیش هەر وایە.. تۆ تاکە کەسێکی لە هەموو کەس پتر بایەخی پێ دەدەم».

«نا.. هی تۆ زۆرترە».

ئێلینا هاتە پێش و لێم نزیکتر بووەوە و هەردوو دەستمی خستە ناو دەستەکانی و پرسی:

«ئارتمیزیا.. مەبەستت چییە؟ من تێ ناگەم».

دیسانەوە ڕووم وەرگێڕا و جارێکی دیکە سەیری قەلەڕەشەکانی سەر درەختەکەم کردەوە:

«ئێلینا.. ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە کە من تۆم خۆش دەوێ».

زاری هەڵێنا بدوێ، بەڵام من لێ نەگەڕام و لەسەری ڕۆیشتم:

«من تۆم خۆش دەوێ، نەك بەو چەشنەی تۆ منت خۆش دەوێ، وەك خوشك یان هاوڕێ، بەڵکو بەهەمان شێوەی کە تۆ سیمۆن –ت خۆش دەوێ و ئەویش تۆی خۆش دەوێ، من تا ئەم هەفتەیەش هەستم بەوە نەکرد».

چاوەکانی کرانەوە وەك ئەوە بترسێ و پاشان هەڵیدایە:

«چۆن.. من بڕوات پێ ناکەم».

«تکات لێ دەکەم.. تۆ دەبێ بڕوام پێ بکەیت. من دەمزانی چەندە مەترسیدارە ئەو نهێنییە بدرکێنم، من قوربانیم بەهەموو شتێك دا تا ئەو ڕازە بە تۆ بڵێم».

«تۆ منت خۆش دەوێ؟ بەهەمان ئەو مانایەی کە سیمۆن منی خۆش دەوێ؟»

«بەڵێ ئێلینا.. وایە.. من بەغیلی بەوە دەبەم کە سیمۆن ئەو کەسە بێ کە تۆی خۆش بوێ و من نەبم».

باوەشم بۆ کردەوە.. بەدووودڵییەوە، بەلای خۆمدا ڕامکێشا، لەژێر پاڵەپەستۆی سینەیدا کە بە سینەمەوە نووسابوو هەناسەم دەدا، دەم و چاوی خۆی لە ناو قژی پەخشی مندا شاردەوە کە بەتەواوی کەزی و بسکەکانم کرابوونەوە و لە قژ بەستەکە ڕزگاریان بووبوو.. لە ناکاو گریام.

«ئارتمیزیا.. تۆ نابێ شتی وا بڵێی!»

«دەبێ بیڵێم و هەر دەیڵێمەوە..! ئێلینا.. تۆ ڕاستت وت. من هەرگیز نەمدەزانی و مەزەندەم نەدەکرد خۆشەویستی وەها سەیر و جوان بێ. بەڵام ئازارەکەشی زۆر گەورەترە».

زۆر بەهێواشی خۆم لێ کێشایەوە، هێشتا دەستەکانم لێ بەر نەدابوو.. هەستم بە تەماسی نەرمونیانی قوماشی جلەکانی بەری دەکرد.

«ئێلینا دەبێ پێم بڵێی ئاخۆ دەکرێ تۆ ڕۆژێك لە ڕۆژان منت خۆش بوێ».

«ئارتمیزیا.. بەو شێوەیەی کە تۆ دەیڵێی.. نا.. من هەستێکی وام نییە. من سیمۆن –م خۆش دەوێ.» پاشان سەری نەوی کرد و چرپاندی:

«ئەی ئەگەر کەسێك کە تۆ خۆشت دەوێ دانی پیانا کە ئەویش تۆی خۆش دەوێ، ئەو پەیمانەی کە تۆ لەگەڵ قەلەڕەشەکەدا بەستووتە ناچارت دەکا کە تۆش خۆت ببیت بە قەلەڕەش».

«ئەوە دەهێنێت کە مرۆڤ بزانێ خۆشەویستە یا نا.. زۆر گرنگە. ئێلینا.. من وام هەست دەکرد کە دەتوانم بێ ئەم چەشنە خۆشەویستییە لە ژیاندا هەڵکەم. بەڵام ئێستا دەزانم کە ئەوە ڕاست نییە. من دەبێ بزانم ئاخۆ تۆ منت خۆشت دەوێ یان نا».

«ئارتمیزیا.. کە من شوو دەکەم تۆ نادۆڕێنم. وا هەست دەکەم کە تۆ شڵەژاو و ماندوویت».

«نەخێر.. ئەوەی کە من پێم وتی ڕاستی دڵی خۆمە. دوای درکاندنی ئەم نهێنییە وا چاکترە من ببم بە قەلەڕەشێك. ئەگەر بەڕاستی تۆ منت خۆش بوێ، ئەوسا زۆر تاسەت دەکەم و لە دووریت زەرد و لاواز دەبم، چونکە ئیدی ناتوانین و ناکرێ بەیەکەوە بین، خۆ ئەگەر منیشت خۆش نەوێ، ئەوسا شەرم لە خۆم دەکەم کە ئەم نهێنییەی دڵی خۆم پێ وتی. تکایە ئێلینا.. پێم بڵێ و لە دەرئەنجامەکانی مەترسە».

چاوەکانی ئێلینا فرمێسکیان داباراند و بەسەر پێستە بۆرو زەردباوەکەیدا جۆگەلەیان بەست، فرمێسکەکانی چون ئاوی زێڕ دادەڕژان.

«ئـارتـمـيـزيـا.. گـەر شتێكی وا شیـاوە.. كـەواتـە.. بـەڵـێ.. مـن تـۆم خـۆش دەوێ».

بـەدەم گـریـانـێکـەوە تـەقـیـمـەوە و بـەهـەردوو دەست چـاوەكـانـی خـۆم شاردەوە، لە خۆشییانا نەمدەتوانی زار هەڵبێنم و یەك وشە بدركێنم، لە بەردەمی ئێلینا –دا كەوتمە سەر چۆك، هەردوو باسكم لە كەمەرییەوە ئاڵاند و بەلای خۆمدا ڕامكێشا.

من گوێم لە هەناسەی خۆشی بوو.. پێی وتم:

«ئارتمیزیا.. تكات لێ دەكەم لە پێناوی مندا بەسەر زەویدا مەكەوە.»

«ئـێلـینـا.. هـەر شتێك دڵـخۆشت بكـا مـن دەیكـەم، بـەس جـارێكی دیكـە بیڵێرەوە كە تۆ منت خۆش دەوێ».

«من تۆم خۆشدەوێ.. ئارتمیزیا».

هەستامەوە سەر پێ و زیاتر لە خۆم نزیكم خستەوە. خۆشی و ترس لە نـاخـی مـنـدا تـێكـەڵ دەبـوون و سكیشم بـەدەم جـووڵـەیـەكـی سەیـرەوە هـەڵدەبـەزییـەوە هـەروەك لـە سەمـایـەكـی شێتـانـە و كێوییـانـەدا بـم، جـۆرە سەمـایەك كە من دوای ئەوە لە چەندین ساڵ بینیم: كۆمـەڵێك ژن كە گوڵیـان لە قژی خۆیان دابوو لە ناو دارستانێكدا لەو جۆرە سەمـایەیـان دەكرد.

یەك هەفتە. پیرە قەلەڕەش تەنیا یەك هەفتەی دامێ تا لەگەڵ ئێلینا –دا بمێنمەوە. لە من گەڕا لە ئاهەنگی گواستنەوەكەیدا لە تەكیا بوەستم، ئیدی هـەر ئـەو جـارە و هـەتـا هـەتـایـە لـە مـن بـزر بـوو، بـردیـان بـۆ بـاوەشی نەرمونیانی سیمۆن: ئەو پیاوەی بابەتی گەمەكانی دروست دەكرد.

لە ژووری زەماوەندەكەی ئێلینادا چی جوان بوو لەبەرم كرد، چونكە ئـەوەیـان دوا ڕۆژ بـوو كـە بـمبـینـێ. جوانـترین كراسی خـۆمـم دەرهـێنـا، كراسێكی ڕەنگ ئەرخەوانیی تێكەڵ بە قرمزی، سۆلێكی مەخمەریم كردە پام كە نووكەكانی زەنگوڵەی چكۆلەی پێوە بوون. من دەمزانی كە ئێلینا

بەقژە ڕەشەکەی من سەرسامە، بۆیە بەرم دابووەوە و گەیشتبووە سەر کەمەرم، بە تاجە گوڵینەیەکیش تەوێڵی خۆم ڕازاندبووەوە.

لە هەموو لایەکەوە پیرۆزباییان لە ئێلینا دەکرد و چواردەوری بە خەڵکێك گیرابوو کە لە ئاهەنگ و خۆشی و هات و هاوار و یاری و زرمەزلێ نەدەکەوتن، بەڵام من ڕێك لە تەنیشتییەوە وەستا بووم و خۆم پێوە نووساندبوو، خامۆش و بێدەنگ.. بەڵام پڕ لە شکۆمەندی. دوا کاتم لەگەڵ ئێلینا –دا ئەو شەوە بوو کە وەك دوو تارمایی یەکدیمان لە باوەش کرد. بە چرپەوە ماڵئاواییی لێ کردم، کە یەکدیشمان ماچ کرد لێوی هەردووکمان سوێر بوو. پاشان منی بەجێ هێشت تا دوای سیمۆن بکەوێ: ڕووەو پێخەفی بووکێنی، بەوپەڕی غەمناکی و زۆر زەبوونانە سەرم خستبووە سەر شانی و دەمڕوانی.

ئاهەنگ گێڕان و شاییکەران ڕێك لە بەر دەرگای ژووری تازەی بووك و زاوادا شێتانە لە بەزمی ئاهەنگ و خۆشی نەدەکەوتن، دەیانخواردەوە و گۆرانییان دەچڕی و بەسەر بووکێدا بەستە و بالۆرەیان نەدەبڕییەوە، بەدەنگێکی بەرز و زۆر بێ ئەدەبانە، لە خانووەکە هاتمە دەرێ و خۆم دزییەوە.. بێ پەرواو مەبەست دەسووڕامەوە. من نەمدەویست «سیمۆن» ببینم کە سەرکەوتووانە لەو ژوورە بێتە دەرێ و چەرچەفی بەخوێن سوور بووی بەدەستەوە بێ.

ئان و سات پیرە قەلەڕەشم بەسەر درەختی کەستانەکەوە بینی، هەر هەمان ئەو شوێنەی کە هەموو جار یەکدیمان تیا دەبینی. پێم وت:

«دەی چاکە.. قەلەڕەش.. بەپێی پەیمان و گرەوەکەی نێوانمان هەنووکە کاتی ئەوە هاتووە من و تۆ جێمان بگۆڕینەوە. دەبێ من ببمە قەلەڕەش، تۆش جارێکی دیکە ببیتەوە بە ئادەمی».

«بەڵێ.. ئەی پاکیزە.. تەواو کاتی خۆیەتی. ئێستا کە لەو بڕوایەدای کە

خۆشەویستی ئەو نرخە دەهێنێ کە تۆ هەنووکە دەبێ بیبەخشیت؟»

پاڵم دا بە قەدی درەختەکەوە و لێم پرسی:

«بەڵێ.. قەلەڕەش.. بڕوای تەواوم پێیەتی. تۆش لەو بڕوایەدا بووی کە ئەو نرخە دەهێنێ ئەو کاتەی بووی بە قەلەڕەش؟»

«هەڵبەت.. کیژێ.. هەڵبەت بڕوام پێی بوو.. ئارتمیزیا».

هەر دوای ئەوەی ناوی هێنام، ئیدی من چیدیکە ئەو کچەی جاران نەبووم، بەڵکو هەڵگری لەشێکی سەیر و ڕووەو ئاسمان بەرز دەبوومەوە. لەو ئاسمانەوە سەیری زەویم دەکرد و کابرایەکی گەنجم بینی، درێژ و قژ کاڵ، بەدەم خەندەیەکەوە دەمی پان کردبووەوە و دەستی بۆ هەڵدەشەقاندم.

دوور فڕیم و لەو شوێنە دوور کەوتمەوە و هەرگیز نەگەڕامەوە ئەوێندەرێ. لەو شوێنەوە دەستم پێکرد کە پیرە قەلەڕەش بەجێی هێشت، قسەم لەگەڵ جۆرەها گیاندار و بوونەوەر کرد بەو ئومێدەی کە لە ڕەفتاری خۆیان بگۆڕن. زۆربەی هەرە زۆری دڵی نەرم نەدەبوو، دوای ئەوەی لە ناو باڵندە و ئاژەڵە کێوییەکاندا ژیام، تێ گەیشتم لەوەی ئەو هۆیانە چین کەوا لە پشیلە کێوییەکان و سەگە زەبەللاحەکان دەکا بۆ پەیداکردنی خۆراکی خۆیان گەرەکە گیانداری دیکە بکوژن، هەر زوو بەزوو دەستم پێکرد کە لە چکۆڵەترین دڕندەوە تا گەورەترینیان بدوێنم، لە مشکەوە دەیگری تا دەگا بە سمۆرە و مار و ئەژدیها و سیمرخەوە. من وا هەست دەکەم کە وەکو قەلەڕەشێك شتی زۆر چاکم کردبێ.

ئاه.. بەڵام هەڵبەت.. من زۆر بەتاسەوەم.. زۆر کولافەم بگەڕێمەوە ناو لەشەکەی جاران، ببمەوە خاوەنی هەمان سەر وڕوخسار.

تۆ دەتوانی وا بکەی.. دەتوانی یارمەتیم بدەی لە وەدەستهێنانەوەی ئەو کەسەی کە بووم.. هۆ ڕاوچی گیان.. من بۆ ئەوەش پاداشت دەکەم و.. خەڵاتم دەبێ.

گەر تۆ بەوە قایل بیت.. ڕاوچی گیان.. من بۆ ماوەی پێنج ساڵ دەبم بە دۆست و یاری تۆ. گەر بێمەوە سەر ڕوخساری مرۆڤەکەی جاران، ئەوە بزانە کە دەبمەوە بە کچە جوانەکەی جاران.. شۆخ وەك ئەوەی بۆم وەسف کردی.. هەڵبەت ئەوساش هەر پاکیزەم. دەتوانم بۆ ماوەی پێنج ساڵ هی تۆ و بۆ تۆ بم، بەڵام ئەوساش دەبێ خوو بەم ئاکار و ڕواڵەتەوە بگری و.. لەسەر بەڵێن بیت.

چی دەڵێی کاکی ڕاوچی؟ تۆ پیاوێکی تەنیایت.. من ئەوە دەزانم. ئەوە چییە تۆ دەیکەی؟ لە پای چی هەر تەنها بۆ کەیف و خۆشی و ڕابواردنی خۆت ئەو گیاندارە بەستەزمانانە دەکوژیت؟

ئەوەتا دیارە.. بەچاوتەوە.. خەریکە دڵت نەرم دەبێ.. هێی ڕاوچی.. تۆ حەزدەکەی بەدیداری ئەو کچە بگەیت کە ڕۆژێك لە ڕۆژان من ئەو بووم.

دەی کەواتە.. ڕازی بەوەی گرەوەکە بکەین و پەیمانەکە ببەستین؟

سەرچاوە:
Quarterly Contest
FAQ
Webrings - Amazon

***

## ئاسکەکە..

چیرۆکی: بێرتن شولمان(*)

بەرە بەیانەو کازیوەی دەدا، تەمی هێڵێکی سووربـاوی سارد لە ئاسۆدا، هەوا شێدار... واهی کە هەموو شتێك ئازارم بدات: دەستەکانم ئەو کاتەی کۆڵە پشتەکەم بەرزکردەوە، زەندەی دەستم کە چەقیبووە سەر تفەنگەکەی باوکم، ئەو تفەنگەی کە ڕاوی پێ دەکرد، ڕوومەتەکانم کە لە پاڵتۆکەی دەخشا. کاتێکی چ خەراپ بوو: مانگێك بوو لەسەر ئیش دەرکرابوو.

من لەو بەیانییەدا گەرەکم نەبوو لەگەڵ ئەودا بچمە ڕاو. بەتایبەتی لەدوای ئەو شتانەی کە شەوێك پێشووتر ڕوویان دا. بەڵام چووم.. چونکە لە دارستانەکاندا شتی وای فێر دەکردم کە زۆر بەکەڵکتر بوون لە هەرشتێکی دیکە کە لە شوێنانی تردا فێر دەبووم. سەبارەت بە ماسیگرتن، خێوەت داکوتان.. بگرە مانەوەو ژیان.

لەدوای ئێمەوە دەرگای تەلبەندەکە زرمەیەکی بەرزی لێ هەڵسا. من دەمزانی دایکم بەبێ دەنگی لەوێدا وەستاوە. نەمدەتوانی سەیری بکەم، چونکە ئەوەیان وای لێ دەکردم کە حەز بکەم باوکم بڕواو جێم بێڵێ. دەست لەسەر دەست، دەم و چاو گرژ و سارد.

لەپەنجەرەی «ماشێن»ەکەوە دووکەڵ دەهاتە ژووری، وای دەکرد بکۆکم، کە تۆزێك دوورکەوتینەوە جارێکی تر گوێم لە تەقەی دەرگاکە بووەوە. سەرم هەڵبڕی.. دایکە چووبۆوە ژووری.

***

شەوی پێشووتر باوکم پێی وتم:

« من لە تەمەنی تۆدا بووم کە بۆ یەکەمجار منیان بردە ڕاوەئاسك. لە

ڕاستیدا تەمەنم چواردە ساڵ بوو، هەر لە هەمان شوێندا. تەنیا ئەوەیە ئەوسا باخچە نەبوو».

جارێکیان بەیەکەوە چووینە «باخچەی رایمان» بۆ ماسیگرتن. ڕاوکردن قەدەغە بوو، بەڵام ئەم بەو شێوەیە بۆمی شی کردەوە: لەو باخچەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە ئاسك دەلەوەڕا، فەرمانبەرەکانی دەوڵەتی دەیانزانی، ژینگە پارێزان دەیانزانی، پاسەوانەکانی باخچەکە دەیانزانی، بەڵام لەڕووی ڕەسمییەوە هیچیان نەکرد. هەر بۆیە لە وەرزی هەر زستانێکدا پاسەوانەکان خۆیان نەبان دەکرد. شتێك بوو هەر هەموو لایەك لەسەری ڕێك بوون.

دایکم کتلییەکی خستبووە سەر زۆپاکە.

«من پێم وتی من نامەوێ باوکت کاری وا بکات. ئەمەیان مەترسیدارە».

لەوەتەی دەرکرابوو.. هەموو ئێواران لە مووبەقەکەدا دادەنیشت و ڕۆژنامەی دەخوێندەوە، بەدیار «بیرە»یەك و جگەرەیەکەوە، بێ ئەوەی زار هەڵبێنێ یان سەیری من یاخود دایکم بکات. وەك خووش بێ ئێمە سەیری ئەومان نەدەکرد. ئەوکاتەی دەیخواردەوە، وا چاك بوو لێی بگەڕێین.

« من نازانم تۆ بیر لە چی دەکەیتەوە و بەتەمای چیت. ئێرە «ئالاسکا»یە و نەك «ئەستۆریا». تۆ دەبێ بەدوای کارێکدا بگەڕێی، نەك بەتەنیا سەر بڕینی ئاژەڵەکان».

لەرەلەری دەنگی دایکە شێتگیری دەکردم. باوکە سەیری دەستەکانی خۆی دەکرد، چەند جارێك دەیکردنەوەو دایدەخستنەوە.

«بۆچی دەتەوێ وای بنوێنی کە من گێژوحوڵ بەم ناوەدا دەسووڕێمەوە؟»

پاشان وتی – «من بەدوای ئیشدا گەڕاوم. تۆ دەزانی من گەڕاوم».

«لە ڕۆژنامەی ئەمڕۆدا شەش لاپەڕەی تیایە بۆ ئەوانەی بەدوای کاردا وێڵن. ڕۆژانی بێکاری بەسەرچوو. ناکرێ بەم چکە چکەیە بژین».

من نەمدەزانی بۆچی وا هەنووکە سەری کردووەتە سەری، لەو وەختەی کە دەخواتەوە، ڕووەو دەست شۆرەکە ملی نا، پشتی لە هەردووکمان کرد.

دایکە وتی– « من داوای کۆبۆنی خۆراکم کردووە».

باوکە بەگرژییەوە سەیری کرد، کەمێك دەنگی بەرزکردەوە وەك، ئەوەی دایکە لێی دوور کەوتبێتەوە.

«ئەوە تۆ دەڵێی چی؟»

دایکە هیچی نەوت، باوکە چاوەکانی خۆی هەڵگلۆفی.

«تۆ لە بەردەم کوڕەکەمدا چیم پێ دەڵێی؟»

دایکە وتی – «ئەو وەختە بەسەرچوو».

باوکە سوور هەڵگەڕا، پاشان وتی:

«ئێمە قسەمان لەسەر ئەوە کرد، لەسەر ئەوە ڕێککەوتین».

یەکە یەکە لە شتەکان ورد بوومەوە: مێزی فۆرمیکای خۆڵەمێشی، کورسییە قاچ کرۆمییەکان، بەفرخەرە سپییەکە، ڕاخەرە بێجییەکە، دەمویست بزانم هەریەکەیان لە خەیاڵی من چی دەنوێنێ، لە سەرووی دەست شۆرەکەوە پەنجەرەیەك بەسەر دیواری خانووەکەی ئەو بەرەوە کرابووەوە.

«کەس تۆی بینی؟»

دایکە وەڵامی نەدایەوە.

ڕووەو ژووری میوان ملی نا، باوکە کەوتە دوای. پاشان کێشای بەپشتی سەریدا، وەك کەسێك بیەوێ مێشێك بکوژێ، هەرگیز نەمدیبوو باوکە ئاواهی دەست لە دایکە بکاتەوە، بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێ، جووڵەیەکی کورت، بەڵام ڕاستەقینە. ئەو زرمەیەی لەو لێدانەوە هات. بێزەوەر بوو، بێ تام، کەللەسەری دایکە ڕاتەکی وەك سەری منالێك کە بەر

لەوەی بگری. بەئاستەم ڕادەتەکێ. بەڵام ئەوەیان بەتەنیا هەڵەیەك بوو، هێدمە گرتی بوو، چونکە لەوە دەچوو ویستبێتی دەست بدا لەسەری و بەس. بۆ ساتێك دەستی بەخۆیدا شۆڕکردەوە وەك ئەوەی خۆزگە بخوازێ لێی بکەوێتە خوارێ نەگریا، بگرە ئاوڕیشی نەدایەوە. من بەچواردەوری خۆمدا بۆ شتێك دەگەڕام، دارێك یان هەتا کورسییەك، لە حاڵێکدا باوکە بۆ جاری دووەم پەلاماری بداتەوە. لە ناوەوە گرێ گرێ بووم، نەمدەتوانی ڕوخساری ببینم، بەڵام دەمزانی چاوە شین و مەیلەو خۆڵەمێشییەکانی ساردن وەك زستان. هەر ڕێی دەکردو نەدەوەستا. بۆ کوێ دەچێت.. بیرم لێ دەکردەوە.

باوکە ئێستا بەسەرما قیژاندی – «چییە لەوێ وەستاوی .. شتێك نییە لەوە باشتر کە بتوانی بیکەیت؟»

***

ناو ماشێنەکە سارد بوو.. من هەڵدەلەرزیم. چرِی ماشێنەکان ئێمەی بەسەر پردەکەوە وەستاند. ڕوخساری باوکە وا ڕێ ڕێ بووبوو هەر دەتوت بە دەمە تیغێك بڕابوون، ئارام بوو وەك کەسێك کە بەنگکێشان سستی کردبێ، هەرچەندە لەوە دەچوو لەژێر سمێڵ و ڕیشەوە شتێك بجووێی. خۆر هەڵکشابوو، بەڵام کارگەکان هێشتا بەڕووی ئاسماندا ڕەش دەچوونەوە، بەدرێژاییی جادە سەرەکییەکە ماشێنێکی یەکجار زۆر، لەدواوە، لەپێشەوە. تراکتۆرێك بە عەرەبانەکەیەوە قەدبڕ ئەو جادەیەی گرتبوو.

«تف لەو بەختە» لەژێر لێوەوە بڵماندی. سەیرێکی منی کرد. دەم و چاوی کشا. «هەرگیز لەو شوێنەدا نابین کە گەرەکمانە.» ئەمەی وت. «قەت گەیشتووین بەو شوێنە؟» دەستی درێژ کرد، لەوە دەچوو بیەوێت قژم بەدواوە دا بخات بەو شێوەیە بم کە ئەم حەزی پێ دەکات. من ڕاچڵەکیم و کشامەوە.

ڕوخساری سوور هەڵگەڕا.

من پڕ بووبووم به چەندەها هەست و نەستی تێکەڵ و ترسناك. دوور ڕوانیم و ریکلامێکی جگەره سەرنجی ڕاکێشام، زۆر گەورەو بەرچاو کە بانگی دەکردی، ڕێکلامەکە وێنەی کچێك بوو، بە جلی حەمامەوە، کە دوو ڕەهەندو دیو بوو، بەڕەنگی شین و پرتەقاڵی ڕەنگرێژ کرابوو، سەرو پرچی کچەکە بەدواوەدا کەوتبوو، لێوەکانی لێکدی جوداکراوە بەدەم جۆرە خەندەیەکەوە کە من لە ژیانی ڕاستەقینەشدا کچانێکی وا دەم بە خەندەم هەرگیز نە دیبوو، جولاین و ماسێنەکە ڕووناکی تێرژاو خۆرم بینی کە لەپشت کۆگاو عەمبارەکانەوە بەرز دەبووەوە، خۆرەکە پرتەقاڵی دەینواند وەك هێلکەیەکی بۆگەن کردوو.

***

ئەم شەوە خەونەکانم پڕ بوون لە هەراو دەنگ، هات و هاوار، زرم و کوتی لێدان. بەڵام لە بەرەبەیاندا خۆم لە ژوورێکدا دیتەوە کە پڕ بوو لە ڕۆشنایی کاڵ و تەنکی پاش نیوەڕۆ. هەستم بە گۆشەی لە «ساتان» دووراوی بەتانییەکە کرد لەسەر لێوم. من گرانەتام بوو، دەستی باوکم بەتانییەکەی سەرمی چێ دەکرد و پاشان دەستی بەسەرمدا هێنا. تەمەنم لە پێنج ساڵ پتر نەبوو. کە لە خەوەکە وەئاگا هاتم؛ پتر لە بیرەوەری دەچوو، نەك خەونێك. بەڵام نەمدەتوانی جێی بکەمەوە. لەڕاستی دەچوو، بەڵام من بڕوام پێ نەدەکرد.

***

سەرەتا خۆڵەمێشی، پاشان هەتاوێکی پرتەقاڵی لە نێوان درەختەکانەوە دادەڕژا ئەوکاتەی ئێمە گەیشتینە ناو باخچەکە، بەڵام لەپشت ئەو باخچەیەوە هەوران لێکیان دەخوڕی. کۆتاییی وەرزی گەڵاڕێزان بوو، بەڵام هێشتا گەڵا بەدرەختەکانەوە دەشنایەوە، بەڵام ئەوەندەش زۆرنا، ئێستاکە هەواکەی خۆش و فێنك بوو، بەس سارد نەبوو، هەوایەکی پڕ لە شێ.

یەك سەعات سووڕاینەوە بە پێ بەر لەوەی هیچ شتێك ببینین، بەچوار

دەوری دەریاچەیەکدا ڕێی خۆمان کردەوە کە بەڕەنگێکی زیوین لە نێو درەختەکانەوە باق و بریق دەبریسکایەوە. خۆر ڕێی خۆش کرد بۆ تەمومژێکی سارد و ئاوس بە شەونم.

لە ناکاو باوکم وەستا و گوێی هەڵخست. لە شوێنێکەوە قرچەقرچی تێکشکانی شتێك بەنەرمی دەهاتە بەرگوێ. باوکە ئاماژەی بۆ خوارەوە کرد چاڵێکی لێ بوو:

«ئەوەتا لەوێیە».

تفەنگەکە چووە سەرشانی. من دووربینەکەم بەرز کردەوە تێم ڕوانی: من تێ نەدەگەیشتم کە چۆن گیانلەبەرێکی وا زل و کێوی؛ بەرەڵڵا و بەکەیفی خۆی دەسووڕێتەوە، کەلەشێکی گەورە، جوان، ماسوولکەدار، چاوەکانی پڕ لە ژیان و هێمنی. دووربینەکەم نزم کردەوە و سەیری باوکم کرد کە دەهات قۆناغەی تفەنگەکەی خوار دەکردەوە، پاشان هەر بەدووربینەکە لەو ئاسکە ڕادەمام کە باوکە دەیویست نیشانەی لێ بگرێتەوە.

باسکەکانم هەڵبڕی و هاوارم کرد– «هاهههه!» دەستەکانم هەڵدەشەقاند. بەدەم ڕاوەشاندنێکی کلکەکەیەوە ئاسکەکە تێی تەقاند. باوکە تفەنگەکەی داگرت.

پێی وتم:

« ئەوە چییە.. شێت بوویت؟»

من هەوڵم دا چاوەکانم چرپی بەردیان هەبێت. پاشان ڕووەو زورگ و گردەکان غارمدا. بەهەر چوار دەورمەوە گەڵاکان هەڵدەفرین و بڵاو دەبوونەوە، گوێم لە باوکە بوو کە دەیقیڕاند:

« هێی..! ئەوە تۆ چ بەڵاتە؟»

لەدوامەوە گوێم لە هانکە هانکی هەناسەی بوو، تەپە تەپی هەنگاوەکانی، نەفرەت و جنێودانی. لە تەنیا خولەکێکدا گەیشتمە سەر

ترۆپی یەکێك لە گردەکان و بەودیودا غل بوومەوە تاوەکو دوا شت کە گوێ بیستی بووم هانکەهانکی هەناسەی خۆم و ترپەی دڵم و خشە و قرچەی گەڵاکان بوو.

تەمەکە دەڕژایە ناو لقوپۆپی درەختەکانەوە، هێدی و لەسەرخۆ، وەك کەلووە بەفری ورد ورد، هەروەك بڵێی شوێنەکە سیحراوی بووبێت. هەڵدەلەرزیم و هیچم پێ نەدەکرا.

***

گوێم لە شەقژنی گوللەیەك بوو. من تەنیا مابووم.. نەمدەزانی ئاخۆ باوکە بەدوای مندا دێت یان لە خوارەوە و لای ماشێنەکە تەنیا چاوەڕێ دەکات. یاخود دەڕوات و بەجێم دێڵێت. بەجۆرێك لە جۆرەکان خۆزگەم بوو بڕواتەوە، سەرسامی ئەوە بووم گەر وای بکردایە، ئاخۆ دایکە چی دەڵێت گەر باوکە بێ من بگاتەوە ماڵێ. من دەمزانی کە باوکە سوارئەسپەکانی دەوڵەت بانگ ناکات لە ترسی ئەو ڕاوە.

لەدواوە دارستانەکە داخرابوو، سەرتاپای قاوەیی و خۆڵەمێشی، درەختەکانیش تاریك و تەڕ. دەستم کێشا بەیەکێك لەو درەختانە تەنیا بۆ ئەوەی هەستی پێ بکەم؛ ئەو دەنگە کتومت لەو دەنگە دەچوو کە باوکە دەستی ڕادەوەشاند بەر سەری دایکە دەکەوت. منی سڕ کرد.

دوای چەند چرکەیەك کەوتمە ڕێ. سەرسامی ئەوە بووم کە ئەو دارستانە چەندە قووڵە و چەند فراوان. دەمزانی کە لە لایەکەوە ڕێیەکی سەرەکی هەیە، بەڵام لە لایەکی دیکەوە دارستانەکە، لەوە دەچوو، درێژبێتەوە تا دەگاتەوە بە «کەنەدا». لەوەدابوو بمتوانیایە بۆ خۆراك بگەڕێم، تەل وقولابێك دروست بکەم و ماسی ڕاوبکەم. ئاخر من زۆرجاران لەناو دارستان مابوومەوە، بۆیە کەسێکی بێدەسەڵات نەبووم. من لەرزیم و هەولم دا بیری لێ نەکەمەوە.

دارستانەکە پڕبوو لە باڵندە، جۆرەها باڵندە کە من حەزم پێیان دەکرد، دەیەها بۆقژەی بۆر کە کردبوویان بە قرتەقرت و لەنێو گەڵا مردووەکاندا شتیان هەڵدەگرتەوە، پاشان لە بەر دەمی مندا بازێکی کلك قاوەیی بەسەر زەوییەکی ڕووتەنی و درەخت تیا بڕاودا دەخولایەوە. بازەکە وەها لەسەرخۆ دەخولایەوە و بازنەی وا گەورەی دروست دەکرد کە من نەمدەتوانی بزانم دواجار بەکام لادا ڕووەو ئاسمان هەڵدەفڕێت، دەبوو بۆ ماوەیەك سەیری بکەم کە دەخولایەوە، ئەگینا دەبوو منیش لەوناوە بخولێمەوە و خۆم بدەم بە دارو بەردا، بەهێواشی ڕێم کردو لەو بازە ڕادەمام کە دەردەکەوت و بزر دەبوو.

باران دای کرد، ئان و سات، دڵۆپەکان درشت و زەوی کوت، سووکە دەنگێك بوو کە دەیدا لە گەڵاکان، مردووتر بەسەر لقەکاندا کە دای دەکرد. دایکە لێوەکانی تەنکن و ڕێ ڕێی باریك بەسەر ئەو لێوانەیەوە هەر لەوە دەچوو وڕووشابن، چاوەکانی بۆ هەمیشە چکۆڵە بوون، شین و پڕ بریسکەی پۆڵایین، دەتوت لەسەر شانەکانتەوە دەڕوانێتە شوێنێك، هەردوو باسکی لێك دەئاڵاند و دەیخستنە سەر سینەی  هەروەکو ئەوەی دڵی خۆی هەڵگرتبێت یان لە تۆی دوور بخاتەوە.

کە سەرم هەڵبڕی بازەکە بزر بوو بوو، دەبوو دوای نێچیرێك کەوتبێت. منیش بۆ دۆزینەوەی نیشانێکی باوکم بەناو دارستانەکەدا دەگەڕام و دەمڕوانی. من وێنەیەکی خۆم لە خەیاڵدا بوو کە بەرز هەڵدەفڕی، کە ویستی وەك بازەکە بقیژێنێت، شتێك لەدوامەوە دەجووڵا. من بەو ناوەدا هەر دەگەڕام و دەسووڕام، لە چینی چڕی درەختەکان و گەڵا مردووەکانم دەڕوانی. دڵم توند و بەزەبر لێی دەدا، تا دەهات درەختەکان منیان دەشاردەوە دارستانەکەش خۆی دادەخست، هەستم دەکرد باوکم لە هەموو شوێنێکدا ئامادەیە، لە پشت درەختەکانەوە، لەناو لێزمەی باراندا. من شڵەژاو و پەشۆکاو بووم. هەموو ئەوەی کە دەمزانی ئەوەبوو کە دەمتوانی

بەو ڕێگەیەدا بگەڕێمەوە کە لێوەی هاتبووم – دیسانەوە کەوتمەوە ڕاکردن.

کەوتمە سەر ڕێگەیەکی چۆڵ، لە پێچێکدا پارچە حەسیرێکی تەخت و ڕەشباوم بینی کە باران بەسەریدا دای دەکرد و بە قەراغەکانیدا دادەڕژایەوە. هەناسەبڕکێم پێ کەوتبوو، ئاودامان ئاوم لێ دەچۆڕا، دڵنیا نەبووم کە چوونەوە سەر ئەو ڕێگەیە باشە یان خەراپ، بەڵام گوێم پێ نەدا چونکە وام هەست دەکرد کە ئەو دارستانە پڕە لە سیحر و جادوو. لەوە دەچوو سەعاتێك تێ پەڕیبێت و کەچی من کەسم نەبینی.

بەدەوری پێچێکی زۆر ڕکدا ڕامکرد و هەروەك تارمایی و خێوێك لە ناکاو دەربکەوێت، کچێکم بینی، بەخۆی و قژێکی خورمایی تۆخ و دووچاوی گەورۆنەو بازنەیی کە یەکاندەردوو لەبەر دەممدا قوت بۆوە. وا بەتاو بەرەو ڕووی چووم و خۆم پێدا کێشا، ئەوەندەی نەما بەرببێتەوە. هاوزای من بوو، ڕەنگە کەمێك لەمن گەورەتر بووبێت، بەڵام وا زۆر نا، لوولێکی باریك لە قژی دەتوت نیشانەی پرسیارە و باران وای کردووە بە تەوێڵییەوە بنووسێت. هەردەتوت یەکێکە لە پەرییەکانی ناو دارستان دەنێو حەکایەتێکی ئەفسانەییدا. قژ کاڵ هەروەك ئەو کچەی ناو ڕێکلامی سیغار.

«هەلاو..» کچە وتی.

دڵم کەوتە لێدان و کوتەکوت. من هیچم نەوت. کچە خەنییەوە، زەردەخەنەیەکی ئەوەندە شیرین بوو منی خستە لەرزە. تۆ بڵێی ئەو کچە کێ بێت؟ من نەمتوانی وەڵامی زەردەخەنەکەی بدەمەوە، دەرەقەت نەهاتم، پەرێشان بووم، هەستێکی کوشندە وای کرد لە دڵساردی و نائومێدیدا نوقم بم. دایکم کەوتەوە یاد، ئەو هەمیشە چاوی بەسەرتەوە دەبێت گەر تۆ لەهەر شوێنێکدا بیت، باوکم بیر کەوتەوە کە هەمیشە زوو دەهاتەوە. لەدوورەوە لە پێچێکدا کابرایەك دەرکەوت کە مەزەندەم کرد باوکی بێت.

پێی وتم – «ون بوویت؟»

«نەخێر».

«دڵنیایت؟»

سەرم لەقاند، لە دڵەڕاوکێی ئەوەدا بووم کە هەوڵ بدات بمباتە لای یەکێك لە سەربازە ئەسپسوارەکان. هەرسێکمان سەیری یەکدیمان کرد.

«پێویستە جلی وشك لەبەر بکەیت». کابرا ئەمەی وت، من سەرسامی ئەوە بووم کە ئاخۆ ئەم دووکەسە لەناو ئەم دارستانە چی دەکەن. پاشان کابرا قۆڵی کچەکەی ڕاکێشا و دووری خستەوە و جارێکی دیکە خەندەیەك کەوتە سەر لێوی و پاشان کوژایەوە، چاوەکانی ئەوەندە ڕوون و پاك بوون و بەجۆرێك لە منی دەڕوانی کە تۆ وا هەست بکەی تەنیا خواوەند وا بڕوانێت. هەستێکی سەیر لەناو دەستەکانمدا بەجێ ما شتێکیش لە بۆشایی. هەروەك لە خەونێکدا ڕوودەدات کە تۆ حەز بە جووتبوون و دەست لە ملانێ بکەیت، دەمویست پتر کچەکە لەگەڵ خۆمدا بهێڵمەوە، بەڵام نەکرا و بێهوودە بوو.

***

من و باوکم شوێنێکمان بۆ بەیەکگەیشتنەوە دەستنیشان کردبوو. هەرکاتێك دەچووینە ناو دارستانەکە باوکم سوور بوو لەسەر ئەوەی کە شوێنێك دەستنیشان بکات کە ئەگەر لەیەکدی دابڕاین لەوێندەرێ یەکدی بگرینەوە. ئەمجارەیان دەریاچەیەك بوو، نیو میل یان کەمترو یاخود تۆزێك زیاتر دوور لە ماشێنەکەوە.

بەدەم زیندەخەوەوە خۆم لەژێر بەتانییەکدا دەبینییەوە. من هەڵدەلەرزیم، دارستانەکە ساردو تەڕتەڕ بوو. هەردوو باسکم خستنە سەر یەکدی و پاڵم دا بە درەختێکەوە. من زانیم کە دەبوو چی ڕووبدات. کە تۆزێك دوورتر پێم هەڵگرت تووشی ڕێبوارێك بووم. هەر ئەو ڕێبوارەش بوو کە ڕێگەی گەڕانەوەی پێشان دام.

***

کە بـاوکـم لـە گـردەکـەوە دادەگـەڕایـەوە خـوارێ ڕووبـەری دەریـاچـەکـە سەوزبـاوێکی تـاریك دەینواند، سێبەری درەختەکانیشی پـەرت و بڵاودەکرد.

بـاوکە پێی وتم – «من هـەر هـەوڵ دەدەم لەوە تێ بگەم کە تۆ بۆ وات کرد. ئـاسکـەکـان بـەزەحمـەتتر لـە سمۆرەکـان لـەم نـاوەدا ڕادەکـەن. هـەندێکیـان لەبرساندا دەمرن. تۆ نەتتوانی فریای یەکێکیان بکەوی: بەهەرحاڵ من توانیم ئاسکێك بدۆزمەوە و دەستگیری بکەم. یەك میل لێرەوە دوورە. هەر بەتەنیا توانیم نیومیل بەدوای خۆمدا ڕای بکێشم، بەڵام من گەرەکمە کە تۆ لە نیوەی ڕێگاکەوە تا ئەو شوێنەی مەبەستمە بیهێنیت. تۆش لێی دەخۆیت، هەر بۆیە دەبێت یارمەتیم بدەیت. تۆ کە جارێکی دیکە شتی وا مەکە».

ڕستەکەی تەواو نەکردو بەهەڵواسراوی بەجێی هێشت. من هەستم کرد کە لەدەموچاوم ورد دەبێتەوە، بەڵام من چاوەکانم هەڵنەدەبڕین. هەر بەتیلەی چاو زانیم کە ئەم چەندە کەنەفت و داهێزراوە. ئارەقە و باران قژە خۆڵەمێشییەکەی بەسەر تەوێڵیدا نووساندبوو، هالاوی هەناسەی خێراتر لـە عـادەتـی لـە زاریـیـەوە دەهـاتـە دەرێ. بـەو شێوەیـەی کـە لـەوێـنـدەرێ وەستـابـوو، گرانیی خۆی خستبووە سەر قـاچێکیـان، تفـەنگ بەدەستەوە، بـیـرم لـەوە دەکـردەوە کـە ئـەگـەر شتـێك بـکـەم سەغـڵـەتـی بـکـات، لـەو ساتەوەختەدا، زۆر خەراپ دەکەوتەوە.

گەڕانەوە بەهەمان ڕێگادا کارێکی وەها ئاسان نەبووە. ڕۆشناییی زۆر خـێرا نـەدەمـاو بـزر دەبـوو، وەك هـەمـیشە کـە ڕۆژ کـۆتـایـی دێت، ئـەو جـەنـگـەڵـەی دەوروبـەرمـان تـا دەهـات تـاریکتر دەبوو.. ساردتر. باران وەستـابـوو، بـەدرێژاییـی ئـەو ڕۆژە ئـاسمـان وەك ئـەو ساتـەوەختـە ڕۆشن نەبوو، بەڵام تەنیا بە بەراورد لەگەڵ تاریکیی چڕی دەوروبەر. درەختەکان ئاویان لێ دەتکا، هەر کاتێك دڵۆپە ئاوێك دەتکایە سەر پێستم لە سەرمانا دەیبەستم. تاریکی هەموو دەنگەکانی دەخنکاند، تا وای لێ هات جگە لە ترپەی هەنگاوەکانی خۆمان هیچ نەما.

من ویستم خامۆش بم، بەڵام لە ناکاو گوێم لە هاوارێکی بڵند بوو کە پرسیی: «ئەرێ ورچ لەو ناوەدا هەن؟»

ئەم هەر خۆی بەدەم هاوارەوە خێزەی سینەی هات و بەدەم مۆڕەکردنەوە وەڵامی دایەوە:

«هیچ ورچێکی لێ نییە».

ئەوەیان منی پساند. پرسیارەکە بەجۆرێك بوو کە کتومت لە هی منداڵێك دەچوو، جۆرە پرسیارێك کە هەرگیز نەیکردبوو. خۆزگەم خواست کە بمتوانیایە من وەڵامی بدەمەوە. بەڵام ئەوە شتێك نەبوو کە من هەرگیز لێی بزانم.

باوکە لایتەکەی داگیرساند و پاش ماوەیەك گەیشتینە سەر ئاسکەکە. هەردوو قاچی بەدارێکەوە بەسترابوونەوە کە کەوتبووە نێوان دوو تاشە بەرد. کەللەسەری وەها ترسناك بەدواوەدا کەوتبوو کە من دەترسام لەوەی بەرەگەوە بقرتێت، هەر بەهەمان ئەندازە و بەگۆشەیەکی زۆر لەوە ترسناکتر هەردوو شاخی لە زەوییەکە چەقیبوون. من نەمدەتوانی سەیری چاوەکانی بکەم کە ڕۆشن بوونەوە ئەو کاتەی ڕووناکی لایتەکە کەوتە سەری، هەر دەتوت نەمردووە. دەیەها مار و مێروو ڕووەو قۆرتێکی پڕ لە خوێن دەخشین. دڵم تێك هەڵهات و هەستم کرد نەخۆشم. من لە ژیانمدا ئاواهی بەرامبەر شتێکی وا گەورۆنە و مردوو نەوەستابووم.. وەها نزیك. من نەمویست دەستی لێ بدەم.

باوکە پاشەڵی بەرزکردەوە و وتی: «دەی با بڕۆین، بەڵام من هەر بەچیچکانەوە بووم، هەتا ئەوکاتەشی کە بەدوای خۆمانەوە ئاسکەکەمان ڕادەکێشا».

«ئەوەشیان هەر هەڵەی خۆتە. ئەگەر تۆ شێت نەبوویتایە، ئێستا لە هەموو شتێك دەبووینەوە».

هیڵنجم دا و ڕشامەوە. جەنگەڵەکە تا بڵێی سارد بوو، لەبەر هەوروهێڵ ئەستێرەکان دیار نەمابوون. ڕۆشنایی لایتەکە بەسەر دیوارێك لە درەختەکانەوە دەلەرزی و سەمای دەکرد، دیوارێك بەستوو.. بێڕەنگ و بێ قووڵایی. من وەستام. ئاسکەکە لە بەردێکەوە عاسێ ما.

من پێم وت: «چیتر بەو ئاسکەدا مەکێشە».

«بە نەفرەت بیت.. ئەمەیان پەیوەندیی بەتۆوە نییە. ڕای کێشە. توندتر».

«لەوە پتر پیایدا مەکێشە».

باوکە سەیرێکی کردم. لایتەکە لە ژێرەوەڕا ئێمەی خستبووە ناو تەنێکی قوچەکی لە ڕۆشنایی. هەموو شتێك لە دەوروبەری ئێمەدا تاریك و ڕەش داگەڕاوبوو. هەر دەتوت لەم دونیایەدا هەر ئەو دوو کەسە ماوینەتەوە.

«تۆ چی سەبارەت بەو شتە دەزانیت؟» باوکە وتی. «هیچ شتێك بەو ئاسانییە نییە کە تۆ بیری لێ دەکەیتەوە.»

من دەستم لە قاچەکانی ئاسکەکە بەردا. دەبا باوکە خۆی ئاسکەکەی خۆی بەدوای خۆیەوە ڕابکێشێت. تا ئەو حەڵە هەر لە بەردەکەوە گیرابوو، چەند جارێك زۆر بەتوندی ویستی ڕای بکێشێت.

پاشان دەستی لەو دارەی نێوان قاچەکانی بەردا و کەوتە شەق وەشاندن، دیسانەوە هەوڵی دا.. بەڵام بەردەکە توند بەرزەفتی کردبوو، دیسانەوە کەوتە لێدانی. ئاسکەکە بەدەم لێدانەوە تەپەی دەهات، دەنگێکی خنکاوی لێ بەرز دەبووەوە کە وای دەکرد باوکە پتر شێت و هار بێت، چونکە بەلەقە کەوتبووە سەری و وازی نەهێنا تا ئاسکەکە هەڵدرا، وەك ئەوەی لەلاوە پەراسوویەکی بشکێت و پاشان هەر هەموو پەراسووەکانی دیکەی لێکدی هەڵبوەشێت. ڕوخساری کەوتبووە ژێر تاریکی، دەیلرخاند و زەمەنیش تا دەهات خاو و هێواش دەبووەوە، سەر بەرەو خوار ڕۆشنایی لایتەکە دەیدا لە ئاسکەکە، قاچی لە تاریکییەوە ڕووەو ڕووناکی بەدەم

شەقەوە لە جەستەی ئاسکەکە دەچەقی، لە تار یکییەوە  ڕووەو ڕووناکی هەر لە جووڵەدا بوو، ئاسکەکە ڕادەتەکی، تا دەهات نووکی بووتەکەی بەخوێن سوور هەڵدەگەڕا، بێ ئەوەی خوێنەکە بتکێت، بەڵام بەسەر قەبرغەی ئاسکەکەوە وەدیار دەکەوت. ئەم توانی دەیان دوو سەد جار وا بکات.

من مەزەندەم نەدەکرد. لە ساتەوەختێکدا ڕۆشنایی لایتەکە ڕژایە ناو چاوی ئاسکەکە کە لە ناو چڕیی تاریکیدا دەدرەوشانەوە، نیمچە ڕوون، ڕۆشناییەکی وا کە خەوت لێ بخات، نەمدەتوانی بەرگە بگرم و لەوەدا بوو تێی بتەقێنم. پاشان ڕۆشناییەکە ڕژایە سەر چاوەکانی من، لەو ساتەدا زانیم کە وەك چاوەکانی ئاسکەکە دەدرەوشێنەوە. لایتەکەی لە تەنیشت خۆیەوە دانا، کوژاندییەوە، کەوتە هەناسە بڕکێ. گەمارۆ درابووین بەڕەشایی، زیکە زیکی زۆر پڕی سیسرکەکان، قیرە قیرِی بۆقەکان، گیزە گیزی مێشوولەکان، تکە تکی نارێکی دڵۆپە ئاوەکان کە لە گەڵاکانەوە دەتکان، بەدەنگێکی نەرم و لەسەرخۆ زاری هەڵهێنا بەجۆرێك کە من هەڵلەرزیم:

«من هیچ شتێکم نییە شانازیی پێوە بکەم. شتێکی تروهات.. گووم تێ کرد.. شانازی بە چییەوە...»

هەموو شتێك هەنگاوێك چووە پێش. هەروەك بڵێیت لەژێر پێستمدا ئەو هەموو شتانە نێژرابن؛ من بیرم کەوتەوە:

سەر پەنجە نەرمەکانی، هەردوو پشتە دەستی تووکنی. دەنگی. ئەو کاتەم بیرکەوتەوە، کاتیکی زۆر درێژ و لەمەوبەر کە من زانیم من تووشی هیچ نەهامەتییەك نابم تا ئەو کابرایە لەم دونیایە هەناسە بدات و بمێنێت.

بەهەردووکمان کەلاکی ئاسکەکەمان خستە دواوەی ماشێنەکە کە بەر لەوە لە کۆنە قوماشێکەوە جوان پێچامان. کەلەشەکە گران و وشك و ڕەق

هەڵهاتوو بوو. هەر دەتوت لاشەی مرۆڤێکمان هەڵگرتووە.

باوکە وتی – «هەنووکە هەر لە گەراجەکە بەجێی دێڵین».

ژووری دانیشتنەکە ڕووناك بوو، بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بێت دایکە لە ناو تاریکی ئاشخانەکەدا بزر بووبوو. توانیم تارماییی ڕەشی دایکە لەو دیو پەنجەرەکەوە ببینم، دەمدی باسکی بەرز و نزم دەبووەوە، بەدەم جگەرەکێشانەوە. توانیم هەست بەهەردوو دەستی باوکە بکەم کە لە ناو لاشەی ئاسکەکە دەلەرزین.

کە لەگەڵ باوکە چووینە ژوورەوە ڕووی لە دایکم کرد و وتی: «ئاسکێکی جوانمان دەست کەوتووە».

دایکە هیچی نەوت.

«ناتەوێت بیبینیت؟»

باوکە گڵۆپەکەی داگیرساند. دایکە خامۆش بوو، جگەرەی دەکێشا.

«جیانی». باوکە بانگی دایکەی کرد. من ڕووەو ژوورەکەی خۆم ملم نا. وەستام. من متمانەم بەهیچیان نەدەکرد. باوکە لەبەر دەمیدا قوت بووەوە، بەهەردوو دەست توند کورسییەکەی گرت. چاوە شینەکانی دایکە لە دیوارەکەیان دەڕوانی.

«ئەم ئاسکەم بۆ تۆ ڕاوکرد». باوکە وەستا. قورگی پاك کردەوە. «تۆ حەزت لە گۆشتی ئاسکە».

چاوەکانی بۆ هەڵبڕی – «سوپاس».

«تۆ چیت لە من دەوێت؟» باوکە وتی – «تۆ چیت دەوێ؟»

چاوەکانی دایکە پڕ بوون لە بێزەوەری و قێز. بەخۆم نەبوو.. سکم بەباوکە سووتا. «من چیم دەوێت؟» دایکە پرسیی.

«هەر ئێستا دەقاو دەق پێت دەڵێم. من دەمەوێت تۆ وەکو پیاوێك منت

خۆش بوێت و چیتر تێم هەڵنەدەیت، واش چاوەڕێ بکەیت لە پای ئەو لێدان و کوتانە تۆم خۆش بوێت.

من دەمەوێت بۆ خێر و خۆشیی ئەم ماڵە خۆت ماندوو بکەیت بەو شێوەی کە خۆت بەڵێنت دا. من دەمەوێت کە واز لەم خووە بێنیت و چیتر گیانلەبەری مردوو نەهێنیتەوە ماڵێ وەك پیاوی ناو ئەشکەوتەکان و وا بزانیت کە ئەم بەزمەی تۆ هەموو شتێك دەگۆڕێت. من دەمەوێت واز لە خواردنەوە بێنیت و ئیتر بایەخ بە من و بە «جۆی»ی کوڕمان بدەیت. یان دەمەوێت کە پێم بڵێیت هیچ کام لەم شتانە نەکەیت و ئەو خووانە فەرامۆش بکەیت، هەقی ئەو بیست ساڵەم بدەیتەوە کە لەگەڵ تۆدا بەسەرم بردووە.»

لە کۆتاییی قسەکانیدا هاواری دەکرد. باوکم لێی ڕاما، چاوەکانی دەترووکاند. بۆ خولەکێك وەستاو پاشان ڕووی وەرگێڕاو ڕووی لە گەراجەکە کرد. هیچ کامیان سەیری منی نەکرد.

کەوتمە دوای باوکە. لە گەراجەکە هاتە دەرێ و خاکەناسێکی هەڵگرتبوو. تریفەیەکی زیوین دەرژایە ئەو ناوە. چووە دەرەوە و لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا بۆ ماوەی خولەکێك وەستا. باوکە زۆر خزمەتی چیمەنەکەی دەکرد. دوای ئەوەی کە لە کارەکەی دەرکرا، هەموو زەوق و خۆشییەکی بە باخچە و چیمەنی ناو حەوشەکە دەبەخشی، هەر خۆی چیمەنەکەی دەبڕی، پەیینی تێ دەکرد، دەیرازاندەوە. هەنووکە وەستابوو سەیری چیمەنەکەی دەکرد، وەك ئەوەی کە هەرگیز لەمەوبەر نەیدیبێت. دەمی خاکەناسەکەی لە چیمەنەکە گیر کردو کەوتە هەڵکەندنی. کات درەنگ بوو. جگە لە خۆمان کەس لەو ناوە نەبوو. هەستم کرد کە دایکە لە ئاشخانەکە وەستاوە و سەیرمان دەکات. بۆ ماوەیەکی درێژ زەوییەکەی هەڵکۆڵی، لە ناو شەوێکی وادا خاکەناسەکە دەنگی دەدایەوە. دوای ئەوە چاڵێکی قووڵی لێ دا، ڕووەو گەراجەکە ملی ناو ڕاکێش ڕاکێش ئاسکەکەی دەرهێنا کە لە قوماشێکەوە

پێچرابوو. باوکە سەرێکی هەڵبڕی و سەیری ماڵەکەی کرد. ئاسکەکەی فڕێ دایە ناو چاڵەکەو نەوەستا تاوەکو تەواو لەژێر گڵەکەدا شاردییەوە.

***

............................................

پەراوێز

(*) بێرتن شولمان: لە بروکلین لە دایك بووە و لە کوینز- شاری نیویۆرك گەورە بووە، لە هەمان شاردا چووەتە کۆلیژی نیویۆرك تاوەکو پتر ئاگای لە نووسین و داهێنان بێت، دوای ئەوە پەیوەندیی کرد بەکۆلیژی «وارن ولسن» و ماستەری لە هونەرە جوانەکان وەدەست هێنا. ئێستاش لە بروکلین، خۆی و ژنەکەی «ئێلین لوری» کە هونەرمەندی شێوەکارە، زیندەگی دەکەن. وەك دەرهێنەرێکی داهێنەریش توانیویەتی بژێوی خۆی پەیدا بکات، هێشتا لاوە و چیرۆکی «ئاسکەکە» یەکێکە لە هەوڵە سەرەتاییەکانی.

سەرچاوە:

Burton Shulman
Safe House
Stories
Global City Press
1996
P.(141-147).

***

# پەسندکردن

چیرۆکی: مێگهان ماکدونال

نیکۆلینا پڕ بە فراوانیی بێ سنووری زەریا ڕاکشاوەکەی بەردەمی هەڵی دەڕوانی. زەریایەکی مەنگ کە ڕووبەرەکەی هەر لە شووشە دەچوو. مانگیش ڕۆشن بەو ئاسمانەوە دەدرەوشایەوە و تریفەی بەسەر خاك و خۆڵی ئەو دەوروبەرەدا دەپرژاند، بەجۆرێك کە ترس و بیم لە دڵان بباریێنێ. هێشتا "هەردوو ئەستێرەی مانگێ" لە بەرامبەریدا هەڵنەهاتبوون، بگرە دوو سەعاتی دیکەیان دەویست کە ئەوانیش بدرەوشێنەوە. نیکۆلینا هێشتا کاتی لەبەردەمدا هەبوو.

هەردوو باڵەکانی فش کردەوە و تا ئەوپەڕی بەرز و ئاوەڵای کردن. دوو باڵ کە دوو بەقەد گەورە و زۆریش بەهێز بوون. لە ژێر تریفەدا پەڕ و باڵەکانی دەدرەوشانەوە.. ڕۆشن هەروەکو زیو. پەنچە چڕنووکدارەکانی بەنێو قژە ڕەشەکەیدا هێنا و پاشان هەر دوو شاخە چکۆڵە و ڕەپ ڕواوەکانی سەر تەپڵی سەری خۆی سەح کردەوە.

نیکۆلینا هەناسەیەکی هەڵکێشا و پاشان هەردوو دەستی بەخۆیدا شۆڕ کردەوە. سەری هەڵبڕی و بۆ دڵنیاییی خۆی لە مانگەکە ڕاما. ئەمشەو بۆ یەکەمین جارە کە دەتوانێ باوکی و پیاوەکانی ببینێ. سەری نەوی کرد، بەدوو چاوی مەل ئاسای لەو تەختی لمە لووسەی ڕوانی کە هەموو ڕۆخانەی زەریاکەی داگیرکردبوو. زۆر جوان بیری کەوتەوە کە چۆن چۆنی کەسوکاری دایکی ڕووبەڕووی وەستان و بەرەنگاری بوونەوە. تا هەنووکەش هاوار و قریشکە و قاقایان لە گوێیدا دەزرینگایەوە. هێدی هێدی جێ برینەکانی هەر هەموو ئازاری جەستەی سارێژ دەبوونەوە،

ئاخر ئەوەندە بەر گاشەبەردەکان کەوتبوو هەر هەموو گیانی زام و برین بوو.

زۆر لەسەرخۆ کەسێك لە دواوە بانگی کرد:

"نیکۆلینا؟"

نیکۆلینا خەنییەوە و یەکسەریش دەنگەکەی ناسییەوە. پاشان بە نەرمی.. بەڵام بەدەنگێکی دلێرەوە لێی پرسی:

"ئێدواردن.. ئەوە لێرە خەریکی چیت؟"

ئێدواردن بەهەردوو دەست چڕنووکەکانی نیکۆلینای گرت و پێی وت:

"دەبوو جارێکی دیکە بتبینمەوە. نەمتوانی دووربم لێت".

بە دوو چاوی شینەوە، شینێکی تۆخ لەو ملوانکەیە ورد بووەوە کە گەردنی نیکۆلینای ڕازاندبووەوە، ئەو ملوانکەیەی کە هەر خۆی پێشکەشی کردبوو، دیاری و گەواهی خۆشەویستی ئێدواردن بۆ نیکۆلینا. دەقاودەق پێش ئەو کاتە بوو کە ئیدی چیتر نەیانهێشت پێی بخاتە خاکی ئەوانەوە، ئیتر هەمیشە پیاوەکانی باوکی نیکۆلینا ڕێیان پێ دەگرت و ئەو دەڤەرەیان لێ حەرام کرد چونکە، گوێی بەهیچ نەداوە و فەرمانەکانی دەشکاند.

بەدووچاوی تەڕ و پڕ لە تاسە و بریقەوە.. زۆر ناسکانە لێی پاڕایەوە و وتی:

"باوکم و پیاوەکانی هەر ئێستا دەگەنە ئێرە دەبێ هەر ئێستا بڕۆیت و ئێرە بەجێ بێڵیت."

"پیاوەکانی باوکت نامترسێنن. منیش بۆ خۆم جەنگاوەرێکی ئازا و نەبەردم. من دەتوانم هەر هەموویان تێك بشکێنم و تەفروتوونایان بکەم".

"هەروەکو ئەو سەربازانەی کەوتوونەتە دوای باوکم؟"

ئێدواردن زۆر عاشقانە لە نیکۆلینای ڕوانی. لەو ئان و ساتەدا پێستە کاڵەکەی لەژێر ڕۆشنایی ئەستێرەی «دووانە»دا بە باق و بریقێکەوە دەبریسکایەوە.

نیکۆلینا سەری هەڵبڕی و لە تاریکایی ئاسمانی ڕوانی.. پاشان سەری نەوی کردەوە و لە خۆشەویستەکەی ڕاما و پێی وت:

"دەبێ هەر ئێستا بڕۆیت. هەر ئێستا هەموویان دەگەنە ئێرە."

قژە کاڵەکەی لەسەر چاوە تیژەکانی وەلادا و بەچرپەوە پێی وتەوە:

"گەرەکە بڕۆی.."

ئێدواردن بەرلەوەی بە ناسکی لێوەکانی ماچ بکات.. پێی وت:

"نێکولینا.. وەرە و لەگەڵما ڕاکە."

"من ناتوانم.. ناچارم و هەر دەبێ لەگەڵ باوکمدا بگەڕێمەوە."

ئێدواردن لە ناکاو، دوور، ئاوڕێکی دواوەی دایەوە، هەردوو گوێی قولاغ کرد تا زرم و کوتی سمی ئەسپەکان ببیستێ کە بەر داروبەرد دەکەوتن.. پاشان پێی وت:

"من چاك دەزانم کە تۆ لە وێندەرێ، لەگەڵ باوکت و پیاوەکانی ئاسوودە نابیت.. ئەوێ شوێنێکە تۆ حەزی پێ ناکەی".

"وا چاکە هەر ئێستا بڕۆیت. ئەگەر باوکم هەردووکمان بەیەکەوە ببینێ، من دڵنیام کە دەتکوژێ".

ئێدواردن هەردوو چنگە چرنووکدارەکانی نیکۆلینای گوشی و وتی:

"بەڵام بەڵێنم پێ بدە کە ئەگەر پێت ڕازی نەبوو.. وەرە و لەگەڵ مندا ڕاکە.. با بەیەکەوە بین".

تا دەهات بەدەم بای غارەوە حیلە و پڕمە پڕمی ئەسپەکان بەرزتر دەبووەوە.. زۆر لەسەرخۆ و بەهێمنی نیکۆلینا لێی پاڕایەوە:

″ده تۆ بەس بڕۆ.. ئێرە جێ بێڵە!″

نیکۆلینا بە سۆزێکەوە ماچی کرد و هەوڵی دا دووری بخاتەوە و پێی وت:

″بەڵێنت دەدەمێ.. بەڵێن بێ.″

نیکۆلینا بینی کە چۆن بەسەر لمەکەدا و زۆر بەخێرا و چوست دوور دەکەوێتەوە. هەر زوو بوو بە خاڵێکی ڕەش تا دەهات دوور و دوورتر دەکەوتەوە. هەناسەیەکی هەڵکێشا و ڕووەو لای ڕەوە ئەسپەکان ڕووی وەرگێڕا کە بەدەم بای غارەوە دەهاتن. نیکۆلینا قیت وەستا بوو، سەری بەرز و هەردوو شانی بەپشتەوەدا کەوتبوون. شنەبایەکی نەرم گەمەی بەقژی دەکرد و کراسەکەی دەخستە سەر نەرمە شەپۆلان.

کابرایەکی کەتەو ماسوولکەدار، سەرێکی بەرز کردەوە وەك ئەوەی بەپیاوەکانی بڵێ بوەستن... پاشان بەدەنگی بەرز هاواری لە زەلامێکی دیکە کرد:

″مەستۆ..!″

نیکۆلینا نیگای کرد و هەر بە دڵ ناسییەوە زانیی ئەو کابرایە باوکیەتی. کابراش پڕ بەهەردوو چاوە زۆر شینەکانییەوە لە سەرتاپای کچەکەی ڕوانی. «با» قژە ڕەش و لووسەکەی کابرای هەڵدەدایە دواوە. هەردوو قۆچەکانی گەلێ گەورەتر بوون لە هی کچەکەی، کەوانەیی بۆ پشتەوە هەڵگەڕابوونەوە.

بەدەنگێکی بەهێز و تیژ وەك نیگاکانی، بەڵام لەگەڵ درکاندنی هەر وشەیەکدا زمانی تەتەڵەی دەکرد، بێ ئەوەی لە زمانی کچەکەی تێ بگات.. پێی وت:

″کەواتە.. تۆ کچی منی؟″

ئەم لە زمانی باوکی تێگەیشت و هەر بەو زمانەش وەڵامی دایەوە،

ئەوەشیان کاریگەری لەسەر باوکی هەبوو.. بەڕادەیەك کە نیکۆلینا پێی ئاسوودە و ئارام بوو:

″بەڵێ گەورەم.. من کچی تۆم و تۆش باوکمی.″

″تۆ بەتەمای کە بێیتە ناو خێڵەکەمان و لەگەڵ ئێمە بژی؟″

بەڕێزەوە سەری لەقاند و نووشتایەوە.

باوکە کەوتە خوراندنی ملی ماسوولکەداری ئەسپە ڕەش و بڵندەکەی.. پاشان لە کچەکەی پرسی:

″بۆچی واهەست دەکەی ئێمە حەز بە کەسێکی وەك تۆ دەکەین بێتە ناومان گەرچی دەزانین کە دوو ڕەگیت؟″

نیکۆلینا بەو پرسیارە زۆر بریندار بوو، بەڵام زانی کە باوکی و پیاوانی ئەو خێڵە زۆر دڵڕەقن و هیچ ڕێزێکیان بۆ ئافرەت نییە. نەیهێشت هیچ هەست و نەستێك بەسەر ڕوخسارییەوە دەربکەوێ، ڕێك سەیری ناو چاوی باوکی کرد، پاشان وەك ئەوەی باوکی تاقی بکاتەوە.. لێی پرسی:

″ئەی چی وای لە تۆ کرد هەست بکەی کە من حەز بکەم لەگەڵ کۆمەڵێك لە پیاوی دڕندە و بەربەری و شەڕانیدا بژیم؟″

سەربازەکانی باوکی کەوتنە مڕەمڕ و وەك هەستی دەکرد کە ئەم قسانە جگە لە دەربڕی ڕق و تووڕەیی هیچی دیکە نین.

باوکی ئەو گەمەیەی فەرامۆش کرد و گوێی پێ نەدا، ئەو گەمەیەی کچەکەی دەیویست لەگەڵیدا دایبمەزرێنێ.. پاشان لێی پرسی:

″دەی کەواتە تۆ بۆچی داوا دەکەی لەگەڵ ئەم دڕندانەدا بژیت کە ئێمەین..؟″

″من تەنیا دەمویست ئەو پیاوە بناسم کە بەباوکی من ناسراوە. زۆر شت هەیە سەبارەت بەخۆم کە نایزانم و تێی ناگەم. وام زانی لە دوای ناسینی تۆ ئەو هەموو ڕاز و نهێنییانەم بۆ ئاشکرا دەبن″.

دڵی نیکۆلینا کوتە کوتە بە پەلە لێی دەدا. ئەم دەیزانی شکاندن و سووکایەتی پێکردنی ئەو کۆمەڵە پیاوە، عاشقە شەڕە، ئەوپەڕی بێ ڕێزییە، دەشیزانی گەر وا بڕوا لەناو ئەو خێڵەدا جێی نابێتەوە.

باوکی سەری لەقاند، بە پانتاییی زەریا مەنگەکەدا ڕوانی، بەئاستەمێکیش وردە شەپۆڵەکان دامێنی کراسەکەیان ماچ دەکرد.

"من بڕوا ناکەم تۆ بەکەڵکی ئەوە بێیت لە ناو ئێمەدا بژیت." ئەمەی وت و سەیری دەست و باڵەکانی نیکۆلینای کرد.. پاشان قسەکەی تەواو کرد:

"من چی بڵێم... تۆ شتێکی زۆر سەیر و سەمەرەی.. بوونەوەرێکی زۆر عەنتیکەی".

سەربازەکان قاقا پێکەنین، تانە و تەشەری ئەوەیان تێ دەگرت کە چەندە ناشرین و گێل دیارە.

"دەتوانی بڵێی من تۆم خۆش دەوێ و حەز دەکەم بتناسم. تۆ دەزانی من منداڵی تۆم؟ لە خوێن و گۆشتی تۆم. تۆ منت خولقاند.. دەزانم من لە توخمی ئادەمییان ناچم و لە ئێوە ناکەم.. بەڵام تۆ منت وەك یەکێ لە منداڵەکانت قەبووڵ کرد. ئەوە گوناهی تۆیە کە من وا دەعەجانی و عەنتیکە خولقاوم!".

بەدەم ئەم قسەیە قیژاندی و سێ ڕێز فرمێسك بەسەر کوڵمە سوور هەڵگەڕاوەکانیدا دەهاتە خوارێ.. پاشان تێ هەڵچووەوە:

"ئەوە تۆ و پیاوەکانت ئاواهی ڕووبەڕووی شتەکان دەبنەوە؟ هەڵە و گوناه دەکەن و پاشانیش لێی ڕادەکەن!"

دەم و چاوی بێ بەزەییی باوکی یەکپارچە بوو بە گرژی و دەمار.

"تۆ هەرگیز لەناو ئێمەدا جێت نابێتەوە.. هەرگیزاو هەرگیز پەسند ناکرێی! تۆ جۆرێك خولقاویت و چەشنە توخمێکیت کە کەس حەزت پێ ناکات."

زۆر دڵڕەقانە و بە تاڵییەکەوە ئەم قسەیەی فڕێ دا و پاشان پشتی کردە کچەکەی، ئاوزەنگی لێ دا و ئەسپەکەی کەوتە غار، بێ ئەوەی یەك ئاوڕ بداتەوە، سەربازەکانی زۆر نزیك لە باوکی نیکۆلینا بەسەر ئەسپەکانیانەوە دەلەنگینەوە. دوای ئەوان نیکۆلینا بەدەم گریان و زریکەوە هاواری دەکرد:

"من هیچ توخمێکم نییە.. نەئادەمیم و نە دەعەجانی."

نیکۆلینا کەوتە سەر هەردوو ئەژنۆ، بەدەم گریانەوە هەنسکی هەڵدەدا. سەری ڕووەو ئاسمانی مەخمەلی هەڵبڕی و قریشکاندی هەموو دونیا لە تاو ئەو قریشکە و هاوارە بڵند و ناقۆڵایە کەوتە لەرزین. لەو ساتە وەختەدا دڵی پارە پارە دەبوو. هەموو خۆزگەی ئەوە بوو خۆشیان بوێ وەك خۆی کە هەیە، نەك وەك چ ڕەنگ و ڕوخسار و ئاکارێکە و چۆن دەنوێنێ. حەزی دەکرد ئاوا ناشیرین سەیری نەکەن و وەها قێزەوەن نەیبینن، حەزی دەکرد دۆستانە بەڕوویدا پێ بکەنن و لە چاوی هەمووواندا خۆی ببینێ و بیناسنەوە.. حەزی نەدەکرد وەها گرژ و مۆن بێزی لێ بکەنەوە.

بەڵام تەواو.. نیکۆلینا تێگەیشت کە هەرگیزاو هەرگیز هیچ خۆزگەیەکی نایەتە دی و هیچ کام لە ژن و پیاوەکانی خێڵی باوکی پێی ڕازی نابن.

نیکۆلینا زانی کە تا ماوە هەر دەبێ ئاواهی: بوونەوەرێکی سەیر و سەمەرە و.. هەر ئاواهی بێ توخم و دەعەجانی بێ. ئێدواردن هەردوو باسکی تێ وەرێنا و لە باوەشێی کرد، دیسانەوە نیکۆلینا خۆی پێ نەگیرا و فرمێسکی باراند، سەری خستە سەر شانی ئێدواردن دەیتوانی لەگەڵ ئەودا ڕابکا و ئێرە بەجێ بێڵێ، بەڵام بۆ هەرکوێ بچێ، خەڵکەکە لە ئاکاری سەیر و هەیکەلی نائاسایی و عەنتیکەی ورد دەبنەوە و بەنەفرەتی دەکەن. ئێدواردن لەو خەڵکە دەیپارێزێ، بەڵام خۆ ناکرێ هەمیشە ئێدواردن لەگەڵیا بێ. ئەم خۆزگەی دەخواست کە باوکی خێڵەکەی وەکو

خۆی پەسندی بکەن و لەناو خۆیاندا جێی بکەنەوە، بەڵام هەرگیزاو هەرگیز ئەوەیان مەیسەر نابێ. ئەوە بۆ خۆی بوونەوەرێکی بەدفەساڵ و دەعەجانی بوو.. هەموو بەدفەساڵ و دەعەجانییەکانیش زۆر ناشیرینن.

بەدڵ و مێشك دەیویست ڕابگەیەنێ کە ئەم چیی دەوێ، بەڵام کەس نەیدەتوانی وەڵامێکی بداتەوە، چونکە کەس وەك ئەو نەبوو تا تێ بگا.. تەنیا کەس هەر نیکۆلینا خۆی بوو لە دەردی خۆی تێ بگا.

ئەم تەنیا بوو.. هەتا هەتایە تەنیا، دەرکراو دوورخراوە لە هەموو دونیا. ئەم لەم جیهانەدا لە دایك بوو، هەر لە ناو ئەم جیهانەشدا دەمرێ، بەڵام مەحاڵە لەم دونیایەدا بتوانێ شاد و بەختەوەر بێ، چونکە تا ماوە لەم دونیایەدا جێی نابێتەوە و هەرگیزاو هەرگیز پەسند ناکرێ.

***

سەرچاوە : sermacdn@sympatico.ca

# شەوی سێیەم

چیرۆکی : ناتسومی سۆسێکی(*)

من خەونم بینی.

منداڵێکی تەمەن شەش ساڵە بە کۆڵمەوە بوو. دڵنیا لەوەی کە ئەو منداڵەی وا لە پشتێم کردووە منداڵی خۆمە بەڵام، ئەوەی کە زۆر سەیروسەمەرە بوو، من دەمزانی چۆن و بۆچی ئەو شتە دەزانم، من ئەوەش دەزانم کە ئەو کوڕێژگەیە کوێرە و سەریشی شینە؛ شین و پاك پاك تاشراوە.

من لێم پرسی ئاخۆ لە کەنگێوە کوێربووە، لە وەڵامدا وتی:

– ئۆهۆ.. لە سەردەمێکی زۆر دێرینەوە.

دەنگ؛ دەنگی منداڵانەو.. تەواو.. کەچی گفتوگۆ ڕەفتاری لە هی کەسێکی گەورە دەچوو، قسەکانی کە لە زاری دەهاتنە دەر، ئەو قسانە بوون کە دوو کەسی هاوشان بە یەکدی دەیکەن.

بە دەستە ڕاست و بە دەستە چەپدا، تا چاو بڕ دەکات، مەرەزە بوو.. سەوز دەچۆوە. تووڵە ڕێگاکەش درێژ دەبۆوە. جار نا جارێکیش شتێك لە شێوەی شینەشاهۆ بە ناو چڕیی ئەو تاریکییەدا دەدرەوشایەوە کە تا دەهات چڕتر دەبۆوە. ئەو بوونەوەرەی سەر کۆڵم لەبەرخۆیەوە وتی:

– ئەها.. ئەوەتا گەیشتینە لای مەرەزەکان.

سەرم بۆ دواوە وەرسووڕاند و بەو نیازەی بیدوێنم.. لێم پرسی:

– چۆن توانیت ئەوە بزانیت؟

– بە چریکەی شینەشاهۆکان.

وەڵامەکەی دروست بوو، هەر بەڕاستی، ئان و سات، شینەشاهۆکان دوو جار بەیەکەوە چریکاندیان.

گەرچی ئەو کوڕیژگەیە منداڵی خۆم بوو، کەچی کەمەکێ دەترسام. هیچ کەسێك ناتوانێت پێشبینیی ئەوە بکات ئاخۆ لەو ڕێگایە چی ڕوودەدات بەو شتەوە کە بار بوو بەسەر پشتمەوە. کە دوور دەمڕوانی لە خۆمم دەپرسی ئاخۆ بڵێیت بلوێ ئەو بارەی سەر پشتم لە شوێنێکدا دابنێم. لە ناو چڕیی تاریکیدا دارستانێکی پانوپۆڕ دەردەکەوت. هەر لە هەمان ئان و ساتدا کە من بیرم لەوە دەکردەوە ئاخۆ لە کوێدا ئەو بارە فڕێ بدەم، گوێم لێ بوو کە بەسەر پشتمەوە منداڵەکەم بە مەزاقێکەوە زیقاندی.

– تۆ بۆچی ئاواهی پێدەکەنیت؟

کەچی هیچ وەڵامێکی نەداوە، وەلێ زۆر سادە و ساکارانە لێمی پرسی:

– باوکە.. ئەرێ من بارێکی قورس نیم؟

– نا.. نەخێر.. قورس نیت.

– چاوەڕێ کە.. هەر ئێستا قورستر دەبم.

من هیچم نەوت.. بەڵکو ڕووەو دارستانەکە بە خاوی و قورس هەنگاوم دەنا. ڕێ ڕۆیشتنێکی زۆر زەحمەت بوو، چونکە ڕێگای نێوان مەرەزەکان زۆر بەنارێکی پێچ و لوولی پێدەکردم. پاش ماوەیەك گەیشتمە سەر دووڕیانێك، هەر لەوێدا کەمەکێ هەناسەم دا و حەسامەوە.

کوڕیژگەکە هەڵی دایە و.. وتی:

– دەبێ لەم دەوروبەرە نیشانەیەك هەبێت کە ڕێمان پیشان بدات.

دەقاو دەق وابوو، بەردێك کە بە نزیکەی هەشت ئینجی چوار گۆشە، لەوێدا، قوت بووەوە و بۆ بەرزییەکەشی دەگەیشتە کەمەربەندم. لە سەر بەردەکە نووسرابوو:

«دەستەچەپ، هیگاکوبۆ. دەستەڕاست، هۆتاوارا».

گەرچی بۆ تاریکی؛ تاریك بوو، وەلێ پیتەکان بە ڕەنگی سوور نووسرابوون، زۆر ئاشکرا دەبیندران، ڕەنگە سوورەکەی کتومت وەك بەرسکی سەمەندەل دەینواند.

ئەو مۆتەکەیەی سەر پشتم فەرمانی پێ کردم:

«دووڕیانەکە دەستی چەپتە».

لەولاتر و بە دەستەچەپدا.. لەوە دەچوو دارستانەکە سێبەری تاریکی بەسەر سەری ئێمەدا پەرت و بڵاو بکاتەوە، هەروەك بڵێیت لەو ئاسمانە بەرزەوە دابکەوێت. ڕاڕا و دوودڵ بووم.

ئەو کوڕیژگە نەفامە هەڵیدایە:

– پێویست بەوە ناکات شەرمێ بکەیت.

ملکەچی فەرمانەکەی بووم، ڕووەو دارستانەکە ملم نا. لەو کاتەی بە کاوەخۆ ڕێگاکەم دەبڕی و تا دەهات لە دارستانەکە نزیك دەبوومەوە، سەرسامی ئەوەی بووم چۆن چۆنی ئەو شتە، کوڕیژگەیەکی ساویلکە و کوێر ئەو هەموو شتە دەزانێت، لە دواوە گوێم لە دەنگی بوو:

– بە ڕاستی کوێربوون ئەوپەڕی نا ڕەحەتییە و کەس حەزی پێ ناکات.

– دە هەر لەبەر ئەوەشە کە من تۆم کردووەتە کۆڵم؛ تاوەکو جاڕس نەبیت و ئاسوودە بیت.

– من ئەوە دەزانم و هەقە سوپاست بکەم کە منت هەڵگرتووە، بەڵام خەڵکی مەبەستیانە سووکایەتی بە من بکەن کە زۆرم پێ ناخۆشە. هەتا دایك و باوکیشم سووکایەتیم پێ دەکەن کە زۆر ناخۆشترە.

هەستم کرد تەواو.. ئیتر بەرگەی هیچی دیکە ناگرم. خێراتر هەنگاوم هەڵێنا و بیرم لەوە دەکردەوە تا بکرێت زووتر بگەمە ناو دارستانەکە و ئەو کۆپارەیەی سەر پشتم فڕێ بدەم.

– هێشتا بڕۆ.. کەمەکی تر، ئەوسا خۆت دەیبینی. دەقاودەق لە ئێوارەیەکی ئاواهیدا بوو کە ئەم قسەیەی کرد وەك ئەوە وابوو لە بەرخۆیەوە بدوێت.

منیش لێم پرسی:

– لە ئێوارەیەکی وادا چی بوو؟

بە جۆرە تۆنێك ئەم پرسیارەم لیّ کرد  کە نهێنیی هەست و نەستی منی ئاشکرا کرد.

– چی بوو؟ جا خۆ تۆ چاك دەزانیت چی بوو؟

وەڵامی ئەو منداڵە پڕ لە مەزاق و سووکایەتی پێکردن.

دوای ئەو قسەیە تێگەیشتم کە ئەو کوڕیژگەیە مەبەستی چییە و کەوتمە سەر غایەلەی ئەوەی کە چی بووە. هەرچەندە تا ئەو حەلە مێشکی لە هەر ختوورە و خەیاڵێك بەتاڵ بوو، بەڵام ئیدی هەستێکی تەمومژاوی داگیری دەکردم، بە واتە.. بەڵیّ.. کتومت لە ئێوارەیەکی ئاواهیدا بوو. هەستم کرد، وەك منداڵەکە درکاندی، کە ئەگەر کەمەکی تر هەنگاوی گرانم هەڵبنێم و مل بنێم.. بیگومان پتر تێدەگەم. گەیشتمە ئەو بڕیارەی کە مەرجە من مێشکی خۆم پاك بەتاڵ بکەمەوە بەوەی کە خۆم ڕزگار بکەم لەو بارەی سەر پشتم بەر لەوەی نهێنیی ئەو چیرۆکە بدۆزمەوە؛ چیرۆکی ئەو شتەی کە لە ئێوارەیەکدا ڕووی دا، چونکە تێگەیشتن لەو شتە بە واتا کارەسات. خێراتر هەنگاوم هەڵێنا، تا دەهات گورج و تیژتر ڕێم دەکرد.

کەمەکیّ پێشتر باران دای کردبوو. ڕێگاکەش تاریك و تاریکتر. وەك کەسێك بە دەم ڕێوە وڕێنە بکات و تێك چووبێت ڕێگاکەم دەبڕی. تاکە شتێك کە لێی دڵنیا بووم ئەوە بوو کە ئەو منداڵە کاڵفام و بچکۆلەیە وا بەسەر پشتمەوە، هەر ئەو منداڵەش بوو کە وەك ئاوێنە دەبریسکایەوە؛ وەك ئاوێنەیەك کە ڕابردوومی تێدا دەربکەوێت، ئێستام و، داهاتووم، سادەترین و چکۆڵەترین حەقیقەت شاراوە نەبوو.  وێڕای ئەوەش.. ئەو کوڕیژگەیە بیّ هیچ گومانێك منداڵی خۆم بوو.

تەواو.. لە وەپتر بەرگەم نەدەگرت.

– ئەوەتا ئێرەیە.. ئەوەتا ئێرەیە، تەواو.. لە ژێر ئەم دارکاژە بوو.

دەنگی کوڕێژگەکە دەنێو بارانەکەدا بە جیاو ئاشکرا دەگەیشتە گوێم و دەزرنگایەوە. من وەستام بەر لە وەی کە بزانم من خەریکی چیم. بێ ئەوەی بەخۆم بزانم گەیشتبوومە ناو قوولاییی دارستانەکە. شتێکی ڕەش کە لەوە دەچوو دار کاژ بێت و تەنیا دوو یاردە لە منەوە دوور بوو؛ دەردەکەوت. تەواو.. وابوو.. دەقاودەق وەك ئەوەی ئەو کوڕێژگەیە درکاندی.

– باوکە.. تەواو.. لای ڕەگی ئەم دار کاژەوە بوو.. وا نەبوو؟

– بەڵێ.. وابوو.

بێ ئەوەی خۆم بمەوێت ئەم وەڵامەم دایەوە.

– وا بزانم پێنجەمین ساڵی «بونکا» بوو؟

ئێستا کە ڕازەکەی درکاند، بۆم دەرکەوت کە وابوو.. دەقاودەق پێنجەمین ساڵی « بونکا» بوو.

– بێ زیاد و کەم سەد ساڵ لەمەوبەر بوو کە منت سەر بڕی.

هەر کە گوێم لەم قسانە بوو، خەیاڵم تەقییەوە و زانیم زەمانێك لە مەوبەر من پیاوێکی کوێرم کوشت، نزیك بە ڕەگی ئەو دارکاژە، لە شەوێکی زۆر تاریکی وادا، پێنجەمین ساڵی « بونکا» بوو، سەد ساڵ لەمەوبەر. هەر لەو ئان و ساتەدا، کە زانیم کەسێکم کوشتووە، منداڵەکەی سەر پشتم ئەوەندە قورس بوو نەبێتەوە.. قورس بە قەد خوداوەندێك کە لە بەرد داتاشرابێت.

***

.........................................

پەراوێز:

(*) ناتسومی سۆسێکی: (١٨٦٧–١٩١٦) پرۆفیسۆری ئەدەبی ئینگلیزی بوو، ڕۆماننووسێکی گەورەی «یابان»ە و هەر لەو پێناوەدا وازی لە کاری ئاکادیمی هێنا لە زانکۆ تاوەکو خۆی بۆ ئەدەب تەرخان بکات، لە ڕۆمانە ناوازەکانی: کۆکۆرۆ، بۆتچان، سانشیرۆ.

# چۆلەکە شینکە

چیرۆکی: روبین داریۆ(*)

پـاریس شارێکـی خـۆش و پـڕ بـەزم و.. تـرسنـاکیشە. لـە نـێو هـەمـوو ئـەو کەسانەی کە هاتوچۆی قاوەخانەی «پلۆمبی» دەکرد؛ کۆمەڵێك دۆستی جوامێر و سەرسەختی تێ دەکەوت – هەر لە هونەرمەندی شێوەکار و پـەیکـەرتـاش و نـووسەر و شاعیر کە هـەر هـەموویـان بـەدوای تـاجێك لـە «غار»دا دەگەڕان کە بکرێتە سەریان! – بەڵام هیچ کام لەوان بارتەقای – گارسین –ی بەستەزمان خەونی بەو تاجە گوڵینەوە نەدەبینی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان خوا بکات بکرێتە سەری، ئەو هەمیشە غەمگین بوو، ئارەق خۆرێکی بـێ وێنـە کـەسەری کـردبـووە سەر خـواردنـەوەی ئـارەقـی «ئـەبسنـتـیـن»، بۆهیمییەکی دەگمەن.. بەڵام دوور لە نەنگی و پۆخڵەوات، هەمیشە پڕ خەون و خـەیـاڵ.. هـەرگـیـز سەرخـۆش نـەدەبوو، چـەنـدەهـا شتی ئـەزبـەر بوو کە سەرزارەکی دەیخوێندنەوە.

لـەو ژووره چـکـۆلـە و کـۆن و داڕووخـاوەی ئـەو دەستـە هـونـەرمـەند و نووسەرە تێیدا کۆ دەبوونەوە، لەسەر پلاستەری دیوارەکانی، دەنێو ئەو هەموو وێنە و نیگار و سکێچ و هێڵکارییەدا کە لە لایەن هەندێك لەو ئـایـندەخوازانـە نـەخش کرابوون، تـەواوی چـامـەیـەك بـە دەستوخـەتێکی ئەستوور و لار لە لایەن ئەو «چۆلەکە شینکە»ی ئێمەوە نووسرابوو.

چۆلەکە شینکە؛ «گارسین»ی نەگبەت و بەستەزمانەکەی خۆمان بوو. مەگەر ئێوە نازانن بۆچی نازناوی چۆلەکە شینکەی هەڵگرتبوو. ئێمە بووین کە بەو ناوەوە بانگمان دەکرد و.. بوو بە نازناوی.

ئەوەیان بەتەنیا هەوا و هەوەسێك نەبوو. ئەو هـاوڕێ دەگمەنەی ئێمە کە دەیخـواردەوە؛ غـەمگـین دەبوو. هـەر کـاتیك لێمـان دەپرسی ئـاخـۆ بـۆچـی نێوچەوانی گرژ دەکات و هەر دوو برۆکانی پەیوەست دەبن ئەو کاتەی

ڕێك و ڕاست لە ئاسمانی بێ هەور و هێڵ دەڕوانێت، بەدەم پرسیارەوە وەك کۆمەڵێك خەڵکی دەبەنگ، یان چەند مێردمنداڵێك دەمانداپە قاقا و پێکەنین، ئەویش خەندەیەك دەنیشتە سەر لێوانی، خەندەیەکی تاڵ، بەدەم قەهرەوە وەڵامی دەداینەوە:

«هەڤالان.. من حەز دەکەم بزانن کە لە ناو کەللەی مندا چۆلەکە شینکەیەك هێلانەی کردووە؛ هەر لەبەر ئەوەیە کە.....»

سەرەڕای ئەوەش، ئەو هەندێك جار حەزی دەکرد بچێتە ناو گوندە پاکەکان، هەموو سەرەتای بەهاران، ئەو شاعیرە پێی دەوتین کە هەوای ناو دارستان بۆ سییەکانی زۆر بە کەڵکن.

کە لەو گەشتانەی دەگەڕایەوە، هەمیشە چەندەها چەپك وەنەوشەی دەهێنایەوە، دەفتەرە چکۆلەکانی بەرباخەڵی پڕ لە شیعر، لەو کاتەشدا نووسیبوونی کە لە ژێر ئاسمانی شین و بەر فراواندا گوێی لە خشە خشی گەڵاکان گرتبوو. گوڵ وەنەوشەکان بۆ «نینی» بوو، ژنە دراوسێیەکی خۆی ژنێکی جحێل و تەندروست و ڕەنگ و ڕوو قەنەفلّی.. چاوشین.

شیعرەکان بۆ ئێمە بوون. ئێمە دەمانخوێندنەوە و ستایشمان دەکردو چەپڵەمان لێ دەدا. هەر هەموومان گارسین –مان هەڵدەدا. بەهرەمەند و بلیمەت.. ڕۆژانێکی ڕۆشن چاوەڕێی بوو. بێگومان داهاتوو دەبوو بە هی خۆی. ئۆو.. ئەو چۆلەکە شینکەیە لەوەدا بوو تا بێت بەرزتر بفڕێ.. خۆی فڕیبوو! براڤۆ! زۆر جوانە! هێی... مەیگێڕ... لەو ئارەقەی ئەبسنتین –ە زۆرترم بۆ تێکە.

لە دێڕە خۆشەویستەکانی گارسین:

«دەنێو هەموو گوڵاندا.. گوڵە زەنگوڵەی جوان
دەنێو هەموو بەردە گرانبەهاکاندا..
یاقووتە شینەکان
دەنێو هەموو شتە بێ پایان و بێ سنوورەکان..

ئاسمان و خۆشەویستی..

ئەوەشیان.. چاوەکانی نینی –ن.

شاعیرەکەمان ڕاهاتبوو کە ئەم ڕستەیە دووبارە بکاتەوە:

« وا هەست دەکەم کە مرۆڤ تووڕە و دەمارگیر بێت زۆر چاکترە لەوەی کە گێل بێت.»

لە هەندێك دۆخ و كاتی تایبەتدا گارسین زۆر غەمگینتر دەبوو لەوەی کە عادەت بوو.

ئەو بەدرێژاییی شەقامەکاندا پیاسەی دەکرد، بێباکانە لە گالیسکەی دەوڵەمەندەکانی دەڕوانی، لە پیاوە پۆشتە و پەرداخەکان، لە ژنە شۆخەکان کە بە لایدا تێدەپەڕین. کە بە بەردەمی جامخانەی زەڕنگەر و گەوهەر فرۆشەکاندا تێدە پەڕی خەندەیەك دەنیشتە سەر لێوانی؛ بەڵام کە لە کتێب فرۆشەکان نزیك دەبووەوە، یەك شەق دەچووە بەردەمی جامخانەکان و دەکەوتە مشەمش، کاتێك ئەو هەموو کتێبە گرانبەهایانەی دەبینی، لە چاپی تازە و جواندا، دانی پێدا دەنا کە لە دڵەوە بەغیلی دەبرد و نێوچەوانی گرژ دەکرد، بۆ ئەوەی لەو دڵتوندی و هەناسە سوارییە قورتاری بێت، ڕووی بۆ ئاسمان هەڵدە بڕی و هەناسەی هەڵدەکێشا. بە هەڵەداوان خۆی دەگەیاندە کافتریاکە و بۆ ئێمە دەگەڕا، دەجووڵا.. هەڵدەچوو، داوای پێکەکەی خۆی دەکرد لە ئارەقی ئەبسنتین، پاشان دەیوت:

«بەڵێ.. لە ناو قەفەزی مێشکمدا چۆلەکە شینکەیەکی دیلکراو شەیدای ئەوەیە کە ئازاد ببێت....»

هەندێك کەس لەو بڕوایەدا بوون کە ئەو شاعیرەمان گێل و پەرێشان حاڵە.

پزیشکێکی دەروونناس کە ئاگادار کرایەوە لەوەی ئەو هاوڕێ شاعیرەمان لە چ حاڵێکدایە، دوای وردبوونەوە و پشکنین ڕای گەیاند کە ئەم کابرایە دووچاری خوویەکی شێتانە بووە. لە دوای لێکۆڵینەوەیەکی نوشدارییانە هیچ بوارێك نەمایەوە بۆ ئەوەی گومان لە قسەی پزیشکەکە بکرێت.

بێ دوودڵی و چەنەبازی... گارسین –ی نەگبەت بە شێت لە قەڵەم درا.

ڕۆژێکیان نامەیەکی لە باوکییەوە پێ گەیشت کە پیاوێکی سادەی گوندیی کوتاڵ فرۆش بوو، پوولی «نۆرماندی»ی بە سەرەوە بوو، کەم و زۆر لە نامەکدا نووسرابوو:

«من دەزانم کە تۆ لە پاریس چەند کێوییانە سەرگەرمی کارو کردەوەی شێتانەی خۆتی. تاوەکو تۆ هەر ئاواهی بڕۆیت، یەك فلس–ت لە من دەست ناکەوێت.

وەرەو بگەڕێوە دووکانەکەم و ئاگات لە حیساب و کتاب بێت، ئەو کاتەی کە دەست نووسەکانت دەسووتێنیت کە بە کەڵکی پوولێك نایەن، تەنیا ئەوسا دەتوانم شتێك پارەت بۆ بنێرم.»

ئەم نامەیە لە کافیتریاکەی پۆلمپی – دا خوێندرایەوە.

«ئەرێ چ دەکەیت.. دەگەڕێیتەوە؟»

«ئەوە ناچیتەوە؟»

«بەم داوایە قایلیت؟»

«ڕەتی دەکەیتەوە؟»

براڤۆ.. گارسین!

نامەکەی دڕاند و شێتانە کەوتە نووسین، هەر سەرزارەکی کۆپلەیەکی خوێندەوە کە ئاواهی کۆتایی هات گەر زەینم کوێر نەبووبێتەوە:

دەی وایە.. من هەمیشە پیاوێکی بێ کەڵکم..
دۆخێکە کە جێی ستایشە و ئاهەنگی بۆ دەگێڕم
مادامەکێ ئەو مێشکەی منە کە
بووەتە قەفەزی چۆلەکە شینکە!

لەو ڕۆژەوە.. ئیدی کارەکتەری گارسین گۆڕا. زۆر بڵێ و چەنەنەبازێکی سەیری لێ دەرچوو بوو، نوقمی کەیف و سەفا، پاڵتۆیەکی درێژ و تازەی کڕیبوو، سەرگەرمی چامەیەکی درێژ بوو ناوی نا «چۆلەکە شینکە».

هەر شەوەو بەشێکی تازەی لێ دەخوێندەوە و ئەو کاتەی کە هەموومان گرد دەبووینەوە. بێ وێنە بوو.. زۆر جوان و بەپێز.

لەو چامەیەدا ئاسمانێکی پاك دەدرەوشایەوە، گوندێك کە تازە هاتبێتە سەر خاك، سروشتێك کە لەوە بچێت لە ژێر فڵچەی سیحراوی «کۆرۆت»دا دەرچووبێت، ڕوخساری کۆمەڵێك منداڵ کە لە نیوان چەندین چەپکە گوڵدا وەدەرکەوتبن، چاوانی «نینی».. چاوانی تەڕو پڕ لە ئاو؛ سەرەڕای ئەوەش.. خودا، خۆی، بەسەر ئەو هەموو دیمەنەدا چۆلەکە شینکەیەکی دەنارد.. دەفڕی.. دەفڕی.. دەفڕی، مەلێك کە بێ ئەوە بزانێت چۆن یان کەی لە ناو مێشکی شاعیرەکەدا هێلانە دروست دەکات و هەر لەوێشدا بەند دەبێت. ئەو کاتەی کە مەلەکە دەخوێنێت، شاعیرەکەمان شیعری ئاڵ و واڵا دەنووسێت.. شیعری پڕ لە کەیفخۆشی. ئەو کاتەی کە مەلەکە دەیەوێت بفڕێت، باڵەکانی لێ بڵاو دەکاتەوە، لە ناوەوە خۆی دەدا بە دیواری کاسە سەری شاعیرەکەمان، ئەویش ڕووەو ئاسمان چاوان هەڵدەبڕێ، هەردوو برۆکانی پەیوەست دەبن، ئارەقەکەی دەخواتەوە، ئەبسنتین، بێ ئەوەی ئاوی زۆری تێ بکات، دوا جاریش.. لە دوای ئەو هەموو شتە.. بە داگیرساندنی جگەرەیەك کۆتایی بە شتەکان دێنێت.

ئەمەیان ناوەرۆکی چامەکە بوو.

شەوێکیان گارسین بەدەم خەنینەوە گەیشتە لامان، ناوناوەش لە خەنین نەدەکەوت، گەرچی زۆر مات و غەمگین بوو.

ئاخر دراوسێ شۆخەکەیان بردبوو بۆ گۆڕستان.

«هەواڵ..! هەواڵ..! دوا کانتۆی چامە شیعرییەکەم تەواو و ئامادەیە. نینی مرد. بەهار هات و نینی ئۆغری کرد. ئەوەش مانای ئەوەیە کە گوند پشکوتنی ژمارەیەکی زۆر لە وەنەوشەکان دوا دەخات. ئێستا دوا کۆپلەی چامە شیعرییەکەم ماوە و تەواو نەبووە. خاوەنی چاپخانەکانیش هەرگیز نایەنە پای ئەوەی شیعرەکەم بخوێننەوە. هەر بەم زووانەش گرووپی

نووسەران و هونەرمەندانیش لێك هەڵدەوەشێتەوە و هەریەکە و بەلایەکدا دەڕوات. ئـەوەش یـاسای زەمـەنـە. کۆتـایـیـی چـامـەکـەش مـەرجـە ئـەم ناوونیشانە هەڵبگرێت:

«چۆلەکە شینکە ڕووەو ئاسمانی شین باڵی لێك دەدات».

وەرزی بەهار بە هەموو هێز و جوانیی خۆیەوە میوانە! درەختەکان سەوز و چرۆیان دەرکردووە، سەر لە بەیانی هەورەکان ئاڵن و دەمەو ئێوارانیش زەردباو، شنە بایەکی نەرم گەڵاکانی دەخستە سەر لەرزە لەرزێك و توولی شریتی دەوری شەپقە پووشییەکانی دەلەراندەوە و دەنگێکی زۆر تایبەتی دەگەیاندە گوێ! گارسین نەگەڕایەوە کۆنە هەواری خۆی.

ئەوەتا لێرە؛ چاکەت و پانتۆڵێکی تازەی لە بەردایەو دەگاتە کافتریا خـۆشەویستـەکـەمـان، کـافـتـریـای پـلـۆمـپـی، زەرد هـەڵـگـەڕاو، خـەنـدەیـەکـی خەمناکیش وا لەسەر لێوانی.

«هـەڤـاڵانـم.. دەی بـاوەشێك! هـەر هـەمـووتـان لـە ئـامێزم بگرن، ئـا بـەم شێوەیـە، تـونـد؛ لـە کـانـگـای دڵـەوە پـێم بـڵـێت مـاڵـئـاوا، پڕ بـەو سۆزەی لـە ڕۆحتان....

ئاخر ئەو چۆلەکە شینکەیە وا دەفڕێت....»

پاشان گارسین –ی بەستەزمان دایە پرمەی گریان، یەکە یەکە هەر هەموومانی گرتە باوەش، توند توند دەستی یەکە یەکەمانی گوشی و... ئیدی لێی دا ڕۆیشت.. بە جێی هێشتین.

هەر هەموومان وتمان:

«تەواو.. کوڕە دەست بڵاوەکە، گارسین، دەگەڕێتەوە کن پیرە باوکی لە «نـۆرمـانـدی»». هـۆ شاعیرەکـان مـاڵـئـاوا... هـۆ خوداوەندەکـان زیبـایـی و دڵـۆڤـانـی مـاڵـئـاوا. دوا جـار شاعیرەکـەمـان بـڕیـاری دا کـە بـچـێتـەوە لای بـاوکی و بـە گـەز و جـاو قوماشان بپێوێ و ببڕێت!

هێی... پێکێك ئارەق بۆ گارسین!».

ڕۆژی دواتر، هەر هەمووماان.. دەستەی شاعیران و نووسەرانی کافتریای پلۆمبی –ە، هەر هەمان ئەو کەسانە بووین کە لە ژوورە چکۆلەو دڕاووخاوەکەی کافتریاکە خودانی ئاژاوە و هەرا بووین، لە ئەپارتمانەکەی گارسین –دا کۆبووینەوە: زەرد هەڵگەڕاو، زەندەق چوو.. غەمگین و مات. شاعیرەکەمان لەسەر پێخەفەکەی خۆی ڕاکشابوو.. چەرچەفەکەی ژێری خوێناوی، کاسەی سەریشی بە زەبری گوللەیەك تەقی بوو. هەندێك لە ڕیشاڵ و شانەی مێشکیشی ڕژابووە سەر سەرینەکەی... کە تۆقێنەر بوو!

سەرەتا هێدمە گرتی بووین.. کە بەسەر یەکەمین خورپەی ترسناکی خۆماندا زاڵ بووین، بەسەر لاشەی هاوڕێکەماندا نووشتاینەوە کەوتینە گریان و لاوانەوە، ئەو شیعرەی کە بووە سەر وێردی زمانی و هەمیشە باسی دەکرد؛ هەر لە ژوورەکەی خۆیدا دۆزیمانەوە. لە دوا لاپەڕەدا ئەم وشانەی نووسیبوو:

«ئەمڕۆکە کە بەهار لەوپەڕی جوانی و تەڕیی خۆیدایە، من دەرگای قەفەزەکە دەکەمەوە تا ئەو چۆلەکە شینکە هەڵبفڕێت».

ئاه.. گارسین.. چەندەها کەس هەن کە بەهەمان ئەو دەردە دەتلێنەوە.. هەمان دەرد کە لە مێشکی تۆدا بوو.. لە مێشکی ئەوانیشدایە!

***

.................................................

پەراوێز

(*) ڕوبین داریو: یەکێکە لە نووسەرە هەر دیارەکانی ئەمریکای لاتین کە سەر بە کۆتاییی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمە. شاعیر و نووسەرێکی نیکاراگوا –یی کە ناوی ڕاستەقینەی خۆی «فێلکس ڕوبین گارسیا سامینتۆ» بوو، یەکێکە لە پێشەنگەکانی تازەگەری لە ئەدەبدا و خاوەن پلە و پایەکی بڵند لە ئەدەبی تازەدا. لە ساڵی «١٨٦٧»دا لە دایك بووە، لە شاری «مێتاپا» کە ئەمڕۆکە ناوی ئەم نووسەرەی هەڵگرتووە.

سەرچاوە:

Stories and Poems
Ruben Dario
Edited and translated by Stanley Applebaum
Dover Publications, INC.
Mineola, New York
(P. 45 - 51)

***

# ئارامپاس

چیرۆکی شاعیری یۆنانی: یانیس یوفانتس

گالیسکەی ئارامپاس گایەك ڕایدەکێشی و بە قۆچی گا و کەللەی سەری گا نەخشێنراوە. بەو یەکەمین پیتەوە (A) هەر دەڵێی پیاوێکە و پشتێنی لە پشت کردووە، کە دەگاتە سەر ڕێ (R) تك تك ئارەقەی لێ دەچۆڕێ، لە ساتەوەختێکدا ئۆ (O) دەکەوێتە گەرمە غار و دەبێ بەڕێ، بەدوایدا پیتی (M). مڕە مڕی ئاژەڵە کێوییەکانی ناو گالیسکە و.. بۆڕەی گا. دەنگدانەوەی دەبێ بەتەخووبی جیاکەرەوەی مڕە مڕی ئاژەڵەکان لە ناڵە ناڵی مرۆڤەکان. ئەوە بۆیە یەکەمین وشەی کەسەکان بە(م) ماچ دەست پێ دەکا: ماستۆس واتا مەمك، مۆم: خۆراك، ماتەر: دایك و.. ماتریالی دی. پاشان پیتی (n = پ) پۆرتا = دەرگا، پیلی: دەروازەی گەورە، پۆلس: شار کە چوار دەوری بەشووره گیرابێ، پیرگۆس: تاوەر، پەراثیرۆ: پەنجەرە. n: = چوارچێوەیەکیش بۆ داهاتوو. دوا قفڵی وشەش (ئێس – s). (ئۆ – o) وەك مار خۆی لێك ڕاکێشاو ئێستاکە دەفیشکێنێ، فیشکەیەکی وا کە هەر دەڵێی دەنگدانەوەی بێدەنگییە. یۆنانییەکان لەوەدا چەندە زیرەك بوون کە ئەم پیتەیان خستووەتە کۆتایی وشەیەکی یەکجار زۆر.

«ئارامپاس»: ئەم گالیسکەیە میرێکی مردووی لە ئاسیاوە هەڵگرتووە، ئارامپاس پڕە لە شووتی، ئارامپاس جمەی دێ لە ژنە قەرەجەکان، ئارامپاس لێوان لێوە لە تەپاڵە و تەپکەی ڕیخ و قەرسەقوڵ و قشپڵ، ئارامپاس پڕە لە داری بڕاو، باری ئارامپاس چەندەها ئینجانە و چەندەها تەباری گوڵە، ئارامپاس پڕە لە تفەنگ، ئارامپاس پڕە لە بەرمیلی ئاو، ئارامپاس پڕە لە مانگ، بارکراوە لە ئاوێنە، وای لەو هەموو مۆمە داگیرساوانەی ناو ئارامپاس، ئارامپاس جمەی دێ لە لاشەی بێ شوماری

کوردە کوژراوەکان، ئارامپاس بەتاڵە چونکە لاشەی (لۆرکا) هەرگیز نەدۆزرایەوە، ئارامپاس جمەی دێ لە منداڵ، ئەو ئارامپاس –ەی گایەك ڕای دەکێشێ کە لەوە دەچێ کەسێك هەردوو شاخەکەی بەچەندین ژێی «سیتار» بەیەکەوە گرێ دابێ. ئارامپاس وا گەیشتە سەر ڕۆخانەی دەریاچەیەك، «گا»ی ماندوو نزیکتر دەکەوێتەوە و خۆی لە ئاوێنەی دەریاچەکەدا دەبینێ و سەر نەوی دەکا، خۆی ماچ دەکا، ئاو دەخواتەوە.

سەرەڕای ئەو هەموو بارەش، ئاسمانی ئارامپاس پڕ لە تەور و، لە خۆر و... مانگ، هەندێ جار لە ئاسمانی ئارامپاس هەور و هێڵەو هەندێ جاریش ئەستێرە بارانە. ئەرێ بەڕاست.. ڕووەو کوێ مل دەنێ ئەو ئارامپاس –ە کە لە ناو خۆیدا هەر هەموومانی بارکردووە؟

.........................................................

پەراوێز

* ئارامپاس: ئەو جۆرە گالیسکەیە کە بەزۆری «گا» ڕایدەکێشێ.

پیتەکان و هەندێ لە وشەکان هەروەکو خۆیان بە«یۆنانی» نووسراون چونکە لە دەقە ئینگلیزییەکەش هەر وا هاتوون.

* یانیس یوفانتس: شاعیرێکی یۆنانییە و لە «ثیسالۆنکی» دەژی، لە ساڵی «١٩٤٩» و لە گوندی «رانیا» و لە ناوچەی «ئیۆلیان» لە دایك بووە. لە ناوەڕاستی حەفتاوە ناو و دەنگی پەیدا کرد، لە یۆنان بە نەوەی حەفتاکان ناسراوە. خولیای میثولۆژیا و فەلسەفەی کۆنی یۆنانییە.. وێڕای داستانەکانی هۆمیرۆس، ئەدەبی کۆنی یۆنانی (نموونەی: هیراکلیاتۆس و سافۆ)ی گۆڕیوەتە سەر زمانی یۆنانی هاوچەرخ. بەرهەمەکانی «تی. ئێس. ئیلیەت» و «خوان دی لا کروتس» و «ولیەم بلەیك» و «سان جۆن پێرس» و شاعیری چیکی «هۆلۆب»ی کردووە بەیۆنانی. شیعرەکانی یۆفانتس کراون بەئینگلیزی، ئیتاڵی، ئیسپانی، فەڕەنسی، ڕووسی و ڕۆمانی.

* ئەم دەقەی «ئارامپاس» لە شارۆچکەی لاهتی– فنلەندا و لە ڕۆژی (١٩٩٧/٦/١٨)دا خوێندەوە. ئەو دیدارە ئەدەبییە جیهانییەی هەفتەیەکی خایاند کە لە لایەن – یەکێتیی نووسەرانی جیهانی/ نۆژەن – بەڕێوەبرا.

# ناوەڕۆك

بەرکوڵ ........ ٥
فرمێسکەکانی پەپوو ........ ٧
دوا گەڵا ........ ١٩
دایکێك ........ ٣٣
ئیڤلین ........ ٥٣
شوێنێکی پاك و ڕووناك ........ ٦١
کۆچی ژنێك ........ ٧٠
سێیەم کوڕ ........ ٧٨
تالپا ........ ٩١
یادگارەکانی قەلەڕەشێك ........ ١٠٨
ئاسکەکە ........ ١٣٦
پەسندکردن ........ ١٥٣
شەوی سێیەم ........ ١٦١
چۆلەکە شینکە ........ ١٦٦
ئارامپاس ........ ١٧٤